# بەردی سێبووری

## ڕۆمان

## سارای پایز

٢٠١٩

ناوی کتێب: بەردی سێبووری

بابەت: ڕۆمان

نوسەر: سارای پایز

دیزاین و بەرك:نوسەر

تیراژ:١٠٠

چاپ: تەژنە

لەبەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (١٧٧٩)ی ساڵی (٢٠١٩)ی پێدراوە

# بەشی یەکەم

## سەفەر

(٧-١٠-٢٠١٧)

دەنگی تەقەتەقی پێڵاوە بەرزەکانم گۆمی بێدەنگی ماڵەکەی دەشڵەقێنێت.کلیلەکانم لە گیرفانم دەردەهێنم ئەو دانەیەیان کە بە بۆیەی سور نیشانە کراوە دەیکەم بە کێلوونی دەرگاکەدا،لەدوای چەند جارێك بادان کرچەیەکی لێوەدێت، بەکردنەوەی دەرگاکە جیڕەیەکی وەڕسکەر دێت. ئەبوایە هەندێك ڕۆن بکرێتە دەرگاکەوە هەتا ئەو داخورانە کەم بێتەوەو ژەنگەکە بەیەکجاری لەکاری نەخات. پەردە خۆڵاوییە ئەستوورە ڕەنگ سەوزەکە لادەدەم. کە هەتاو کاڵ کاڵی کردۆتەوە. بەڵام ئەو بەشانەی کە هەتاو کەمتر دەیگرتەوە. ڕەنگەکەیان کەمتر کاڵ بۆتەوە. ئەو خۆڵەی پێوەیبوو دەتەکێت ،هەناسەم توند توند دەکات. بۆیە خێرا پەنجەرە باریکەکە دەکەمەوە. بۆ ئاڵو گۆڕکردنی هەوا. ئاسمان ڕەنگێکی زەردی تێکەڵ بە پرتەقاڵی هەیەو پەڵە هەورەکان سورباو خۆیان دەنوێنن. لەبیرم دێت منداڵانی گەڕەك کاتێك بەو جۆرە ئاسمانیان دەبینی . دەیان وت"ئەوە خوێنی شەهیدەکانە بە ئاسمانەوە" نازانم ئەوە چ ئەفسانەیەکی لەپشتەوەبوو؟

خۆر هەنگاوی بۆ ئاوابوون دەنێت. تا شەکەت شەکەت لەپشتی چیاکەوە ئاوادەبێت، لێی دەڕوانم بێویستی خۆم چاوم لەسەر ئەو ئاوابوونە بۆ هەڵناگیرێت. دەنگی هیچ شتێك نادەبیسترێت. بەدەنگی پێڵاوەکانم بێدەنگییەکە دەشکێنم. گڵۆپە شیرییەکە دادەگیرسێنم، شەوقێکی کەمی هەیە، ئەویش ڕەش دەکاتەوە.

وێنەکەی گوڵخانم بەقەدی دیوارەکەوە هەڵواسراوە ،هەست دەکەم گوڵخانم ڕاستەخۆ لەو وێنەیەداچاوی بڕیوەتەچاوم. گەرەکێتی شتێکم پێبڵێت. بەلاّم نازانم دەیەوێت چ نهێنییەکی ترم بۆ بدرکێنێت ئەویٚ ژووری زێنەکێشانەکەی گوڵخانمە!!!

ئێستا ڕێك ٧ی ئۆکتۆبەری دووهەزارو حەڤدەیە. لەو تارمەیەدام کە دەساڵ بەر لە ئێستا لە ئێوارەیەکی ڕەنگ پەڕیودا گوڵخانم بەدیار شمشاڵەکەی حەمەدیان و وێنەتەواو نەکراوەکەیەوە گیانی سپارد.ئەو ژنێکی باریکەلەی بالاّبەرزی ئەسمەر بوو،چاوەکانی بەقوڵدا چووبوون، چرچە زۆرەکانی ڕوخساری نیشانەی کەڵەکەبوونی خەم و ئازارەکانی بوو، لەدوای تێپەڕینی ساڵێك لە مردنی گوڵخانم ئێرەم بەجێهێشت.

ئەمەوێت ئێوەش وەك من گوڵخانم بناسن،بەلاّم دڵنیا نیم ئێوەوەك من دەتوانن خۆشتان بووێت، یان لە جێگەی من تووڕەبن لێی ئەشیٚ. لەسەر ئەم خۆشەویستییەم بۆ گوڵخانم لۆمەم بکەن.

گوڵخانم ژنێك، هەمیشە بێدەنگ،میهرەبان بەلاّم سۆز و خۆشەویستی هەرگیز دەرنەدەبڕی، تا دەهات لاوازتر دەبوو، ئازارێکی لەڕادەبەدەر لەسەریدا دروست بوو بوو. کە گێژی دەکرد و هەندێك جار دەبووڕایەوە. سەرەتا نەیدەویست خۆی ڕادەستی ئەو قەدەرەبکات کەبەدەستی پزیشکەکان بوو.نەیدەویست لەزاری ئەوانەوە هەواڵی نزیك بوونەوەی مەرگی خۆی ببیستێت. ڕۆژێك بە بیٚ پرسی خۆی نۆرەی یەکێك لە باشترین پزیشکەکانم بۆ بڕی ، لەدوای پشکنینێکی زۆر دەرکەوت کە توشی نەخۆشی شێرپەنجە بووە" دەبێت لەزووترین کاتدا نەشتەرگەری بۆ بکەین" ئەمە پزیشکەکە گووتی کاتێك سەیری دواین ئەنجمەکانی کرد، بەلاّم گوڵخانم دەیگووت"هەرگیز ئەوکارەناکەم . ئەوان

درۆدەکەن" چەندین پزیشکی تر و تاقی کردنەوەو شیکاری خوێنیان بۆکرد هەمان دەرئەنجامی هەبوو.هەمووان یەك وەلاّمیان هەبوو...

ڕۆژێك خەریکی خواردنی نان و چای بەیانی بووم گوڵخانم نیگایەکی منی کردوو گووتی "دواجار بڕیارمدا ...نەشتەرگەرییەکە دەکەم" لەخۆشیدا لەئامێزم گرت و بەدەنگێکی پڕ لەگریان و قورگێکی گیراوەوە گووتم" سوپاس گوڵخانم گیان ئەزانم ئەوە لەبەرمن ئەکەی".

ئەوە بەیانییەك بوو...بووبەسەرەتای ئەم چیرۆکە....نا سەرەتاشنا چوونکە ئەو لەکۆتاییەکانی تەمەنیدابوو منیش بەشێکی تەمەنم بەڕێکردبوو.بەلاّم هەرچییەك بێت خاڵی دەستپێك لەوبەیانییەوە بوو.

ئەو بەرەو ژووری وێنەکێشانەکەی ڕۆیشت و منیش بە کۆکردنەوەی پیاڵەکانەوە سەرقاڵ بووم...

وەك ئەوەی بروسکەیەك لەسەرم بدات.لەجێگەکەی خۆم لەسەر کورسییەکە دانیشتم. تاوێك دەستم بەسەرمەوە گرت،نەمدەزانی هۆکارچییە؟

لەئاوێنەکەی بەرامبەرمەوە کەبەلای دەرگاکەوە هەڵواسرابوو.لەخۆم ڕامام،چاوەکانم چەندجارێك لێکناو دووبارە کردمنەوە.لەبەردەمی ئاوێنەکەدا وەستام ،وەك ئەوەی کەسی ناو ئاوێنەکەمن نەبم،بەڵکو کەسێکی تربێت و من بدوێنێ، لێوەکانی جولاّند گوتی"یاسەمین ...ئەگەر گوڵخانم شتێکی بەسەربێت تۆ پەنا بۆ کێ دەبەیت؟ تا ئێستا ئەو پرسیارەت لەخۆت کردووە؟ تۆکێیت؟ دایك وباوکت کێن؟ ماون . مردوون!!!

"تەمەنت بۆتە بیست ساڵ و هێشتا ناتەوێت بپرسی؟؟؟

گوڵخانم پێویستە وەلاّمی ئەوجۆرە پرسیارانە بداتەوە.." پشتم کردە ئاوێنەکەو گووتم" نا..نا ..نامەوێت هیچ بزانم ...تەنها ژیانی گوڵخانم بۆمن بەسە"

بەلاّم ئەو وەلاّمە کچی ناو ئاوێنەکە قایلی نەکرد...

وەك ئەوەی بەچرپە بدوێ گووتی" بیست ساڵ...برۆ بزانە ئێستا چیدەکات؟؟؟بزانە بۆ جارێکیش بێت ئەتوانی لە نهێنی ژووره داخراوەکەی بگەی؟؟؟ برۆ بزانم تا ئێستا توانیووتە لەمەتەڵی ئەو وێنانە بگەی کە دروستیان دەکات و لەدوای گریانێکی زۆر دەیان دڕێنێت !!!چی دەربارەی وێنە تەواو نەکراوەکان دەزانیت ؟؟؟ ئەو سندوقێکی پڕلە نهێنییە.."

"تۆش .."

من ...من چی؟ بۆ بێدەنگ بووی...ئەزانم گوڵخانم کەسێکی بێدەنگ و کەم دووە، تا ئێستا بە وشەیەك دڵی نەداومەتەوە بیست ساڵە بیست وشەی پێنەوتووم ، وەك خەوێك بیرم دێت بەیانییەك منیاندایە دەست گوڵخانم ،بەلاّم ئیتر شێوەو ڕوخساری ئەو کەسانەم نایەتەوە یاد،نازانم کێ بوون ،لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پڕە لە میهرەبانی" .

مێشکم قورس بوو،لەگەڵ خۆمدا هێشتا لەجەنگدابووم.

گوڵخانم زۆربەی کاتەکانی لەو ژوورەدا بەسەردەبرد، کەتەرخانی کردبوو بۆ وێنە کێشان، ئەوێ ژوورێکی یەکجار گەورەبوو،لەتەنیشتی ژووری نوستنەکەی منەوەبوو. لە نهۆمی دووەم،پەنجەرەیەکی گەورەو دەرگایەکی تیابوو لەسەر بارکۆنێك، هەمووڕۆژێك وێنەیەکی دروست ئەکرد، بەلاّم هیچکات تەواوی نەدەکرد، زۆرێکی لەو وێنە تەواونەکراوەکان بەژوورەکەدا هەڵواسی بوو. هەندێکیان چاویان نەبوو،یان لوتیان نەبوو،یان لوتیان نەبوو،یاخود دەمیان نەبوو،بەلاّم بەگشتی هەموویان لەوێنەی کەسێك دەچوون. شتێك تا ئەم دواییانەش سەرم لێدەرنەدەکرد ، ئەوەبووهەندێك وێنەی تەواو دەکرد و لەدوای ئەوەی تێر لێیڕادەما پاش گریانێکی زۆر دەیدڕاند.

کاتێك کە چوومە ژوورەکەی ، ئەو خەریکی وێنەکێشان بوو،بەدەستە چرچ بووەکانی پەڕەیەکی سپی بە گیرەی ستاندەکەیەوە توند کردبوو، پێنوسەکەشی بەدەستی ڕاستییەوەگرتبوو. وەك ئەوەی یەکەمین جاربێت بچمە ئەو ژوورە، سەرسام بە هەموو وێنەکان ڕاوەستابووم، ئەویش بە هێمنییەوە بەنوکی قەڵەمەکەی گەمەی بەلاپەڕەکە دەکرد.

بۆ ماوەیەك دەستی لە وێنەکێشان هەڵگرتوو بەنەرمییەوە گووتی:.چی تە؟ بۆ والەم ژورە دەڕوانیت ؟ دەڵێیت یەکەم جارە دێیتە ئێرە ؟

پاش بێدەنگییەك گوتم: نازانم ئەمڕۆ هەموو شتەکان لەبەرچاوم جیاوازن ، بۆن و بەرامەی ئێرە ئەڵێی گەرەکێتی شتێکم پێبڵێت ،بەڵام نازانم چییە؟

ویستم ئەویۆ بەجێبهێڵم .و دەست لەو پرسیارانە هەڵگرم کە خەریك بوو ناخمیان دەخوارد چەند هەنگاوێکم نا.

گوڵ خانم گوتی: تازەخەریك بوو قسەمان دەکرد .وەرە دابنیشە .

گوتم : من هەرچەندە لێرەبم ناتوانم وەلاْمێك بۆ پرسیارەکانم بدۆزمەوە و،دڵم ئارام بگرێت .

گوتی: وەکو چی؟

گوتم:" زۆرشت ،لەم بێدەنگییەی تۆ...لەبوونی من لەمماڵەدا بوونی ئەم وێنانە ،هەموویان لەیەك دەچن ..لەهەردانەیەکیاندا جارێك خەمێکی قوڵ دات دەگرێت و لەوەی تریاندا خەیاڵێکی دور دەتباتەوەو لەدانەیەکی تردا بزەیەك یەخە بە لێوە ماندوەکانت دەگریۆ، بەلاْم هەموشیان دەتبەنەوە بۆ خەیاڵی تاکە کەسێك لە هەر وێنەیەکدا بە جۆرێك خۆی نیشاندەدات" .

گوڵخانم ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاو بە هێمنییەوە گووتی"هەر لەسەرەتاوە من ئەوپرسیارانەم لەچاوەکانی تۆدا خوێندبۆوە ، "منیش هەردەمویست لەو بارەیەوە

قسەت لەگەڵ بکەم.کاتی ئەوە هاتووە. دەمەوێت بەرلەمردنم تۆش ڕاستییەکان بزانیت"

تادەهات دەنگی کز و لاوازتر دەهاتە بەرگوێم ، خەریك بوو هەناسەی توند دەبوو ، ڕامکر پەرداخێك ئاوی بۆ بهێنم ،هێشتا لەسەر قادرمەکان بووم . دەنگی کەوتنی کورسی و ستاندەکەیم بیست. دووبارە گەڕامەوەلای گوڵخانم کەوتبوو بەلادا. تاڵە سپییەکانی سەری لەژێر لەچکەکەوە هاتبوونە دەرەوە. چاوەکانی لێکنابوو. چەند جار جولاندمەوەو بانگم کرد" گوڵخانم... گوڵخانم... تکایە جێم مەهێڵە نامەوێت هیچ بزانم تۆم هەی ئیتر کەسی ترم ناوێت"بەدەم گریانەوە سەد جارم گووت"سوێندت ئەدەم تەنهام مەکە"دەستم دایە مۆبایلەکەو ژمارەکەی مەردۆخم لێدا،دەنگی بەڵێی مەردۆخی شەیدام بیست لە بیستۆکەکەوە بەگریانەوە گووتم" هەر ئێستا وەرە گوڵخانم حاڵی باش نییە. لەهۆش خۆی چووە".

من و مەردۆخ کە کوڕێکی باڵادەستەی ئەسمەری چاوسەوز بوو، جەستەیەکی پتەوی هەبوو، قژێکی خورمایی لولی درێژی هەبوو جار جار بەشلی ئەیبەست تاڵە پەرش بووەکانی تێکەڵی ڕیشە کەمێك درێژەکەی دەبوو، جار جاریش لەکاتی دروست کردنی گۆزەکاندا لە کارگەکە هەموو قژوو دەمووچاوی قوڕاوی دەبوو،ئەوەندەی تر جوانی بەڕوخساری دەبەخشی،ئەو هەر بەو سەو ڕیشە قوڕاویەوە هاتبوو چونکە کاتێك پەیوەندیم پێوەکرد ئەو خەریکی درەوست کرندی گۆزە بوو بوو،هەردووکمان لەودیو شوشەی پەنجەرەکەوە چاومان لەسەر گوڵخانم بۆ هەڵنەدەگیرا دەیان ئامێری فشاری خوێن و لێدانی دڵ و ئامێری هەناسەدانی پێوەبوو .

"کاتمان زۆر بەدەستەوە نییە ،پێویستە لەکەمترین ماوەدا ئامادەی بکەین بۆ نەشتەرگەری "پزیشکەکە بەدەنگێکی پڕلەسۆزەوە بەمجۆرە دوا،ئەمەی لەساتێکدا گووت کەمن سەرم لەسەرشانی مەردۆخ بوو، بە بێهیواییەوە.فرمێسکەکان لەچاوم دەهاتنە خوارەوە ، جگە لە دووبارە چاك بوونەوەی گوڵخانم بیرم لە هیچ شتێکی دی بۆنەدەکرایەوە.مەردۆخ هەمان ڕستەی پزیشکەکەی دووبارە کردەوەو بە ئارامییەوە بەردەوامی پێدا"یاسەمینی من ،لە ئێستادا تاکە بڕیار لای تۆیە. ئازیزم پێویستە واژۆی بکەی"

بە کزییەکەوە گووتم" ئەگەر نەشتەرگەرییەکەی بۆ بکەن چاك ئەبێتەوە؟"پزیشکەکە دۆسییەکەی بەدەستییەوە گرتبوو ، چاویلکە گەورەکەی لادا و گووتی "ئێمە هەرچیمان لەدەست بێت کەمتەرخەمی ناکەین ، مردن و ژیانیش لەدەستی خودادایە"

" دەی ئازیزەکەم گەر ژیانی گوڵخانمت لاگرنگە بڕیار بدە، ڕێگە بدە نەشتەرگەرییەکەی بۆ بکەن ".

لەبەردەمی ژووری چاودێری ورددا وەستابووم، لەپەنجەرە بچووکەکەوە بینیم پەرستارەکە لەڕێگەی دەرزییەکەوە دەرمانەکەی کردەناو بتڵە ئاوەکەوە، کەبۆ گوڵخانم هەڵواسرابوو،کارەکەی خۆی تەواو کردوو دۆسێکەی لەسەر کۆمیدییەکە دانایەوە، پاڵی بە عەرەبانەی دەرمانەکانەوەناو هاتە دەرەوە، بێئەوەی ئیزنی چوونە ژوورەوە وەربگرم دەرگاکەم کردەوەو چوومە ژوورەوە.گوڵ خانم لەو بەرگە سەوزانەدا لاوازتر دەردەکەوت، پەنجەکانی سست و بێهێزتربوون، سەری بە سارغییەکی سپی پێچرابوو، ئەوە هەفتەیەك بوو تەنها بە لێدانەخاوەکەی دڵێدا کە لەڕێگەی ئامێرەکانەوە چاودێری دەکرا، هەستم بە بوونی دەکرد، ڕۆژ بەڕۆژوو سات بەسات زیاتر تەمی بێهیوایی ئاسمانی دڵمی داگیر دەکرد، بارانی چاوەکانم

خۆشیان نەدەکردەوە، لەنێوان ژیان و مردندا بوو، مۆبایلەکەی گوڵخانم چەند جارێك زەنگی لێدا، لەدوا جاردا هەوڵمدا بزانم کێیە،نوسرابوو گوڵیار...
بەدەنگێکی پڕلەگریانەوە گووتم"بەڵێ"
"سلاو ..بۆ گوڵخانم خۆی وەلاّم ناداتەوە؟"
بێئەوەی هیچ شتێك بڵێم دام لە پڕمەی گریان و مۆبایلەکەم بێمەبەست لەلای سەری گوڵخانمەوەدانا"
"ئەلوو....ئەلو...یاسەمین شتێك بووە؟ بۆ وەلاّم نادەیتەوە؟"
چاوەکانم سڕی و چاوم کەوتە سەر پەنجەی گوڵخانم لەرەیەکی کرد. ڕامکردە دەرەوەو هاوارم بۆ پەرستارو پزیشکەکان کرد"گوڵخانم لەدوای هەفتەیەك کاردانەوەی هەیە.."
نازانم گوڵیار چی بەگوێچکەیدا چرپاندبوو؟
پزیشکەکان هاتن، ئەو چاوەکانی کردبۆوە.وەك ئەوەی لەخەوێکی قووڵ بێدار بووبێتەوە. چاوی لەو تیشکەکەمانە بڕی بوو کە لە پەنجەرەکەوە دەهاتنە ژوورەوە.وەك ئەوەی تیشکەکان بۆ ماڵئاوایی ئاوابوون بۆ لای گوڵخانم هاتبێتن.لەو خۆرنشینەدا.
زمانم لاڵ بوو ،دووبارە زەنگی تەلەفۆنەکە لێیدا، پێچەوانەی جاری پێشوو ئەم جارە دڵم پڕبوو. لەخۆشی بەئاگاهاتنەوەی گوڵخانم. نەمدەتوانی وەلاّمی بدەمەوە بۆیە مۆبایلەکەم دایە دەست مەردۆخ ئەو ساتە گەیشتبوو، مەردۆخ هەواڵی نەخۆشییەکەی بە گوڵیار گەیاندبوو، لەخۆشی گوڵخانم. نەپرسیم چی ووت. نەپرسیم چیت پێووت.
چەپکێك گوڵی سروشتیم لە کوڕەنابیناکە کڕی بوو،کە بەیانیان تەنها بە بۆنکردندا ڕەنگ و جۆری گوڵەکانی لەیەکتری جودا دەکردەوە.هەندێك جار کورە

هارو چەتوونەکانی گەڕەك گوڵەکانیان بۆ تێك دەدا،بەڵام ئەو زۆر بەئارامییەوە تەنها بە بۆندا ڕەنگی گوڵەکانی دەناسییەوەو جیای دەکردنەوە. بۆنی گوڵەکان ژوورەکەی پڕکردبوو، گوڵخانم ڕەنگ و ڕووی باشتر دەردەکەوت لەچاو چەندڕۆژی ڕابردوودا،دەستەکانیم ماچ کردوو ئەویش گووتی"ئای ... یاسەمین گیان قسەمان زۆرە پێکەوەبیکەین"

ناوچەوانیم ماچ کردوو گووتم" "تەنها بژیت بۆمن بەسە"

مەردۆخ دەرگاکەی کردەوەو بەچەپکێك گوڵەوە هاتە ژوورەوەو گووتی" من مەردۆخم هاوپۆلییەکەی یاسەمین"

گوڵخانم بە بزەیەکەوە گووتی" تەنها هاوپۆلی .!!!"

مەردۆخ سەری دانەواند و بزەیەکی کرد و هیچی تری نەوت.

پزیشکەکە هاتە ژوورەوەو بۆ دواین جار پشکنینی بۆ گوڵخانم کرد وگووتی" ئەتوانیت ئێرە جێبهێڵیت و لەماڵەوە پشوو بدەی".کارتێکی لەگیرفانی دەرهێنا کە ژمارەتەلەفۆنی تایبەتی خۆی لەسەر بوو، بەدەنگێکی فەرماندارانەوە بەردەوامی دابەڕاوێژەکەی "هەرکات ویستت ئەتوانی پەیوەندیم پێوەبکەی،باش پشوو بدەو دەرمانەکانیشت لەکاتی خۆیدا بخۆ".

# گوڵ خانم و
# بیرەوەرییەکانی
# بەیخانی دایکی

٣-٦-٢٠١٧(سوید)

هەموو لە شیرینەی خەودان، دەفتەرە ڕەنگ خۆڵەمێشییەکەی گوڵخانم دەرهێناوە ، دەمەوێت بیخوێنمەوە بۆ جاری سی هەم ، هەرجارێك کەدەیخوێنمەوە نهێنییەکی نوێم لا ئاشکرا دەبێت، جار لەدوای جار تەنانەت دەتوانم مەزەندەی ئەو دێڕانەش بکەم کە گوڵخانم گەرەکی بووە بیان نوسێت و نەینوسیون، بە هەر هەنگاوێکی ئەم وڵاتەدا گوزەر ئەکەم هەست بە بوونی ڕۆحی گوڵخانم دەکەم.هەندێکجار دەچمە بەر ئاوێنەکەم و قسەلەگەڵ خۆمدەکەم.پێموایە قسەلەگەڵ خودی گوڵخانم دەکەم .

کچی ناو ئاوێنەکە پێمدەڵێت"یاداشتەکانی خۆت و گوڵخانم پێکەوە گرێبدە"

"ئاخر چۆن دەکرێ؟"

" بۆناکرێ"؟

" تۆ ئێستا هەمان ئەوتەمەنەی گوڵخانمت هەیە کە..."

"بەڵام من هەرگیز نابم بەدایك"

"هیچ کات درەنگ نییە بۆ دەست پێکردنی ژیان،بەردەوام زەمەن لە خۆ نوێ کردنەوەدایە، چاوەکان هەرگیز خاڵی نابنەوە لە عەشق"

"نەفرەت لە ژیان ئەکەم... لەم وڵاتەدا مرۆڤەکان جگە لە ڕۆبۆتێك زیاتر شتێکی ترنین"

"کارکردن بەڵگەی بوونتە لە ژیان،تەمەڵی مردنی جەستەو ڕۆحە،گرنگ ئەوەیە تۆ ڕۆحت بە زیندوویی بهێڵیتەوە"

"من ڕۆحم لەگەڵ مەردۆخدا مرد،دڵم لەولاتێك بەجێهێت کە لەبێدەنگییەکانیشی تێدەگەیشتم، گەمژەبووم گەرساتێکی ئارامیم بە گریانەوە تێپەڕاندبێت،ئێستا بیری ئەو شەوانەش دەکەم، کەبۆ تەنهایی خۆم دەگریام"

دەستم بەرز کردبۆوەو وەك ئەوەی کچی ناو ئاوێنەکە فرمێسکەکانم بسڕێت چاوم لە چاوەکانیدا نوقم کرد ، هەناسەیەکی قوڵم پڕبە سییەکانم هەڵمژی و بە ئارامییەوە هەناسەکەم دایەوە. پێم وابوو هەموو ئەو هەناسەیەی هەڵم مژییوە بۆنی گوڵخانمە.

جێگەکەم خۆشتر ئەکەم لەسەرسیسەمەکەم و، چاو لەسەر ئاوێنەکە هەڵ دەگرم ،دەفتەرەکەی گوڵخانم زیاتر سەرنجی ڕاکێشاوم ،وەك ئەوەی هێزێکی ڕاکێشان لەنێوان من و دەفتەرەکەدا هەبێت، لامپەکەم دادەگیرسێنم ودەست دەکەم بەخوێندنەوەی یاداشتەکان کە بەم جۆرە دەستی پێکردوە.

" لەگەڵ هەڵگیرساندنی جەنگ دا ژیانی هەرتاکێك وەك بوکە شوشە بەدەست مەرگەوەبوو ،(ئیزرائیلیش )گەمەی بەڕۆحەکان دەکرد .کوچەو کۆڵانەکانی شارهەموو بۆنی خوێنیان لێدەهات . ووردە وردە برسێتیش هەڕەشەی لەبوونی مرۆڤ دەکرد ، هەمووان خەریك بوو ئەبوون بە خۆڵەمێشی جەنگ .بەهەرکوچەو کۆڵانێکدا گوزەرت بکردایە .پرسەیەك یان زیاتری تیادابوو .هەموو خەڵکی ڕەش پۆش بوون، بزە لەلێوی کەسدا نەمابوو بەئاستەم کەسێك لێوی لەیەکتری جودا دەکردەوەو ووشەیەکی دەدرکاند .

ژیان هەتا دەهات سەخت تر دەبوو، شەوو ڕۆژ بەدوای یەکدا ڕایان دەکردو ، وەرزەکانیساڵیش بەبێ پەروا دەهاتن و دەچوون بەڵام هێشتا شەڕ هەر بەردەوام بوو.

دەیان وبگرە سەدان کەس لەبەر برسێتی و لەسەرماو لەگەرما خەریك بووگیانیان دەسپارد.هەریەکەو لەبیری پەیداکردنی لەتێك ناندا بوو.

دایکم دەیگوت "ئەودەمەش ئێمە جیاواز بووین لە خەڵکی ئاسایی  ئەودەمە ئەمیر بەرپرسی یەکێك لەسوپاکانی میری بوو ، هەورێکی ئەسمەر پڕاو پڕی ئاسمانی داگیر کردبوو،جارجارەیەك چەخماخەیەکی لێدەداو دەنگەکەی تێکەڵی دەنگی تۆپ وتانگەکان دەبووبوون جارجارە یەکیش وەکو ئەوەی ئاسمان نەتوانێت لەبەردەمی ئەو هەموو ئازارەدا خۆی بگرێت بارانێکی بەلێزمەی دەباراند .

ئەو جلەسەربازییەکانی لەبەر کرد ،منی بانگ کردە ژووری  دانیشتنەکە ،تۆو وگوڵ یاری لەسەر باوەشی خۆی داناو چاوی لە چاوەکانی من بری و زۆری قسە بۆکردین ، بێدەنگییەکی ترسناك باڵی بەسەر ماڵدا کێشا.دەنگی دەرگاکە بێدەنگییەکەی شکاند باوکت .

چووینە دەرەوە ترومبێلێکی سەر بازی لەبەردەمی دەرگاکەدا وەستا بوو. بەخەمبارییەوە چوو لەپێشی ترومبلەکەدا دانیشت . چاوی لەسەرئێمە بۆ هەڵنەدەگیرا،  ساڵێك بەسەر ئەو ئێوارەیەدا تێپەڕی بوو هیچ هەواڵێکی ئەمیری ئاگری باوکتان نە بوو .تازە جەنگ کۆتایی پیٚ هاتبوو تاڕادەیەك ئارامی و ئاسایش کەوتبووە ولاٚتەوە ،بەیانییەك لەگەڵ هەڵهاتنی خۆردا دەنگی لێدانی  دەرگاکە منی بێدارکردەوە ،یەکێك لەو سەر بازانەبوو کە لەو ئێوارە شومەوە لەگەڵ باوکتاندا ڕۆیشتبوو ،نامەیەکی  دایە دەستم و ڕۆیشت .

لەنامەکەدا نوسرابوو" خۆشەویستەکانم ... بیرتان دەکەم، نازانم دەگەڕێمەوە یان نا، بەلاٚم جەنگ خەریکە کۆتایی پێدێت،هەرچی بێت ئەمە دواوتەمە بۆ ئێوە، هیوای تەندروستییەکی باشتان بۆ دەخوازم ،گەر خۆم بگەڕێمەوە ڕەنگە پێویست بەم

نامەیەنەکات پێتان بگات،بەلاّم هەرکات ئەمنامەیەتان بەدەست گەیشت، بزانن ئیتر من ناتان بینمەوە.

خۆشم ئەوێن ...لە ئامێزتان ئەگرم ...ئەمیری ئاگر"

وردە وردە هەواڵی مەرگی باوکتان بەشاردا بلاّو بۆوە ،پۆل پۆل خەڵکی بۆماڵی ئێمە ئاپۆرە یان بەست ، من وەك شێتم لێهاتبوو ....بەماڵەکەدا دەخولامەوەو بۆتەرمی باوکت دەگەڕام...دەمووت : ئاخر چۆن دەبێت پرسە بەبێ بوونی مردوویەك ...

زۆرێك لەوان دەیانگێڕایەوە بەچاوی خۆیان بینیویانە لەگەڵ دەنگی گرمەی تۆپێکی هێزەکانی دووژمن دا، باوکتان بووە بە دووکەڵ و لەبەر چاو وون بووە"

لە دوای ئەوەی تەواو تەنها کەوتین ، ژیان بۆئێمە مانایەکی نەبوو.

ئێمەش وردەوردە ، لە تەنهایی وبێکەسی خۆمان تێگەیشتین ، بەفری خەم سەری بەیخانی دایکمی سپی کردبوو، هەریەکەمان دوونیایەکی پڕ لەتەنهاییمان بۆ خۆمان دروست کردبوو، زۆرجار دایکم لەهەموو ئەو شتانە ڕا دەما بۆنی یادگارییەکانی باوکمیان لێ دەهات.

ئێوارەیەك تازەگەڕابووینەوە ماڵەوە زۆربانگی دایکمم کرد ، وەلاّ مێکم نەبیست ، یەك بە یەك ژورەکانی بە دوادا گەڕاین .

گوڵیار گوتی: ڕەنگە چویتە ژورەکەی خۆی وباوکم ؟

گوتم : وا بیست ساڵ تێپەڕی کردوە بەلاّم تائێستا بۆجارێکیش نەچۆتەوە ئەو ژوورە، لەدوای نەمانی باوکمەوە،بێ ئەوەی شتێکی تربڵێین هەردووکمان خێرابەرەو لای ژوورەکەی ئەو ڕامان کرد، کاتێك دەرگای ژوورەکەم کردەوە ئەو عەزی بوکێنییەکەی لەبەرکردبوو ،لەبەردەمی ئاوێنەکەدا دانیشتبوو لە ئاوێنەکەوە سەیری ئەو وێنەیەی خۆی و باوکمی دەکرد کە لە سەروی سیسەمەکەوە هەڵواسرابوو ، لەئاوێنەکەدا دیار بوو ، بەکردنەوەی دەرگاکە ئەو فرمێسکەکانی چاوی سڕی ،گوتی :" وەرن دانیشن"

بەبێ ئەوەی شتێك بڵێم لە بەرامبەری دانیشتم ، گوڵیاریش لەتەنیشتی دایکمەوە دانیشت و بەسۆزێکی گەرمەوە گوتی :" زۆرترساین. زۆرمان بانگ کردیت".
بەیخانی دایکم گوتی "ببورن "، سێبەری زەردەخەنەیەك کەوتە سەر لێوەکانی بەردەوام بوو لە ڕاوێژەکەی ،"هەرکاتێ لەم ئاوێنەیە ڕادەمێنم ئەو وێنەیەی خۆم و ئەمیری ئاگر دەبینم ، خەیاڵ دەمباتەوە بۆئەو سەردەمەی هەموو ڕۆژانێکی سێ شەممان لەدوای خواردنی نانی نیوەڕۆ لە گەڵ دایکیمدا دەچوون بۆ سەرگۆڕی باوکم.
چەند مانگێگ بوو باوکم فەوتی کردبوو ، سێشەممەیەك وەك هەموو سێشەممەکانی تر چووین بۆ گۆڕستان . دایکم قورئانەکەی لەکیفەکەی دەرهێناو دەستی کرد بە قورئان خوێندن، منیش هەروا لەخواری گۆڕەکەوە دانیشتبووم . شتێك زۆر سەرنجی ڕاکێشام ئەو کوڕە ڕەش پۆشە بوو، لای ڕاستی گۆڕەکەی باوکمەوە بوو، وەك منداڵ بەسەر ئەو گۆڕەدا دەگریا، خۆمان ئامادە کرد بۆ گەڕانەوە ، زۆر نەبوو بەڕێ کەوتبووین .دەنگی پێیەك لەدوامانەوە دەهات ئاوڕێکم دایەوە بینیم کوڕە ڕەش پۆشەکەیە دایکم هەنگاوەکانی خێراتر کرد ، منیشی وەك منداڵێك بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا . ئەو چەند جارێك هاواری کرد ..گوڵخانم ...گوڵخانم ..جێم مەهێڵە من زۆر دەترسام ، ئەو هەستی بەترس و شڵە ژانەکەی من کرد، بەڵام هیچی نەگوت، ئێمە تادە هات خێراتر هەنگاومان دەنا ....ئەو لەدوامانەوە لەسەر شەقامەکە دانیشت و هیچی نەوت .منیش بێویستی خۆم دەستی دایکمم بەرداو لە جێگەی خۆم وەستام ..ئاوڕێکم لێدایەوە ، ئەو وەك ئەوەی زەمەنێ بوو بێت گەمەی لەگەڵ خۆڵدا بکات سەراپای لەخۆڵ هەڵکشابوو .کاتێك ڕوخساری منی بینی ، پەشیمانی لەچاوەکانی دا بەدی دەکرا بۆئەوەی لە ماوەی ئەو چەند خولەکەی ڕابردوودا ڕویدابوو ...چەند هەنگاوێك دایکم لەمن دورکەوتبۆوە ئەویش ئاوڕێکی لەمن دا یەوەو بەتوڕە بوونێکەوە گوتی: چی ئەکەیت؟ دڕەنگە خێرا برۆ وا.

بەناچاری ملی ڕێگەم گرتەوە بەر.بەردەوام هەربیرم لەو کوڕەو ئەو ڕوداوە دەکردەوە .ئەو شەوە تا هەڵهاتنی خۆر بۆ چرکەیەکیش ئەو ڕوخسارە ماندووەم لەبەر چاو لانە چوو ،خۆشم نازانم چ هەستێك بوو ، بەزەیی بوو یاخود خۆشەویستی؟ لەخەو دەچوو بەلاّم حەقیقەت بوو . ، هەفتەی دواتر بەر لەئێمە لەوێ بوو ، ئەم جارە لەجاری پێشوو باشتر دەردەکەوت .

سەرەتا من نەم ناسییەوە چونکە زۆر گۆڕابوو ، سەرگۆڕەکەی پڕکردبوو، لە گوڵی سروشتی گوڵەکان بۆنیان ڕۆژەو ڕێیەك دەرۆیشت، خۆشی دەستێك جلی سەربازی لەبەردابوو ،بەپەرۆشەوە گوڵەکانی ڕێك دەخست و جێگاکانیانی ئاڵوگۆڕ پێدەکرد.بەر لەوەی بڕوات هاتە لای ئێمەوە وەستاو بەویقارێکەو سلاّوێکی کرد. من وەلاّمم دایەوەو ،پاشان دایکم .

ئەو دوودڵ بوو لە گووتنی شتێك چەند جارێك لێوەکانی کردەوە بۆئەوەی ووشەیەك بدرکێنێت .لەبەر خۆیەوە ورتەیەکی لێوە هات و بێ ماڵئاوایی دەستی کرد بە هەنگاو نان ، دایکم هەستاو گوتی: ئەتویست شتێك بڵێیت ؟

گوتی: نا.....نا خانم ببورن نامەوێت هیچ بڵێم .بەدوودڵییەوە هەنگاوی هێواشی دەنا ...لەدوای ڕۆیشتنی ئەو ئێمەش گەڕاینەوە.

چەند هەفتەیەك تێپەڕی کردبوو خۆمان ئامادەکرد بوو بۆ گەڕانەوە. هەورە ڕەشەکان بەری خۆریان گرتبوو ، لە لەشکرێکی تووڕە دەچوون لەدوای جەنگێکی زۆر ئاسمانیان داگیر کردبێت، باران بەخوڕ دەباری وەك ئەوەی بیەوێت لە توڕەیی هەور کەم بکاتەوە ، چەند هەنگاوێکمان نابوو ئەویش هەروا چەند هەنگاوێك لە پێشمانەوە بوو زۆر بەهێمی و لە سەر خۆیی ڕێی دەکرد .ئاوڕی دایەوە ئێمەی بینی ... دەستی بۆلای ڕاست درێژ کرد و گوتی : خانم ئێوەش مەڕۆن ئەوەتا هاتن بەشوێن مندا ئێوەش لەگەڵ ئێمە وەرن دەتان گەیەنین ..

بەشەرمێکەوە بەردەوامی دابە قسەکانی  ببورن ترومبیلی سەربازییە. جێبێکی ڕەنگ بەڵەکی سەوزو ڕەش و قاوەییەکی تۆخ تێکەڵی هەبوو،دایکم ڕازی نەبوو ، بەلاّم کاتێك بارانەکە زیادی کرد .دایکیشم بەناچاری داواکەی قبولّ کرد.

ئەو گووتی: ئەبێت داوای لێبوردن تان لێبکەم .

دایکم بەسەر سوڕمانێکەوە گووتی: بۆچی؟

گوتی:  ناوم ئەمیری ئاگرە ، ئەوە گۆڕی گولّ خانم بوو گۆڕی ئەو کچەی سێ سالّ خۆشم ویست بەلاّم تەنها جارێك نەمتوانی ڕازەکانی دڵی خۆمی بۆدەربڕم .ئەو زۆر لەمن منداڵ تر بوو، بەڵام خۆ عەشق باکی نییە ، ئەو لەناکاوتوشی نەخۆشییەکی سامناك بوولە ماوەی شەووڕۆژێکدا هەموو پەڕەکانی تەمەنە گولّ ئاسا کورتەکەی وەری .

ئاورێکی لەمن دایە وە وگوتی : لەتۆ ئەچوو.

بەسەر سوڕمانەوە  گوتم : من!!!!!!!!!!!

گوتی:" کاتێك تۆم بینی وام هەست ئەکرد تارمایی گولّ خانمیت ..ترس و دڵەڕاوکێ سەراپامی داگیر کردبوو"

ڕوخساری دایکم توڕەیی لێدەباری ، نزیکی ماڵەوە بووین. دایکم بەدەنگێکی فەرماندارانەو بێسوپاس کردن گووتی" هەلێرە دادەبەزین"

"دایکە هێشتا زۆرمان ماوە بۆ ماڵەوە"من وام گووت.بەلاّم پێدەچوو هیچ کامیان ڕاوێژەکەی منیان نەژنەوتبێ، یان گرنگیان پێنەدابێت.

ئەمیر بەڕاوێژێکی نەرمەوە گووتی" بەم بارانە!!!"

دایکم بێئەوەی گرنگی بەڕاوێژەکەی ئەو بدات گووتی" تکایە ڕایگرە"

ئەو وشەیەی بە ئارامییەوە گووت.هەستت بە پاڕانەوەیەك دەکرد لەتۆندی دەربڕینی وشەکەو دەنگیدا.لەوکاتەدا پێڵووی چاوەکانی هێنابووە خوارەوە وەك ئەوەی بیر لە

ڕابردوویەك بكاتەوە. لەنیوەی ڕێگا دابەزین، هەنگاوەكانمان بۆ ماڵەوە بەكۆتا نەدەگەیشت، وەك چۆلەكە لەو بەر بارانە هەڵدەلەرزین ،بەلاّم هەستم بەو تەزینە نەدەكرد، زوو زوو لەجێگەكەی خۆم وەك بت ڕەق ڕادەوەستام چاوم بەدەورو پشتی خۆمدا دەگێڕا بەو هیوایەی ئەو بەدوامانەوەبێت،سەرم بەرز كردبۆوە بۆ ژێر دار تووەكە.چاوم لەو بارانە بڕی بوو كەلەئاسمانەوە دەهاتە خوارەوەو لەنێو چڵەكاندا ون دەبوو.هەندێكیشی وەك چۆڕاوگە ،سەر گەلاّ زەرد بووەكانی جێدەهێشت و تا ناو بیلبیلەی چاوەكانم و سەرگۆناكانم نەدەوەستایەوە.

دایكم كلیلەكانی لێوەرگرتم ودەرگاكەی گردەوە ،پێم خۆش بوو تا قیامەت لە بەر دەمی دەرگاكەدا بووەستم ونە چمە ژورەوە .

دایكم دەستی گرتم و گوتی "ناتەوێت بێیتە ژوورەوە؟؟؟"بەدوایدا ڕۆیشتم بەلاّم هەر چاوێكم لەسەر ئەو چۆلەكانەبوو ،كە بە نێوان دار تێلەكان و ناو درەختەكاندا فڕكەو جریوەیان دەهات. ئەشێ بۆ شوێنێكی وشك چاویان گێڕابێت تا تیایدا ئارام بگرن.

بەزەردەخەوە گووتی" بەهیوام بێزارم نەكردبێتن"ئەمە ئەمیر وتی كاتێك دەمانویست دابەزین بەلاّم هێشتا لەگوێچكەمدا دەزرنگایەوە.

هەموو هەفتەیەك ئەو بەر لەئێمە دەگەیشت ، دایكم دەستی دەكرد بە قورئان خوێندن و ئێمەش زۆر جار پێكەوە دەردەدڵیمان دەكرد.

ڕۆژێك گوتی:" كەدەتبینم واهەست ئەكەم گوڵخانمیت...." .دایكم ڕەنگی بەو وتانەی ئەو زۆر گۆڕا، بەلاّم هیچی نەگووت ئەوە دووەم جار بوو ئەو ڕستانە لەزاری ئەمیرەوە ببیستێ.

هەفتەی داهاتوو دایكم خۆی ڕۆیشت ومنی نەبرد، ئەوبڕیاریدا چی تر من لەگەڵ خۆیدا نەبات .دووركەوتنەوە لە ئەمیری ئاگر بۆمن زۆر سەخت بوو .دووهەفتە بەتەنها ڕۆیشت .هەفتەی سێهەم زۆری لێپارامەوە هەتالەگەڵ خۆیدا بم بات .

گوتی:" ئەتبەم بەلاّم بەو مەر جەی جگە لە سلاّوکردن لەگەلّ ئەمیردا نەدوێی".
بەبێ دوودلّی ڕاکەیم قبوولّکرد ، من بەدیتنی ئەو خەریك بوو بالّم دەگرت .بەلاماندا تێپەڕی بێئەوەی شتێك بلّێت . لەچاوەکانی ئاگریان لێدەباری
گریان گەرووی گرتبووم،بەلاّمنەمدەویست ئاشکرا بگریم.
دایکم ورتە ورتێکی لەبەر خۆیەوە کرد گوتی: " بزانە ئەویش یەکێکە لە مردووەکانی ئەم گۆڕستانە تۆ بەرگەی عەشق ناگری"
گووتم" بەرگە دەگرم لە پیناو ئەمیردا بەرگەی هەموو شتێك دەگرم"
گوێبگرە با چیرۆکێکت بۆ باس بکەم"
"مەیتەرێك هەموو شتێك دەکات لەپێناو بەیەك گەیشتنی لەگەلّ کچی خاوەنەکەی، کە جوانترین کچی مەملەکەت دەبێت، لەدوای ئەوەی باوکی کچەکە ڕازی دەبێت،هاوسەرگیری دەکەن،بەلاّم مەیتەر بەردەوام ناپاکی لە هاوسەرەکەی دەکات........."
من... پێویستم بەو چیرۆکە ئەفسانەییانە نییە. من دێرێك نیم لە کتێبەکان"
"بەلاّم تۆش دەبی بەچیرۆکی کتێبێکی نوێ"
"عاشقەکان خەمبار دەبن بە چیرۆکی مەعشوقی کتێبەکان کاتێك بەیەك ناگەن. بەلاّم ئەیانەوێت هەمان ئەزموون بکەن هەتا خۆیان لەچێژی ڕاستە قینەی عەشق بگەن"
"من ناهێلّم تۆ ئەو ئەزموونە بکەی "
"کەوایە چیرۆکم بۆ مەگێڕەوە"
ڕۆژێك دایکم تازە ڕۆیشتبوو .دەنگی دەرگاکە هات .سەرەتا نەموویست دەرگاکەبکەمەوە .لەپشتی دەرگاکەوە وەستام ..جارێکی تر لەدەرگا درایەوە، دەنگی ئەمیر کەوتە بەر گوێم .

گوتی: بیکەرەوە .دەرگاکە بکەرەوە ئەزانم لیّم زویریت .بەس ئەمجارە گویّ بۆدڵی کەسێکی عاشق ڕادێرە .من جارێك عاشق بووم ، جارێك بێدەنگ بووم، ئەم جارە نامە وێت بێدەنگبم ، نامەوێت تۆشم لەدەست بچێت .

بۆئێستێك نەمتوانی هیچ ووشەیەك بڵێم .

ئەو بەردەوام بوو:"گەر منت خۆش بوویّ دەست بەردارت نابم ، بەلاّم گەرناتەوێت باشە ئێستا دەڕۆم "، بەدەم گریانەوە دەرگاکەم کردەوە ، ئەو فرمێسکەکانی منی بینی نەیتوانی بڕوات .

توند دەستەکانی گرتم .

گوتم:" وادەزانی دوری تۆبۆمن ئاسانە ،وەلاّمت بۆ هەفتەی ڕابردووت چی یە ؟ "

گوتی:" لەبیری کە دایکت ئەوەی دەویست" .بۆماوەیەك وەك دوو پەیکەر هەردوکمان چاومان لە چاوەکانی یەکتری بڕی بوو .

چەند هەفتە یەك تێپەڕی بەلاّم ئەمیر لە جێگەی گۆڕستان ڕێگەی ماڵی ئێمەی دەگرتە بەر،سیّ شەمەیەك لەدوای ڕۆیشتنی دایکم زۆر چاوەڕوانی ئەمیری ئاگرم کرد ، نەهات ئارامم لەبەر هەڵگیرا بوو ،چومەژورەکەی خۆم ودەستم کرد بە گریان . ئەوەندە گریام تا خەوم لێکەوت .

بەدەنگی دایکم بە ئاگا هاتمەوە لە ژور سەر مەوە وەستا بوو دەیگوت: وەرە بزانە کیّ هاتوە بۆلات؟

سوچێکی بەتانییەکەم لابرد، گوتم:"کێیە بۆ قسە ناکەیت؟"

گووتی : "ئاگرە "،بە هێنانی ئەو ناوە وەك تیر لەجێگاکەی خۆم هەستام ، دەرگای ژووری میوانم کردەوە ئەو لەلای خوارەوە دانیشتبوو .

لەدوای سلاّو کردن ،چووم لەتەنیشتییەوە دانیشتم ، دایکم بەنیمچە ڕازی بوونێکەوە گووتی : من قسەیەکم نییە ، ئەوە ئێوەن بڕیار دەدەن.

هەر ڕۆژی دواتر ئەم کراسەی بۆکڕی بووم هەتا ڕۆژی ئاهەنگەکە لەبەری بکەم" .

گوڵ خانم چەند دێرێکی بە خاڵی بە جێهێشتبوو،وەك پەڕاوێزێك لەکۆتاییدا ئەم چەند دێڕەی نوسی بوو" کاتێك دایکم دووگیان بووە باوکم هەموو جارێك گوتوویەتی گەر کچمان بوو ناوی دەنێین گوڵخانم ،ئەو ڕۆژەی ، هەواڵی ئەوە پێگەیشتووە کەئێمە لەدایك بووین . ئێمە دوومەخلوق بووین بەئەندازەیەك لە چووین وەك ئەوەی هەر دووکمان یەك مرۆڤ بین ، ئەو لەنێوانمادا دادەنیشێت و نازانێت کامان ناوبنێت گوڵخانم سەر ئەنجام دەڕواتە لای زێڕەنگەرێك دوو ملوانکە بەکرد دەدات ،یەکەمیان ناوی گوڵ خانمی لەسەرە و ئەوی تر یان گوڵیار ، هەریە کەمان ملوانکەیەك دەکاتە ملی بەوجۆرە ناومان دەنێن ".

# دووەمین ژوان

٢٠١٧-٦-٤

زەنگی کاتژمێری سەرمێزەکە لە هەشتی تەواو لێیدا، چاوم خەوالۆوبوو. بەڵام هێشتا زیهنم لای بیرەوەرییەکانی گوڵخانم بوو، سەرەتا بەخۆم گووت" گوڵخانم چ پێویستی ئەکرد بۆئەوەی نرخێك بە بوونەکەی خۆی بدات باسی عەشقی دایك و باوکی بنوسێتەوە؟"

ئەم ڕستانەم کاتێك ووت کە لەبەردەمی ئاوێنەی دەستشۆرەکەدا وەستابووم،ئەو چنگە ئاوەی لە دەستمدا بوو ڕشتم و ئاوەکەم گرتەوەو سەیرێکی ئاوێنەکەم کرد، کچی ناو ئاوێنەکە زەردەخەنەیەکی کردوو گووتی"بۆ تەواو کردن و جوان کردنی چیرۆکەکە" بەوشەی کۆتایی زەردەخەنەکەی لەسەرلێوی کچی ناو ئاوێنەکە ڕەوییەوە.

خێرا نانەکەم خوارد و بە پەرۆشی خۆ ئامادەکردن بووم، بۆ دووەم ژوان لەگەڵ نوسەرەکەدا.ئاماژەی دڵخۆشی بوون، هەرچی جلم هەبوو هەموویم لەسەر جێگە خەوەکە پەرش کردبوو،کۆتاجار بڕیارمدا.

عەزییەکی کورتی ڕەشم لەبەر کرد، قووتووی میکیاژەکانم دەرهێنا. کەجگە لە ئەساسێك و سوراوێك شتێکی ئەوتۆی تیانەبوو، ئارایشتێتێکی کەمم کرد، قژە ڕەشەکەم کۆکردەوەولەچکەکەی گوڵخانم دا بەسەرشانە نیمچەڕوتەکانمدا،کەمێك لەدەفتەری یاداشتەکانی گوڵخانم ڕامام. بڕیاربوو بۆ نوسەرەکەی بەرم، بە دوو دڵییەوە خستمە ناو جانتاکەمەوە،بەرەو ئەو قاوەخانەیە ڕۆشتم کەڕۆژانی یەك شەممان

بەمەبەستی خوێندنەوەی کتێب سەردانم دەکرد، ئەوێ قاوەخانەیەکی گەورە بوو، کتێبخانەیەکی مامناوەندیشی هەبوو، کە بەشێکی زۆر لە کتێبە کۆن و دەگمەنەکانی نوسەرە بەناوبانگەکانی دوونیا تیادا پارێزرا بوو.

ناسینی من و ڕۆبێرت ڕووداوێکی سەیر بوو، ڕۆبێرت پیاوێکی سورو سپی باڵابەرز بوو،کەمێك سەری ڕوتابۆوە. تەمەنی لە سەرەتای چل ساڵیدابوو، ڕوداوی ناسینی ڕۆبێرت  یەکێك بوو لەو ڕووداوانەی گۆڕانکاری گەورەی بەدواوە بوو، ڕوداوەکە دووهەفتە پێشتر بەم جۆرە ڕوویدا .

خەریکی خوێندنەوەبووم، لەناکاو تەلە فۆنێکم بۆ هات " خێرا بگەرە، نەخۆشخانە، گوڵیار حاڵی باش نییە" ئەمە سەرمەند بوو.

هەر خێرا لە قاوەخانەکە هاتمە دەرەوەو ڕۆبێرتیش لەو کاتەدا خەریکی پارکین کردنی سەیارەکەی بوو ، بەبێئاگایی خۆمدا لە سەیارەکەی ڕۆبێرتی نوسەر، و کەوتم بە زەویدا. ئەمە لە ساتێکدا بوو هێشتا ڕۆبێرتی نوسەر بەتەواوی لە جوڵە نەوەستاوە. خێرا ڕۆبێرت لە سەیارەکە دادەبەزێ و بەرەو من هات سەر ئەژنۆی پانتۆڵەکەم دڕاو.ئەژنۆکانم برینداربوون. خوێنی پیادا دەهاتە خوارەوە. دەستەکانم هەمووی ڕووشاوو بریندار بوو، نوسەرەکە بەمشێوەیە منی بینێ زۆر شڵەژا . پێداگری کرد لەسەر ئەوەی بمگەیەنێتە نەخۆشخانە، گووتم " هیچ نییە، زۆر ئازارم پێنەگەیشتووە. تکادەکەم من خۆم هەر ئەچم بۆ نەخۆشخانە بەلاّم لەبەر خۆمنا، بەڵکو دایکم لەوێیە"

ڕۆبێرتی نووسەر گووتی" کەوایە دێم لەگەڵت"

بە بێزارییەوە گووتم " پێویست ناکات تکایە وازم لێبێنە بابڕۆم"

" باشە کەوایە دەتگەیەنم"ڕۆبێرت ئەو ڕستەیەبەزەردەخەنەوەدەڵێت.

" نامە هۆی گرفت بۆت "

لەبەردەمی نەخۆشخانەدا. لە سەیارەکە دابەزیم ، بەهەنگەشەلە ڕۆیشم بەرەو ژوورەوە، هەموو سەر ئەژنۆم خوێن بوو، خێرا پەرستارەکە، برینەکەی بۆپاك کردمەوەو بۆی بەستم. کاتێك گەیشتمە لای دایکم بە هۆش هاتبۆوە بەلاّم کەسی نە ئەناسییەوە. پزیشکەکە گووتی "توشی زەهایمەر بووە بەهۆی مەیینی خوین لەهەندێك دەماری مێشکی دا، بەو هۆیەوە زاکیرەی درێژ مەودای لەدەست داوە تەنها ڕووداوەکۆنەکانی بیرە. وناتوانێت ئەو ڕووداوانەی لە ئێستادا ڕوو ئەدەن لەزاکیرەیدا بهێننەوە" .

ببورن کەمێك لەباسەکە لامدا، بەلاّم بەجۆرێك لە جۆرەکان ئەم بابەتانە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، چونکە گوڵیار ئیتر منی نەدەناسییەوەو پێیدەگوتم گوڵخانم.

درەنگ کەوتمەوە بیری جانتکەم و زانیم پێمنییە، لەتەلەفۆنەکەی سەرمەندەوە زەنگم بۆ مۆبایلەکە خۆم لێدا،" من ڕۆبێرتی نوسەرم سبەینێ لەهەمان قاوەخانە ئامادەبە، بۆ وەرگرتنەوەی جانتاکەت، ببورن چونکە ئێستا لەدەرەوەی شارم ناتوانم جانتاکەت بۆ بگێڕمەوە"

دووان لەو کتێبانەم خوێندبۆوە کەوەك قەرەبووکردنەوەی ڕووداوە ناخۆشەکان نوسەرەکە بۆی هێنابووم، کاتێك چوو بووم بۆ وەرگرتنەوەی جانتکە.

نوسەرەکە لەناو قاوەخانەکەدا بەرامبەر دەرگای قاوەخنەکەدا دانیشتبوو، بەلاّم گرنگی بەهاتنە ژوورەوەکەی من نەدا چوونکە نەیناسیمەوە،کوپی قاوەکەی بەدەستەوە بوو، ویستی بیبات بۆ لێوی کاتێك هەنگاوەکان بەرەولای ئەویان دەبردم،بە ئەبڵەقییەوە لە جێگەکەی خۆی هەستا، هێشتا کوپەکەی بەدەستەوەبوو،دەستی تەوقەم بۆ درێژ کرد،بەدەنگێکی نەرمەوە گووتم" سلاّو"

"یاسەمین!!! ئەوە تۆی نەمناسیتەوە...ئەبێت بمبوریت"

لەوساتەدا بۆیەکەمجار هەستم کرد جیاواز لەهەرکاتێکی تر دەرکەوتووم. ئەشێت قسەکانی کچی ئاوێنەکە کاری تێکردبێتم بەشەرمێکەوە،بەخۆمدا شکامەوەو سەرم دانەواند بەشەرمێکەوە گووتم" سوپاس" بەخۆمم گووت" نەدەبوو بەم جۆرە بێم" نوسەرەکە لەدوای بێدەنگییەك بەبانگکردنی کوپێك قاوە بێدەنگییەکەی شکاند و گووتی " پێموایە تەلیسمی ڕابردووت شکاندووە، ئیتر پێویستە بیر لە ژیانێکی نوێ بکەیتەوە"

بە دەنگێکی نزمەوە بەئاستەم دەبیسترا گووتم"کەسێك بیەوێت ڕابردووی بکات بە چیرۆك کەوایە بڕیاریداوە بۆ هەمیشە لەڕابردوودا بژی"

"هەرگیز بیرت لەوە کردۆتەوە ئەوانەی خاڵین لە ڕابردوو لەبیرەوەری، ساتە لەیاد نەکراوەکان ،مرۆڤەگێلەکان!!!وەلێ دەبێت ئێستایەکی جوانتر دروست بکەین، تاساتە تێپەڕبووەکان ببن بە ڕابردوویەکی جوان "

" ئەمە بۆ لەبیرکردنی ڕابردوو بەسە!!!"

"نەخێر...بێگومان بەڵام لەماوەی ئەم چەندساڵەی تێپەڕبووە، هەستناکەیت لەخاڵی سفری ژیانکردندا بووبێتی؟"

"هەرگیز بیرم لەوە نەکردۆتەوە... بۆم گرنگ نییە"

بەسەر سوڕمانەوە پرسی" چۆن ؟؟؟"

دووتکە فرمێسك بێویستیخۆم بەچاومدا هاتە خوارەوەو گووتم" جگە لە تێپەڕبوونی تەمەن ،جگە لە زیاد بوونی ژمارەی ساڵەکانی تیایدا هەناسە ئەدەم هیچ هەستێکی ترم نییە پێموایە لەمەنفایەکدا دەژیم نەبەهەشتەو نە دۆزەخ، نەخەمێك ناخم دەخوات و...."بەقومێك قاوەتاڵەکەم تەواو کردوو بەردەوامیمدا بەڕاوێژەکەم" تۆ گەر

مەردۆخت بناسیبایە،گەر گوڵخانمت بناسیایە وەك من خۆزگەت دەخواست،لەو ڕابردووەدا بەندت بکەن "

"ناوانییە"بێدەنگییەك کەوتە نێوانمان و من درێژەم پێدا ...

"چیرۆکی ژیانی من بەبێ مەردۆخ و گوڵخانم جگە لەخەونێکی پڕلەکابووس شتێکی ترنییە، مەردۆخ ئەودێڕانەبوو پڕبوو لە زەردەخەنەو ئارامی کاتێك سەرم دەخستە سەر شانی و چاوەکانم دادەخست . ژیانم وەك بەهەشتێکی بچکۆلانە دەبینی"

"پێت وایە هیچ کەس وەك ئەو ئارامیت پێنابەخشێ"

"هەرگیز بیرم لەهیچ کەسێکی دیکە نە کردۆتەوە،بۆیە ناتوانم مەزەندەی ئەوە بکەم ئاخۆ کەسێك هەیە بۆمن جێگەی ئارامی بێت یان نا، ئەو سومبوولی مێژووی گەلێك بوو"

ڕۆبێرت بەسەرسوڕمانە پرسی" چۆن؟"

گووتم" چیرۆکی زیندوومانی ئەو، تەواوکەری چیرۆکی ئەو زیندوە دڵ مردوانەیە کە بوونە قوربانی بۆنی سێو، ئەو هەرگیز سێوی نەئەخوارد، نەفرەتی لەهەموو دارسێوەکان کردبوو"

ڕۆبێرت بە شۆك بوونێکەوە گووتی " ئەو ڕزگار بووی چ کارە ساتێکە ؟"

گووتم" ڕۆبێرت، تۆ کارەساتی کیمیابارانی شاری هەڵەبجەت بیستووە لە کوردستان بەدەستی عەرەبەکان "

گووتی"هەریەکەو بەشێك لەو تراژیدیایەی لایە، بۆیە چیرۆکی مەردۆخی شەیدا لاپەڕەیەکە لەو چیرۆکە تەواو نەکراوانەی هەندێك شتم دەربارەی بیستووەو خوێندۆتەوە. ئەمەوێت منیش وەك تۆ بەمەردۆخی شەیدا ئاشنابم ،ئەمەوێت وەك تۆ خۆشمبوویت"

گووتم"کەوایە گوێ لەم چیرۆکە بگرە"بەم جۆرە دەستم کرد بەگێڕانەوەی چیرۆکی تاقانەیەکی ڕزگاربووی چنگی ڕەشی کیمیایی

"لەشارێکی پڕ لەهەراو زەنای جەنگ دا،شارێك ئیتر گوێچکەی مرۆڤەکان، بەدەنگی تۆپ و تانگ ڕاهاتبوو،بۆنی باروت. مێشك و لوتی هەمووانی پڕ کردبوو، وێران بوونی ماڵەکان و مردنی خەڵکی و گەڕانەوەی تەرمەکان لەبەرەکانی جەنگەوە نامۆ نەبوو. هەشت ساڵی ڕەبەق لەسەر بستێك زەوی ڕەقوتەق دوو وڵات شەڕیان ئەکرد،مەردۆخی یەکێك بوو لەو منداڵانەی، کە لەبەر دەنگی تۆپ و تەیارە هیچ کەس گوێی لە دەنگی گریانی نەبوو.کاتێك کە هاتە دوونیاوە.

ئەوشەش هەمین منداڵی خێزانەکەی بوو،شەش ساڵ بەسەر لەدایك بوونیدا تێپەڕی بوو، بڕیار بوو ئاهەنگێکی خنجیلانەی بۆ بگێڕن خوشك و براکانی کە لەخۆی گەورە تر بوون، بەڵام ئیتر ئەوە کۆتا ڕۆژی خۆشی پێکەوە بوونیان بوو، دەنگۆی ئەوە بڵاو بۆوە سەدام کیمیایی ئەڕێژێت، هەمووان بەشوێن ژیاندا ڕادەکەن بەڵام مەرگ ئامێزیان بۆ دەکاتەوە. مەردۆخ دەستی لەدەستی هەمووان بەردەبێت و بەتەنها ملی ڕێگە دەبڕێت،تێکەڵ بەحەشاماتەکە دەبێت،بەحاڵێ خراپەوە، سنوری مەرگ دەبڕێ و لەیەکێك لە نەخۆشخانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگیرسێتەوە،لەدوای ئەوەی بەرەو باش بوون دەچێت، ڕۆژێك مامی ئەبینێت، و ئەیناسێتەوە. کە سەر بەژوورەکەی ئەماندا دەکات و بۆ دۆزینەوەی ئازیزانی ، لەسەر قەروێڵەکەی یەتە خوارەوەو بەرەو پیری مامی ڕادەکات.

مەردۆخ لەگەڵ مامی کەتەمەنی لەسەرەتای چل ساڵێدا بووە،بۆ ماوەی زیاتر لە پانزەساڵ پێکەوە دەژین و ڕۆژانە بە گۆزەگەرییەوە سەرقاڵ دەبوون، سەرەڕای خراپی تەندروستی هەردووکیان ، بەڵام ئەوان هۆگری گڵ دەبن، خۆشەویستی نێوان مام و

برازا تا دێت بۆ گڵ و خۆڵی گۆزەکان زیاد ئەکات،ئەوان جێگەی کارکردنیان هەر ماڵی خۆیانە، مامی مەردۆخی بەهۆی کارامەیی لە کارەکەیدا بە عەزیزی جوانکار ناسرابوو،ڕۆژانە مەردۆخی بە کۆڵ لە مزگەوتەکەی پشت ماڵی خۆیانەوە بە دوو سەتڵی مامناوەندی ئاوی دەهێنا و مامە عەزیزیش بە جامانەیەکی ڕەش دەمی هەڵدەبەست، دەستی دەکرد بە گرتنەوەی قوڕەکەو مەردۆخی بچکۆلەش شەرواڵەکەی هەروەك مامی هەڵدەکرد و بەقاچە باریکە کانییەوەدەچووە ناو قوڕەکەوەو دەستی دەکرد بە قوڕ شێلان،عەزیزی جوانکار بەهۆی گاریگەری کیمیاییەکەوە سییەکانی تەواو سست و نەخۆش بوون، هەربۆیە جارجار هەناسەی توند دەبوو، بەتایبەت کاتێك کە بایەکی بەهێز هەڵی بکردایە، هەربۆیە هەمیشە مەردۆخی پەمپی هەناسەدانەکەی بۆ مامی هەڵدەگرت،یەك ڕیز گۆزە لەسەر یەکێك لەڕەفەکانی ئەوێ دانرابوو. کە جێگەی سەرنجی مەردۆخ بوون، هەرگیز مامی ئەو گۆزانەی پیشانی موشتەرییەکانی نەدەدا، ڕۆژێك یەکێك لەمووشتەرییەکان بەناو دووکانەکەدا دەگەڕێت و چاوی دەکەوێتە سەر ئەو گۆزانەی لەسەر ئەو ڕەفانە دانراوە. بەڵام عزیزی جوانکار ڕەتی دەکاتەوە کە ئەو گۆزانە بفرۆشی، مەردۆخی گوێی لێدەبێت کاتێك کە عزیز جوانکار دەڵێت" ئەمە ئەو گۆزانەن کە لە لایەن ئازیز ترین هاوڕێمەوە وێنەی دایك و باوکی مەردۆخی لەسەر خەشنراوە. "

بەڵام هەر دوای ڕۆیشتنی ئەو موشتەرییە، مام عزیز حاڵی خراپ دەبێت ، وخۆی دەدات بەڕەفەکەدا مەردۆخی لەکاتێکدا خۆی ئامادە کردووە بۆ خوێندگە خێرا بەفریای دەکەوێت و پەمپی هەناسەدانەکەی دەداتێ، حاڵی باشتر دەبێت، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیەکە ، مام عەزیز لەکاتێکدا بەر ڕەفەکە دەکەوێت هەردوو گۆزەکە دەکەونە خوارەوە مام عەزیزسەرەڕای خراپی حاڵی خۆی هەوڵی گرتنەوەی

گۆزەکان دەدات، بۆی ناگیرێتەوە. سەرەڕای شکانی هەموو گۆزەکانی تر ئەو دوو گۆزەیە ناشکێن، تەنها بەشێکی کەمی لای سەری گۆزەکانەوە ئەقرنجێ، مەردۆخی شەیدا بۆ یەکەمجار لەنەخش و وێنە سەر سورهێنەرەکانی سەر گۆزەکان ڕادەمێنێت، پرچە درێژە پەرش بووەکەی دایکی ئەوەندەی تر سەرسامی دەکات، بەردەوام هەست ئەکەی با لەو پرژە بریقەدارە دەدات، بێویستی خۆت هەست بە فێنکاییەك ئەکەی کاتێك لەگۆزەکە ڕادەمێنیت ، مام عەزیز لەدوای تاوێك گریان بەسەر گۆزەکاندا هەردوو گۆزەکە چاك دەکاتەوە، هەرچەندە وەك خۆی لێنایەتەوە.هەست ئەکەی وەك قەتماغەی برینێکی لێهاتووە. ئەشێ عەزیز جوانکار خۆی ئەوەی ویستبێ بەو جۆرە چاکی بکاتەوە، تا گوزارشتێکی پەنهانی لەسەر لێوی گۆزەکان بنەخشێنێت،گۆزەکان بە مەردۆخ دەسپێرێت و دەڵێت"ئەم گۆزانە بپارێزە، دەستکردی خۆم و باوکتە و وێنەکەش یەکێك لەهاوڕێ نزیکەکانی من باوکت لەسەری نەخشاندووە، ناوەکەیم بیرنایەتەوە. بەڵام دەیان وت ئەو کابرایە ئەفسون لەهەر وێنەیەك دەکات کە دەینەخشێنێت "

ڕۆبێرت"مەردۆخ تەنیا قوربانییەك نەبووە،بەڵکو جەنگاوە لە پێناو ژیان"

"مەردۆخی تاکە ئوومێدی مامە عەزیزی بوو، لەدوای بێ ئوومێدی لە خێزان و سەرجەم کەس و کارەکەی ،ڕۆژێك لەگەڵ مەردۆخی چووم بۆ کارگەکە ، ئەوێ هۆڵێکی گەورە بوو، لە لایەکەوە گڵی تایبەت بەکارەکەیان هەڵدرابۆوەو ، لە لایەکی ترەوە کوورەیەکی تایبەت بە سورکردنەوەی گۆزەکان و لە جامخانەی هۆڵەکەشدا کە بەسەردەرەوەدا دەیڕوانی چەندین جۆر گۆزەو گوڵدانی ڕەنگاو ڕەنگ و پڕ لەنەخش و نیگار دانرابوو، مامە عەزیز لەسەر کورسییەکی بەرزی تایبەت دانیشتبوو، قاچی لەسەر ویلێك بوو، یاری بەویلەکە دەکردو ویلچەرەکە دەخولایەوەو بەدەستە

قوڕاویەکانی دەستی بە قورەکەدا دەهێناو جارجار دەستی لەجامێك ئاودا تەڕ دەکرد و خەریکی گۆزەیەك بوو دروستی دەکرد،بە دیتنی من لە جێگەی خۆی هەستا،هەرلەجامە ئاوەکەدا قورەکەی لەدەستی کردەوەو دەستی کردە ملم و سەری ماچ کردم و گووتی" ئاگات لە مەردۆخ بێت، لەو زیاتر کەس شك نابەم ".

"گووتم: مامە عەزیز، ئەشێ ئەوەی لەئازارەکانی ئەو تێبگات تەنها منبم چونکە منیش وەك ئەو تەنها و بێکەسم "

مامە عەزیز،لەسەر کوورە بچکۆلە گلینەکەی لایەوە کە دەستکردی خۆی بوو، چای لێنابوو، لەدوو کوپی گلینەی نەخشداری جواندا دوو چای تێکرد و گووتی" نۆشی کەن"

مەردۆخی بە پێکەنینەوە گووتی " ئای یاسەمین ئێستا ئەبێت لە کاسەسەری بەگڵ بووی کامە فیرعەوندا خەریکی چاخواردنەوەبین "

کوپە چاکەم دانایەوەو گووتم " بێتام "هههههههه

گووتی " وەرە لەگەڵم "

مامە عەزیز بەلەقاندنی سەری کە ئاماژەبوو بۆ ڕازی بوونی ڕۆیشتنم سەری لەقاند..

لەدەرگایەکی بچووکەوە منی بردە ژوورەوەو لەحەوشەکی کۆنی، پڕلەدرەختەوە. منی برد تاگەیشتینە بەردەمی دەرگایەك،دەرگایەکی بچوك، چەرخەکەی داگیرساندوو ڕوناکاییەکی کەم کەوتە ژوورەبچووکەکەوەکە هیچ پەنجەرەیەکی تیانەبوو، چرایەکی هەڵواسراوی داگیرساند و گۆزەیەکی نیشاندام ،گووتی" بەس لای مامە عەزیز هیچ مەڵێ..ئەمە شەرابە، دووساڵ ئەبێت دروستم کردووە. وەرە هەست بە بۆنەی بکە هەربۆنەکەی مەستت ئەکات"

گووتم" جارێکی دیکە دێینەوە، ئێستا زۆر درەنگە "

گووتی" یاسەمین ...هێندەی نەماوە شەوانی پێکەوەبوونمان "

گووتم" ئەزانم ..." چاوەکانی وەك دووبریسکەی پرشنگدار ئەدرەوشانەوە.ماچێکی کردم وفوویەکی لە چراکە کرد "

ڕۆبێرت چەپڵەیەکی لێدا و گووتی " ئێوە دوانەیەکی جوان بوون "

بەشەرمێکەوە گووتم " ئەو ئیتر هی من بوو، یەك ساڵ بوو چاوەڕوانی وەها پێك گەیشتنێکمان دەکرد "

ڕۆبێرت "من هەمیشەدەمەوێت زیاترگوێت لێبگرم، بەتایبەت لەکاتێکدا بڕیارە من وەك ڕاوییەك، چیرۆکی ئێوە دووبارە بنوسمەوە،چیرۆکی عاشقە ڕۆژهەلاٚتییەکان، کە پڕە لە هەست و سۆز،تەنانەت پڕن لە ڕابردوو، جیاوازی نێوان ئێمەو ئێوە ئەوەیە، ئێمە ئەگەر وەك ئێوە پابەندی ڕابردوومان بین، ناتوانین شەوێك بە بێ دڵەڕاوکێ سەر بخەینە سەر سەرین، هەمیشەکابووسێك بەشوێنماندا ڕادەکات، دەزانیت بۆ؟ چونکە ئەوەی لێرە دەگووزەرێ تەنها تێر کردنی حەزە، ئەمڕۆ پەیوەندییەك دروست ئەکەین و هێندە نابات هەست ئەکەین ناتوانین پێکەوە ژیان بکەین جا هۆکارەکەی هەرچی شتێك بێت، بەلاٚم ژیانی ڕاستەقینەی ئێمە کاتێك دەست پێدەکات کەتەمەنی پڕ لە ویست و ئارەزوومان تێپەڕاندووەو کەسێکی نوێ و بۆ ئەبەد هاتۆتە ژیانمانەوەو، نامەوێت تۆ خاڵی خاڵی بکەمەوە لەڕابردوو، بەڵکو دەمەوێت تۆ خاڵیبکەمەوە لەوتەلیسمەی کە بەدەوری ئێستای خۆتتدا کێشاوتە کەوایە ئەمەوێت گوێم لەو چیرۆکە نەوتراوانەبێت، بەدەنگی تۆ، ئاشنابم بەو عەشقە ڕاستەقینەیەی لە ڕۆژهەلاٚت سەر هەڵئەدات "

لەو ساتەدا هەستم بە بوونی هێزێکی ئەفسوناوی دەکرد، پێمخۆش بوو هەموو ئەو وشانەی سالاٚنێك بوو لەنێوان گەرووم و لە سەر دێڕی لاپەڕەکەمان دیلم کردبوون، لەشەققەی باڵبدەن و هەموویان بەجارێك بڵێم، هەربۆیە، دەفتەری یاداشتەکانی خۆمم

بۆ کردەوەو بەم جۆرە دەستم کرد بە خوێندنەوەی یاداشتەکەم. ئەویش پەنجەی نا بە ڕیکۆردەرەکەدا تا هەموو قسەکانم ڕیکۆرد بکات"

" باران جەنگی لەگەڵ چەترەکاندا دەکرد ، بایەکی توندیش .بەرەنگاری هەردووکمان دەبۆوە ،با چەترەکانی لەدەست دەفڕاندین و بۆهەرکوێیەکیش گەرەکی بوایە ئاڕاستەی نەرمە بارانەکەی دەگۆڕی ،لەبەر دەمی دەرگاکەدا من و مەردۆخی ڕۆژانە تا وێك لە یەکتری ڕادەمێنین ، هێشتا دەستمان هەر لە ناو دەستی یەکدایە ، دواجار یەکتری لە ئامیز دەگرین ....مەردۆخی شەیدا دەڵێت "بڕۆ یاسەمینی گوڵم .....بڕۆ ئیستا گوخانم چاوەڕێت ئەکات ......"

من بەبیٚ ئەوەی هیچ شتێك بڵێم دەست لەدەستەکانی دەردەهێنمو دەرگاکە دەکەمەوە. دەچوومە ژورەوە ،مەردۆخیش چەند جارێك ئاوڕی دەداتەوە دواجار دەستی ڕاستی بەرز کاتەوەو پەنجەکانی لە قێنێت و لە چاوی یەکتری ون دەبین. دەچمە ژوورەوە بەجۆرێکی تر هەستم بە ئارامی دەکەم، کاتێك گوڵخانم دەبینم لەسەر کورسییەك لەبارکۆنەکە دادەنیشتوە و لە ئاوا بوونی خۆری دەڕوانی ، ماچێکی گۆنا زەرد هەڵگەڕاوەکانی دەکەم و جێیدەهێڵم، بێئەوەی هیچ وشەیەك بڵێم دەست دەکەم بە ئامادەکردنی نانی ئێوارە. گوڵخانمیش هیچیملێناپرسێت بەڵام دەزانیٚ چەندە بە بوونی مەردۆخی شەیدا دڵخۆشم، هەندێك جار بەلاقرتێوە دەڵێت "دەزانم مەردۆخ بۆ تۆ ئەو عەشقە تاکانەیەیە، کەمن لێی دەترسم ئاخر خودی ئەم جۆرە عەشقانە پڕلە مەترسین،ئەو ڕێگە سەختانەن کە ناتوانی بە تەنیا بیان بڕیت "

دەڵێم " نا گوڵخانم مەردۆخ شتێکی شاراوەی نییە کەمن بخانتە مەترسییەوە"

دەڵێت " تۆ هێشتا لەوە تێناگەیت عاشق بوون چ کارەساتێکە ،پەیوەست بوون بە کەسێکە سڕینەوەی ناسنامەی خۆتە "

دەڵێم" من ژیانێکم ناوێت بەبێ مەردۆخ"ئەو بێدەنگ دەبێت ، چەند تکە فرمێسکێك لەچاوەکانیدا قەتیس دەمان و هەندێك جاریش بەم جۆرە کۆتایی بە گفتوو گۆکەی دەهێنێت و دەڵێت "تۆش ئەزموونی بکە "

دەچمە ژوورەکەی خۆم و ڕاستەوخۆ بۆ بەردەمی پەنجەرەکە دەیکەمەوەو تێر بۆنی ئەو نمە بارانە دەکەم، کەماچی ماڵئاوایی لە گەڵاکان دەکات، چاوم بەدیمەنی وەرینی گەڵاکان پڕدەبێت لەفرمێسك، جار جاریش گوێکانم پڕدەبن لەدەنگی ئەچۆلەکانەی کە لە سنەوبەرەکەدا خۆیان لەباران دەشارنەوەو، ب چێژلە زەرد بوون و جەنگی باو وەرینی گەڵاکان دەبینم ، چێژ لە هەڵ لەرزینی درەختە ڕووتەڵەکان دەبینم، لەبەر کڕێوەی بەفرو زریاندا، پڕبەدڵ پێمخۆشە ، بووکەبەفرینە لەو بەفرە دروست بکەم ،کەلە حەوشەکەدا کۆدەبێتەوە، هەندێك جار پەنجەرەکە دەکەمەوەو بەچنگ دەکەومە خواردنی ئەو بەفرەی بەقەراغی پەنجەرەکەوە خۆی مەلاس دەدات. زستان تێپەڕدەبێت و، دووبارە درەختەکان گەڵا دەردەکەنەوەو گوڵەکان بۆنیان ڕۆژەڕێیەك دەڕوات، هەروەرزێك لای من بە عیشقەوە تێدەپەڕێت، هەمووشتێك لای من جوانە، لەدوای هەست کردنم بە بوونی مرۆڤێکی وەك مەردۆخ "

لەکۆتایی باسەکەدا، فرمێسکەکانم سڕی و سەرم لەسەر شانی نوسەرەکە بوو،لەچکەکە کەتبووە خوارەوە،خێرا سەرم لابردوو بەسەر سوڕمانەوە گووتم " ئەوە چۆن ڕوویدا !!!

نوسەرەکە گووتی" لێگەڕێ بڕیاروایە پێکەوە ئەو چیرۆکە بنوسینەوە، بەشڵەژاوییەوە دوورکەوتمەوەو هەرچەندە لەناخەوە هەستم بەئارامی دەکرد، بەڵام شەرمم دەگرد.

نوسەرەکە دەستە ئەستورەکانی بۆ درێژ کردم و گووتی" بریسکەی چاوەکانت دڵخۆشم دەکات، چوونکە نیشانەی دووبارە ژیانەوەن "
بێ ماڵئاوایی کردن، جانتاکەم هەڵگرتوو قاوەخانەکەم بەجێهێشت.

# پیاوێك لە ئەفسون یان نهێنی

## ٢٠١٧-٦-٤

گەیشتمە ماڵەوە، چوومە ژوورەکەی گوڵیار ،لەژوور سەرییەوە دانیشتم ، ئەو هەروادەزانێت من گوڵخانم سەیرێکی کاتژمێرەکەی دەستی کرد و گووتی" گوڵخانم زۆرم خەودێت ، کە سەرمەند هات خەبەرم بکەرەوە"

دەستەکانیم گوشی و گووتم" گوڵیار سەرمەند لێرەیە، هەر ئێستا بۆت بانگ دەکەم " پێموانەبوو بەو جۆرە کەوتبێتەوە یادی ڕابردوو، سەرمەند هاتە ژوورە، سەرمەند پیاوێکی بالآبەرزی چوارشانەیە، ڕیشێکی سپی وەك بەفری ڕێکی کورتی هەیەو ،بەردەوام کلاوێکی کاوبۆییەکان دەکاتە سەری بەردەوام قاتی چاکەت و پانتۆڵ لەبەر دەکات و هەندێك جاریش لەجیاتی چاکەت هێلەك لەهەمان ڕەنگی پانتۆڵەکەی لەبەر دەکات،سەعاتێکی مۆدێك کۆنی ئاڵتوونی هەیەکە تاکە یادگارییە کە لەباوکییەوە بۆیماوەتەوە. بەزنجیرێکەوە دەیکاتە گیرفانی هێلەکەکەیەوە،ئەو سەعاتە بۆ سەرمەند یەکێکە لە بەنرخ ترین شتی ئەو، هەرچەندە تەمەنی بەرەو پیری بەڕێکردووە.بەلآم هیچ لە کەسایەتییە بەهێزەکەی و جوانییە سەرسوڕهێنەرەکەی کەمی نەکردووە، ئێستاش ئەو وەسفەی گوڵخانم بۆ جوانی و کەسایەتی سەرمەند کردبووی لەگەڵ ئەو وێنەیەی لەخەیاڵی خۆمدابۆمخولقاندبوو، وەکو خۆیەتی" سەرمەند دەستی گوڵیاری گرت و لەتەنیشتییەوە لەسەر جێگەخەوەکەی گوڵیار دانیشت، بەلآم گوڵیار خەوی

لێکەوتبوو. ئەو ڕۆژانەی گوڵخانم دەهاتەوە پێش چاو کەتادەهات خراپتر دەبوو, گوڵ خانم  هێندە پیرنەبوو، بەڵام دووری حەمەدیان ئەوی وەك بەفرتواندبۆوە، قژی تاڵی ڕەشی تیانەمابوو, دەستەکانی کەمتر توانای قەڵەم گرتنیان هەبوو، ڕۆژانە دەمبردە ژووری وێنەکێشانەکەی بەڵام تەنها لەوێنە هەڵواسراوەکان ڕادەماو فرمێسك وەك باران بە چاوە کزبووەکانیدا دەهاتە خوارەوە. جارجار دەستی دەکرد بەگێڕانەوەی ڕابردوو، هەرجێگەیەکی پێخۆشبووایە. لەوێوە دەستی پێدەکرد، بەیانییەك لە ژووری وێنەکێشانەی گووتی"یاسەمین لەکوێوە دەست پێبکەین؟"

بەڵام بێئەوەی چاوەڕوانی وەڵامی من بێت، بێپێشەکی دەستی بە گێڕانەوە کردو گووتی "لەوڕۆژەوە بێ دایك کەوتین هەستمان بە بوونی ئەو بارە گرانە کرد کە کەوتبووە سەر شانمان ، ڕۆژلەدوای ڕۆژتێدەپەڕی وتادەهات ئاڵۆزتردەبوو، ژیان وەك ڕوبار وایە لە دوای هیچ کەس ناوەستێت ، ڕێڕەوەکەشی نا گۆڕێت ، من و گوڵ یار لەدوای تەواو کردنی پەیمانگای هونەری هەردوکمان ببوین بە مامۆستا ، بڕیارماندا بوو پێشانگایەکی هاوبەشی بکە ینەوە ، ڕۆژانە لەدوای گەڕانەوەمان لە خوێندنگە هەرزوو کارەکانمان تەواو دەکردوو خۆمان بە وێنە کێشانەوە سەر قاڵ دەکرد .

دەمەودەمی ئێوارەبوو ، گوڵیارخۆی کرد بە ژووردا بە گۆرانی گووتنەوە ، من سەرم سوڕمابوو، ئاخرلەو ڕۆژەوەی دایکم فەوتی کردبوو، زەردە خەنەش نەکەوتبووە سەر لێوەکانی،تەواو سەرسام بووم بەو ڕەفتارەی،گوتم: گوڵیار !!!!!!!هیچ  بووە ؟؟؟ خەریکە دەمترسێنت؟

ئەوبەزۆرزانییەکەوە گوتی: تۆبەدڵخۆشی من خۆشحاڵ نیت ؟

گوتم: بۆنا ؟؟

ئەوبزەیەك گرتی وگوتی:دەزانم ...بەلاّم هیچکات ئێمەبواری ئەوەمان نەبووە دەردەدڵی بکەین ،یان ڕاست تر بڵێین ئێمە دووبونەوەری بێدەنگ بووین ، زیاترلەدووپەیکەر دەچووین .

گوتم: ئەم شتانە تازەن...تۆهیچ کات لەم باسانەت نەکردووە .

ئەو لەئامێزی گرتم وبەسۆزێکەوە ....گوتی: سەرمەند ،ئەو پیاوەی ئەفسون لەوێنەکانیدایە"

بەسەر سورمانێکەوە گوتم : ئەو پیاوەی کە ئەفسون لە وێنەکانیدایە ...!!چییەتی ...؟

گوتی: ئەو گوتی"دەمە وێت بەرلەوەی پێشانگاکە بکە نەوە بێم و سەیری وێنەکانتان بکەم"

بە خۆشحاڵییەوە گوتم: کەواتە دێت .

ئەو بەدڵ خۆشییەکەوە گوتی: بەدڵنیاییەوە دێت

ئەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خۆشحاڵ تر دەردەکەوت ، بەعیشقەوە وێنەی دەکێشا.

خۆی دانی بەوەدا نا کە عەشقی سەرمەندی ئەفسون بووە ، ئەوش هەرئەو ڕۆژەبوو کەبەلێنی ئەوەی پێدابوو و سەیری وێنەکانمان دەکات.

گوتی: لەو ڕۆژەوە من لەلای ئەو پێداویستییەکان دەکڕم هەستم بەنیگا گەرمەکانی کردووە، دەستی گرتم وبەردەوام بوو ،گوڵخانم ئاخر منیش خۆشم ویستووە ، من عەشقی ئەو بووم ،بەلاّم نازانم بۆ نەم توانیووە ڕوبەڕو ،بۆتاکە جارێکیش چاو لە چاوەکانی بڕوانم ،چەندجارێك لەبەرخۆیەوە گوتی:" ئەمڕۆدێت، دڵنیام دێت ، گەر ئەمڕۆش نەیەت سبەی هەر دێت ".

شنە بایەکی فێنك چڵی درەختەکانی دەلەراندەوە وبۆنی خۆشی گوڵەکانی بلاّو دەکردەوە ،تیشکی خۆر ناوچڵی درەختە بالاّبەرزەکانی تێدەپەڕاندو ژوورەکەی تەواو

ڕوناك كردبۆوە، تینێكی كەمیشی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا، دەنگی دەرگاكە بەرگوێم كەوت ، دەرگاكەم كردەوە ، كوڕێكی بالاَ بەرزی ئەسمەری چاوسەوز لەبەردەمم دا وەستا بوو،جەستەیەكی پتەوولوتێكی قنجی ڕێكی پێوە بوو، ئەوەندە جوان بوولەوە دەچوو خوداوەند هەرچی جوانی دوونیاهەیە لەودا كۆی كرد بێتەوە .

بەدەنگێكی نەرموو بەئاوازێكی تەواو ئەفسوناوییەوە گوتی: ئەم كاتەت باش ، دەتوانم بێمە ژورەوە ؟

وەك ئەوەی كەسێك جامێك ئاوی سارد بكات بە دەموو چاوم داو لەخەوخەبەردارم بكاتەوە شڵەژابووم. بەپچڕ پچڕییەكەوە گوتم :ب..ب.....بەڵێ بەدڵنیاییەوە فەرموون.

چەند هەنگاوێكی بە ڕەوە حەوشەكە ناو گوتی : بەڵێنم بەگوڵیار خانم دابوو كە بێم و ووێنەكانتان ببینم .

بەشپرزە ییەوە گوتم : بەدڵنیاییەوە فەر موون ، بەرەوە ژووری وێنەكێشانەكە فەرمووم لێكرد .پاش هەڵوێستەیەك بەردەوام بووم بەڕاوێژێكی گەرمەوەگوتم: ئێوە بفەرموون ،منیش ئێستا گولێار بانگ دەكەم ، لەڕاستی دا ئەو تەواوی ئەم شەو نەخەوتووەو خەریكی وێنە كێشان بووە.

نەرمترێك لە جاری پێشوگوتی:" كێشەنییە ئێستا من سەیری وێنەكان دەكەم و گەر بۆم كرا لە كاتێكی دیكەشدا سەردانتان دەكەمەوە ، پێویست ناكات ئەو بەئاگا بهێنیتەوە"

لە بەردەمی وێنەكاندا دەوەستاو زەردەخەنەیەك دەكەوتە سەر لێوەكانی و لەبەر خۆیەوەگوتی: "بەڕاستی وێنەكانتان جوانییەكی بێهاوتایان تیادایە" .

بەپەرداخێك شەربەتەوە چوومەوە ژوورە ،ئەویش خەریك بوو لەگەڵ خۆیدا دەدوا ، ئاوڕێكی بەلای مندا دایەوەو گوتی: دووبارە دێمەوە، قومێكی لەشەربەتەكەدا و چووە

لای ئەو وێنەیەوەکە گوڵیار کێشابووی .گوتی: وێنەیەکی ناوازەیە ، وێنەی باڵندەیەك بوو نیووەی لەشی لە قەفەزێکی بچوکدا بوو نیوەکەی تری بە گەورە تری دروستی کرد بوو وەك ئەوەی دوو باڵندەی جیاوازبن و لە جێگەیەکی ئەم گەردوونەدا بەیەك گەیشتبێتن لەهەوادا بوو، باڵەکانی کردبۆوەوەك ئەوەی خۆی ئامادە کرد بێت بۆ فڕین . کاتێك ئەو لە ژورەکە چووە دەرەوە هەستم بە دەنگی شەقەی باڵ دەکرد ، ئەوئەفسونی لە وێنەکە کردبوو، دەنگ وسەدایەکی سەرسورهێنەر لەوێ دا دەبیسترا، وەك ئەوەی وێنەکانی تریش ئەفسوناوی بوو بێتن، لەبەرامبەر ئەو وێنەیە وەستابووم کە خۆم دروستم کردبوو ، دلۆپێك ئاو بەهێمنی کەوتە سەر دەستم ، ئەوە لە کاتێك دابوو تەواو لەوناو وێنەکەدا نیگاکانم ون کرد بوو، وێنەی کچێکی ڕەش پۆش بوو،لەسەربەرزاییەك دانیشتبوو بە هێمنی دەگریا، هەرتکە فرمێسکێکی دەکەوتە خوارەوە لە چاوەکانی لەبەرزایی شاخەکەوە دەچۆڕانەوەو تێکەڵی ڕوبارەکە دەبووەوە، هەستم کرد ئەوە یەکێك بوو بێت لەتکەی فرمێسکەکان .

لەو کاتەدا گوڵیار بەڕاکردن هاتە ژووری وێنە کێشانەکە و،گوتی: کوا ؟ بۆکوێ چوو؟

گوتم : ڕۆشت ............ڕۆشت زۆرم بانگ کردیت .

دەستم گرتوو بردم بۆلای وێنەکەی ، بەدەنگێکی تێکەڵ بەخۆشی و خەم باری بردمەلای وێنەکەی خۆیەوەو گوتم: سەیرکە... سەیرکە ئەمە ئەو وێنەیە یەکە بەدرێژایی شەوی ڕابردوو خەریکی دروست کردنی بوویت ، وەرە بزانە هەست بە هیچ ئەکەیت ، بزانە گوێت لەچی ئەبێت ؟

ئەو هەروابەبێ دەنگی وەستابوو لەبەر خۆیەوە گوتی: تازەجارێکی تر نا گەڕێتەوە ....

گوتم : نا ئەو خۆی گوتی "دێمەوە" .

بەدڵ خۆشییەوە گوتی : دێتەوە ...خۆی گوتی!!!

بەبێ دوودڵی گوتم :" دێتەوە ."

گوڵیار چاوەکانی کردەوە ودەستی لەدەستەکانی سەرمەند دەرهێنا و نەیدەناسییەوە سڵەمییەوە گوتی"تۆ کێی؟سەیرێکی منی کردوو گووتی"گوڵخانم ئەم پیاوە کێیە؟ بۆ دەری ناکەی ؟

بەئارامییەوە گووتم"گوڵیار ئەوە سەرمەندە، سەرمەندی ئەفسوون"

بۆ ئەوەی گۆمی بیرەوەرییەکانی گوڵیار بشڵەقێنم سەیرێکی سەرمەندم کردو گووتم"هیچت بیردێ؟"

سەرمەند بەسەر سوڕمانەوە پرسی"سەبارەت بەچی؟"

"بۆ یەکەمین جار سەردانی ماڵی گوڵیارو گوڵخانمت کرد؟"

سەرمەند بزەیەك کەوتە سەرلێوەکانی .بەم جۆرە ڕووداوەکانی بیری گوڵیاری دەهێنایەوە تابیناسێتەوە"

"گوڵیارەکەم بیرتە ...

ئەو شەوە تابەیانی نەخەوتبووی تا وێنەکە تەواوبکەیت، چونکە دەتزانی من سەردانتان دەکەم بەلاّم بەهۆی ماندووبوونتەوە .خەوت لێکەوتبوو. بەڕاستی من هیچ ئەفسونێکم لە وێنەکانی ئێوە نەکردبوو. بەڵکو لەخاوەن وێنەکەم کردبوو. ئەوڕستەیەی کۆتایی بە پێکەنینە گووت."

چاوەکانیان لەگۆمی چاوەکانی یەکتریدا ون کردبوو.،سەرمەند بەردەوامی دا بەڕاوێژەکەی .

گووتی "ڕۆژانە وەك مامۆستایەك سەردانم ئەکردن، فێری گەمەم دەکردن بە ڕەنگەکان ، لەبیرت دێ ...

ئاسمان تەواو ئارام دەردەکەوت ، کزە بایەکی هێمنی ساردی پایزەی هەبوو، لەباخچەکەدا دانیشتبووین باسی ئەو سەر کەوتنە گەورەیەمان دەکرد کەلە

پێشانگاکەدا بە دەستمان هێنا بوو، تۆلەو ماوەیەدا تەواو گۆڕابوویت، چیترکچە بێدەنگەکە نەبوویت ، هەناسەکانتان بۆنی هیواو خۆش بەختی لێدەهات ، بە ئارامییەوە لەسینەتان دەهاتە دەرەوە و تێکەڵ بەگەردوون دەبوو، گوڵخانم بەزەردەخەنەیەکی شیرینەوە تاڕادەیەك بۆنی ئیرەیی لێدەهات ئەوشەوە پێیگوتی:" لەوەی دەکرد ئەوشەوە لەئاسمانەوە پەیامت بۆ هاتبێت ،جوانترین وێنە دەردەچێت بۆیە تا تەواوت نەکرد دەستت هەڵنەگرت ." ئەورستەیەی ڕووبە تۆ گووت تۆش لەخۆشیدا هەموو جەستەت پێدەکەنی گوتت": نا پەیامم بۆ نە هاتبوو، بەڵکو ئەوە یەکەمین وێنە بوو کەبەعیشقەوە دروستی بکەم ،ئەوە بەراورد کردنێکی ساکاربوو لەنێوان من و ئەو باڵندەیەدا لەقەفەزێکدا دیلە، بەردەوام دەنوك لە تەلەئاسنەکان دەدات ،بەهیوای شکاندی کۆتی ئازاد بوونەوە، ئەومەلانەی بەدیلی لەدایك دەبن کوڵ لەهەوڵی پساندنی ئەوتاڵە ئاسنیانە دەدەن ، بەلاّم ئەو مەلانەی دەبنە نێچیری ڕاوچییەك تا ئەوساتەی ئازاد دەبن،یان دەمرن هەوڵی بەرەنگاربوونەوە دەدەن."

زەردەخەنەیەك کەوتە سەر لێوەکانم و گووتم" بەلاّم نابێت ئەوەت لەیاد بچێت وەستان لەبەردەم ئەو وێنەیەدا وەستانێکی ئاسایی نابێت بەڵکو تەواو هەست بەشەقەی باڵەکان دەکەیت، دەمەوێت ئێوە بە دەنووکەکانتان تابۆ ئاسنینەکانی ئەم کۆمەڵگایە بشکێنن"

گوڵیار دەستی بەگریانێکی بەکوڵ کرد،هیچ کاممان نەماندەزانی هۆکاری گریانەکەی چییە، من ژوورەکەم بەجێهێشت تا ئەوان ئاسودەتر ڕازو نیازەکانی خۆیان بکەن.

# نهێنی ڕوانینەکانی گوڵخانم

## لەئاوابوونی خۆر

٢٠١٧-٦-٢٤

دەمەو ئێوارەیە و لەگەڵ ڕۆبێرتۆ لەقاوەخانەکە دانیشتووین لەنزیك پەنجەرەکەوە، چاومان لەئاوابوونی خۆر بڕیووە،ڕۆبێرت گەرەکێتی زیاتر گوڵخانم بناسێت،چێژ لە خوێندنەوەو گێڕانەوەی ئەوبیرەوەریانە دەبینێت کەلەگەڵ گوڵخانمدا یاداشتم کردوون، دەفتەری یاداشتەکەم خستە سەر ئەو بەشەی گوڵخانم باسی ئولفەت گرتنی ڕوانینەکانی خۆی بۆدەکردین لەخۆر.بەم جۆرە یاداشتەکەم تۆمار کردبوو.

"گوڵخانم فرمێسکەیاقووتییەکانی هۆن هۆن بەسەر گۆنا چرچ بووە زەرد هەڵگەڕاوەکانیدا ڕێچکەیان بەستبوو،منیش بێئەوەی هیچ شتێك بڵێم لەسەر یەکێك لەکورسییەکان بەرامبەر بەگوڵخانم دانیشتم لەسەر بارکۆنەکە، چاوەکانی بەرزکردەوەو بۆکەمێك لەوتیشکە بێتینەی خۆر ڕاما کە بەکزییەوە دەگەیشتە سەرزەوی وهەنگاوی بەرەو ئاوابوون دەنا.

مەردۆخی فرمێسکەکانی گوڵ خانمی سڕی وگوتی: ئەکرێت ئەم جارەمن بپرسم؟

گوڵخانم گووتی: ئەتەوێت چی بپرسی؟

بپرسم نهێنی ئەم گریانەت ؟ ئەم ڕوانینە سحراوییەی تۆ لە ئاوابوونی خۆر؟ گەرئاوابوونی خۆر دەتگرێنێت بۆلێی دەڕوانیت ؟

گوڵخانم ئیتربەوجۆرە پرسیارانە ڕاهاتبوو ، بزەیەکی تاڵ یەخەی بەلێوەکانی گرت،جگەرەیەکی داگیرساند ،مژێکی قوڵی لێدا پاش خولەکێك دووکەڵەکەی لەکونە

لوتەکانییەوە دەرکردە دەرەوە گوتی: تازەگوڵیارو سەرمەندی ئەفسون چووبونە ماڵ وحاڵی خۆیان، منێکی تەنیا ئێواران پیاسەیەکی ئەودەشتە کاکی بەکاکییەم دەکرد، تاچاوبڕی دەکرد چۆڵەوانی بوو،تاك تاك خانو دروست دەکرا، هەندێك کات تادڵ ئارەزوی بکردایە ،لەوێوە مەودای نێوان ئاسمان و زەویم بەمەودای نێوان مرۆڤەکانی دیکە مەزەندە دەکرد،ئەوکاتەی ماڵی حەمەدیان هاتنە گەڕەکەکەمانەوە ، زۆرشت گۆڕا .حەمەدیان شوان بوو بەرلەخۆرهەڵهاتن ماڵاتەکەی پێش خۆی دەداو بەرلەخۆرئاوابوون دەگەڕایەوە ،شمشاڵەکەی لەبەرکی دەردەهێناو دەستی دەکرد بەژەنین ، سوچێکی پەردەی پەنجەرەکەم لادەداو گوێم دەگرت،هەندێك جارخەودەیبردمەوە، لەشیرینەی خەویش دا دەنگی شمشاڵەکەی ئەو دەهاتە گوێم ، ئێوارەیەك لەخەوڕاپەریم ئەوم لەودیوی شوشەی پەنجەرەکەی خۆمەوە بینی ،ئەوم بینی بەپەنجە باریکەکانی دەیکێشا بەپەنجەرەکەدا دەیویست شتێك بڵێت ،نازانم دەی ویست بڵێ چی ،هەرچەندەم کرد نەمتوانی بچم دەرگاکەی لێ بکەمەوە ..وردە وردە دوورکەوتەوە هەتا لەبەرچاوم ون بوو.ئەوە خەون بوو، چەند ئێوارە دواتر لە هەمان کاتدا چاوەڕوان بووم ، دەنگی شمشاڵەکەی هەر لەگوێکانمدا دەزرنگانە وە هەستم پێدەکرد ، بەڵام نەمبینییەوە ،هەفتەیەك تێپەڕی کرد بوو،دەنگی دەرگاکە هات وەك کەسێك کەچاوەڕوانی ئازیزێکی بێت ، بەخۆشییەوە ڕامکرد بەرەو دەرگاکە خەریك بوو لە خۆشیدا دڵم لەسینەمدا دەردەپەڕییە دەرەوە، کاتێك دەرگاکەم کردەوە حەمەدیان وەك شازادەی ناوچیرۆکە ئەفسانەییەکان لەبەردەممدا وەستا بوو باڵایەکی مامناوەندی قژێکی کەمێك درێژی زەرد، تەنکەڕیشێك پێم وایە ئەوە تەنها لەو جوان بوو، دیارییەکی بەدەستی چەپییەوەگرتبوو،بەدەستی ڕاستیشی کەمێك کڵاوەپەشمینەکەی بۆسڵاوکردن لارکردەوەو دیارییەکەی دایە دەستم ، وەك منداڵێکی بەناز گوتی :
ئەتوانم بێمە ژورەوە؟

لەو کاتەدا نەم دەزانی چی وەلاّم بدەمەوە، بەلاّم ئەو بێئەوەی چاوەڕوانی وەلاّمی من بکات بەرەوژورەوە هات ، بەدەنگێکی نەرمەوە گوتی: ناتەوێت بزانیت دیارییەکەت چییە ؟

ئەوە شمشاڵە گەر بزانیت شمشاڵ بژەنیت ، هەڵبەت ئەوە گرنگ نییە ،خۆم هاوکاریت دەکەم ، ئەزانم مامۆستایت ، دەمەوێت فێری خوێندەواریبم ،ڕەنگەبەلای تۆوە کارێکی ئاسان نەبێت بەلاّم لەوبڕوایەش دانیم داواکەم ڕەت بکەیتەوە.

من نازانم ئەوچ ئەفسونێکی لێکردم بێویستی خۆم گوتم: هەرکارێك مرۆڤ خواستی خۆی لەسەر بێت گران نییە .

ئەو ئەوهەلەی قۆستەوەوگوتی: کەواتە هەمووڕۆژێك دێم کاتژمێرچوار چاوەڕێم بە .

ئەولەباڵندەیەکی ماڵی دەچوو هەموو ئێوارەیەك لەکاتژمێر چواردا لەبەردەمی دەرگاکەدا دەوەستا .

ڕۆژانە زیاتر لەکاتژمێرێك من فێری نوسینی پیتەکان و نوسین و خوێندنەوەی وشەکانم دەکرد، تاڕادەیەکی باش فێری خوێندنەوەو نوسین بوو بوو، بەلاّم هەستم دەکرد ئەو دەیەوێت ئەوە بشارێتەوە، ئێوارەیەك ڕاهێنانم پێدەکرد،دەمویست بنوسێت حەمەدیان بەلاّم نەیدەزانی ،پیتەکانی تێکەڵ دەکرد،بۆیە خۆم دەستم گرت تا وشەکە بنوسێت، بەلاّم هەستێکی سەیرم لادروست بوو،دەستم بەدەستییەوە دەلەرزی،قەڵەمەکەم داناو گووتم "وازی لێبێنە "

گووتی" شتێك بووە؟"

گووتم "نا، بەلاّم ئیتر تۆ هەموو پیتەکان فێربوویت، پێویستە خۆت ڕاهێنان بکەی"

گووتی" بێزاربوویت لێم؟"

نەمزانی چی وەلاّم بدەمەوە دڵم وەك چۆلەکە دەلەرزی،هەستێك سەرتاپای داگیر کردبووم کەتا ئەو ساتە هەگیز هەستی وام بۆ دروست نەبوو بوو، ئاخر ئەوە یەکەمین

جارم بوو دەستی زبرو ئەستوری پیاوێکی بێگانە بگرم ، نا هەر پیاوێکی بێگانە . بەڵکو یەکەم جاربوو دەستم بەردەستی پیاوێك بکەوێت .

ئەو ئێوارەیە حەمەدیان بەجۆرێك لەچاوەکانم ورد بۆوەچووبووە قولآیی چاوەکانمەوە،وەك ئەوەی بیەوێت وێنەی خۆی بۆ ئەبەدی لەچاومدا جێبهێڵێت.

ئەشێ ئەو ساتە وەها منیش لە قولآیی چاوەکانیدا ون بووبێتم ،نازانم بۆ لەپڕ چاوەکانم نوقاند و سەرمداخست و لەژێر لێوەوە گووتم"تکائەکەم حەمەدیان، بمبورە کەوادەڵێم ، بەلآم ئەمە دواوانەبوو "

بەنابەدڵییەکەوە گوتی:" باشەمن قسەیەکم نییە بێزات ناکەم بەلآم زۆرشت ماوە کەدەبوو لە تۆ وە فێر ببم."

هەستاو بێ ماڵئاوایی کردن ماڵەکەی بەجێهێشت.

ئێواران وەك هەمیشە دەستی دەکرد بەشمشاڵ ژەنین ، سەرمەندی ئەفسونی کە دەهات بۆ ماڵی ئێمە ئەویشی ئاگادار دەکردەوە کەبێت،بەلآم نەئەو باسی هیچی بۆ سەرمەند کردبوو، نەمن هیچم گووتبوو،وەك دووبوونەوەری زووپر لەژوورێکدا دادەنیشتین، دڵمان بۆ یەکتری لێیدەداو ،غروری ئاشت کردنەوەی یەکمان نەبوو ، ئەوشەوانەی کەسەرمەندی ئەفسون و گوڵیار لێرە بوونایە لەگەڵ سەرمەندی ئەفسوندا تادرەنگانێکی شەو خەریکی قسەکردن بوون، هەندێك شەویش سەرمەندی ئەفسون شەترەنجەکەی لەگەڵ خۆیدا دەهێناوحەمەدیانی فێری یاری شەترەنج دەکرد،جارجار شەترەنجەکەشی لە ئەمیری ئەفون دەبردەوە.

ئێوارەیەك ئەو خەریکی شمشاڵ ژەنین بوو، منیش لەپشتی پەنجەرەکەوە گووێم گرتبوو،ڕستەکانی ئەو وەك مێخ خەریك بوو مێشکیان ئەسمیم "گەربەبونی من بێزار دەبیت دەڕۆم باشە هەر لەئەمڕۆوە دەڕۆم "لەگوێچکەمدا دەزرنگایەوە، لەبەرچاوم بوو بەدڵێکی شکاوو هەستێکی بریندارانەوە هەنگاوی دەنا وەك ئەوەی هەنگاو بەرەو

مردن بنێت،تاگەیشتەنزیکی دەرگاکە چەند جارێك ئاوڕی بۆدامەوە ، لەدڵی خۆیدا وای بەبیردادەهات من لەبڕیارەکەم پەشیمان دەبمەوەو بانگی دەکەمەوە، دواجار بەدەنگێکی کەساسانەوەگوتی: "دەڕۆم باشە دەڕۆم ،دەڕۆم بەڵام دەزانم بیٔ من هەڵناکەیت، دەزانم،کەناتوانی گویٔ لەدەنگی شمشاڵەکەی من نەگریت ، لاتوایەمن هیچ نازانم ...بادەزانم کەتۆ وێنەیەکی منت دروست کردوەو هەر لێرە لە بەشی دواوە لای پەنجەرەکەوە هەڵت واسیووە" .

گەڕایەووە لای من و توند مەچەکی گرتم و بەرەولای وێنەکەی بردم ، پارچەخامەکەی لابردو گوتی: گوڵخانم ئەمە مانای چییە؟ گەر منت خۆشناویٔ بۆ وێنەم دەکێشیت گەر وێنەشم دەکێشیت بۆ دەیشاریتەوە هەر بۆ ئەوەی من نەزانم چەنێك هۆگری من بوویت؟ بۆ ئەوەی نەزانم بێمن هەڵناکەیت؟ با من هەمو ئەو شتانە دەزانم".

لەو کاتەدا سەراپای گیانم دەلەرزی ، چونکە هەمووقسەکانی ئەو ڕاست بوون نەمدەتوانی بیٔ ئەو بژیم هەربۆیە ئەوبڕیارەم دابوو لەخۆمی دوربخەمەوە زۆرجار بەخۆمم دەگوت: "ئاخرتۆناتوانیت لەگەڵ کەسێکدا بژیت جیاوازی نێوانتان لەهەمان جیاوازی نێوان ئاسمان و زەوی وابێت" ئەوڕۆژەی بۆ یەکەم جار سەرمەندی ئەفسون و گوڵیار ئەویان لەماڵی مندابینی خۆشحاڵ بوون، نازانم بۆ؟بەڵام ڕەنگە هۆکەی ئەوە بووبێت من خۆشم لەهەموو کەسێك نەدەهات ، بەڵام ئەو لەهەمووئەوکەسانە جیاوازتربوو کەلەژیانمدا بینی بووم ، من ئەو وێنەیەی حەمەدیانم لەیەکێك لەڕۆژەکاندا دروست کرد....دنیاکشومات ئاسمان ڕەنگێکی زەدی مەیلەو پرتەقاڵی دەنواند، ئەوپەڵەهەورەگەورانەی لەئاسمانی شاردا دەردەکەوتن مەیلەوسوربوون ، حەمەدیان بەدەرونێکی ئارامەوە شمشاڵە کەی بەرکی دەرهێناو هەرئەوەندەی ئاوازەکەی گەیشتە گوێم هەستم کرد ئەوە ئەوساتەیە کەدەبێت. بووەستێنرێت و بۆ هەمیشە. بەزیندوویی بیهێڵمەوە.".

گوڵخانم توند دەستی من و مەردۆخی گرت گوتی: بابچین بۆژووری وێنە کێشانەکەم دەمەوێت ئەو وێنە یەتان نیشان بدەم .

گوڵ خانم کەمێك بەژورەکەدا گەڕاو بەرەو لای یەکێك لەو باوڵە گەورانەچوو لەبەشی لای سەرووی ژورەکەدا لەسەریەك هەڵی چنیبوون ، یەکێك لەباوڵەکانی نیشانی مەردۆخی داوگوتی :ئەمەیانە دڵنیام لێرەدادامنابوو، لەگەڵ هەڵ دانەوەی سەری باوڵەکەدادەنگی شمشاڵێك سەرسامی کردین ،مەردۆخی چەندجارێك چووەلای پەنجەرەکەوەو گەڕایەوە تووشی شۆك بوو بوو،گوڵخانم بەعیشقەوە وێنەکەی دەرهێناوگوتی:" وەرن وەرن سەیرکەن ئێستاش هەروەکو خۆیەتی، ئەوەتا مەردۆخی سەیربکە بزانە چەندەلەتۆدەچێت؟ چاوەکاڵەکانی قژەزەردە ئاڵۆسکاوەکەی ،یاسەمین وەرە سەیری چ عەجەب هەرئەڵێ یەك بونەوەرن لەگەڵ مەردۆخی .

مەردۆخی کەمێك لەوێنەکە وردبۆوەوگوتی:نازانم بڵێم چی بەڵام ئەم وێنەیە زۆرلەوە ئەفسوناوی ترە .

چاوم لەسەروێنەکە بۆهەڵنەدەگیرا بەزمانێکی ئاڵۆزەوە گوتم:چ دیمەنێکی جوانە ئەوجلانەی چەند لەگەڵ دیمەنەکەدا گونجاوە.تادەهات وێنەکە ڕاستەقینەتر دەردەکەوت، مرۆڤ تەواوهەستی بەبوونی ئاوابوونی خۆردەکرد ،دەنگی شمشاڵەکەش ئەوەندەیتر سەرسامی کردبووین.

گوڵخانم دووبارە دەستی کردەوە بەقسەکردن گوتی:" ئەو ئێوارەیەی خەریکی ڕەنگ کردنی ئەم وێنەیە بووم سەرمەندی ئەفسون وگوڵیار هاتن، سەرمەند کاتێك وێنەکەی بینی گووتی: گوڵخانم وێنەیەکی پڕ لە جوانییە،بەکار هێنا و گونجاندنی ڕەنگەکان لەگەڵ یەکدا، هەرگیز پێشتر من ئەو ڕەنگانەم نەبینیوە، هێندە سروشتی تێکەڵت کردوون،بەدەست لێدان نەبێت ناتوانی باوەڕ بکەی ئەمە تابلۆیە،سەیری تۆنە

خەرمانەییە ئاگرئاسا پرشنگ دارەکان، ڕەنگی شینی کراس و سەیری سێبەری کاڵی و تۆخی شەڕواڵەکە تەنانەت قووڵایی ناو شمشاڵەکەش هەست پێدەکەی ، من هەست بەدەنگی شمشاڵەکەی حەمەدیان دەکەم ، وردەوردە هەست بەئاوابوونی خۆردەکەم ".سەرمەندی ئەفسوون ئەوبەهرە سەرنج بەرەی کاتێك بۆ درووست بووبوو. کە سەیری هە وێنەیەکی بکردایە،کەبەلایەوە جوان بوایە ئەفسونێکی بۆدروست دەبوو، کەتەمەنی لەسەرەتای پانزەساڵیدابوو. تازە لە یمانگای هونەرە جوانەکان وەرگیرابوو، باوکی هەمیشە حەزی کردبوو ببێت بە ئەندازیار. بەلاّم ویستی سەرمەند شتێکی تربوو، شەوێك لەکاتی دروست کردنی وێنەدا، باوکی دەرگای ژوورەکەی دەکاتەوەو. هەموو ڕەنگەکانی بۆتێکەڵ دەکات و هەموو تابلۆکانی بۆدەشێوێنێت، هەتا یەك هەفتە لەژوورەکەی نایەتە دەرێ، سەرمەد خۆی دەڵێت" نازانم چەند ڕۆژ بێهۆش بووم، بەلاّم دەزانم ئەو چەند ڕۆژە لە، دوونیایەکی ئەفسانەیی خۆش و دڵگیردابووم. هەر وێنەیەکم دەکێشا دەبوو بە حەقیقەت ، ئێستاش ئەو وێنانەی دەیانبینم و ئێوەهەست ئەکەن من ئەفسونم لێکردوون لەڕاستیدا. ئەوانە خودی خۆیان ڕەنگەکانیان و وێنەکان لەو وێنانە ئەچن من لەو دوونیایەدا بینیبووم."

تاوێك لەمەڕدۆخ ڕاما و دەستێکی بە پرچی مندا هێناو گووتی:من تا ئێستاش نەمتوانیووە وێنەیەکی تری حەمەدیان دروست بکەم، ئەڵێم "نەوەك لەجوانیدا لەونەچێت و لێم زویر ببێت"، بێدەنگ و هێمن گوێمان لە گوڵخانگرتبوو،گوڵخانیش وەك ئەوەی چیرۆکی حاتەمی تەیمان بۆ بگێڕێتەوە چووبووە قووڵایی باسەکەوە، بەدەنگێکی پڕلە سۆزەوە جارجارە، ئاوازی گریانێك لەگەرووی دەهاتەدەرەوە، چاوی لەچاوەکانی من بڕی و گووتی " خۆی دەیزانی چەند هۆگری بوو بووم ، ڕۆژ تێپەڕی وهەفتەتێپەڕی و مانگ تێپەڕی قسەمان لەگەڵ یەکتری نەدەکرد، زویربوو بوو،لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئێواران کەلەشوانی دەگەڕایەوە دەستی دەکرد بەشمشاڵ ژەنین

،تائەو ئێوارەیەی بەیادی ڕۆژانی ڕابردوو بەدەشتە کاکی بەکاکییەی ئەوبەردا دەهاتم ودەچووم ولەوهەورە ئەسمەرە پان و بەرینەم دەڕوانی کەبەری ئاسمانی شاریان گرتبوو،جارجارە یەکیش تاچاوبڕی دەکرد دووردوور دەمڕوانی ،دەمڕوانییە ئەوپاسارییە بێنازانەی کەئاسمانی شاریان جێدەهێلاو بەدوای هێلانەیەکی تردا دەگەڕان ،تا تیایدا ئارام بگرن ، منیش وەك ئەوان بەشوێن ئارامیدا وێڵ بووم ، هێلانەم هەبوو، بەلاّم وەك بەفرسارد وەك بەرد بێهەست ،چاوم لەوتکەبارانە بڕی بووکەلەوبەرزایی ئاسمانەوە دەهاتنە خوارەوە ڕاستەو خۆ خۆیان دەخزاندە نێوانی کونیلەبچووکەکانی زەوییەوەو بەپەرۆشەوەتێکەڵی خۆڵ وخاك دەبوون، سەراپام لەجۆڕاوگەی باران هەڵکشابوو،بەجۆرێك لەناخەوە هەستم بەبوونی باران .....و...زەوی...و...ئاسمان......و...تەڕبوون دەکرد،بەجۆرێك تێکەلاّوی ئەوهەستە بووبووم ئاگام لەچواردەورم نەمابوو،کەسم بەدی نەدەکرد،بەلاّم دووبارەدەنگی شمشاڵەکەی حەمەدیان بێداری کردمەوە ،بەهەرچواردەوری خۆمدا خولم دەخوارد ، توووند دەستەتەزیووەکانی گرتم و لەئامێزی گرتم بەدەنگێکی نووساوەوە بەئاوازێك کەدڵی دادەخورپان گوتی: گوڵخانم ....گوڵخانمەکەی خۆم ...بەپەنجە زبروئەستورەکانی فرمێسکەکانی چاوی سڕیم وبردمیەوە بۆماڵی خۆیان ، پورەسەلمە هەرکەمنی بینی هات بەپیرمەوەو گوتی: خێرە کچی خۆم ؟

بەرلەوەی من شتێك بەزارمابێت حەمەدیان خۆی وەلاّمی دایەوەو گوتی:"کاتێك من دەگەڕامەوە گوڵخانم لەڕێگابینی سەراپای لەئاو هەڵکشابوو،وام بەباش زانی بیهێنمەوە بۆماڵی خۆمان ".ئیتر نەئەو زۆرلەسەری ڕۆیشت و نەمنیش هیچم گوت ، سەراپام لەئاو هەڵکێشرا بوو،وەك بی ناوئاو لەسەرما هەڵدەلەرزیم،پورەسەلمە لەماوەی چاوتروکانێکدا چوودەستێك جلی بۆهێنام، وبەسۆزێکی دایکانەوەگوتی :لەبەری بکە باتۆزێك گەرم دابێیت،ویستم هەستم برۆم بەلاّم ئەوان نەیان هێشت ، پورەسەلمە خێرا

خێرا جلەکانی دەدایەدەستم ودەیگووت:" تۆجارێکا ئەوجلانەلەبەربکە تاکەمێك گەرم بیتەوە، بڕوانە ئەمشەو ناهێڵم هەنگاوێکیش لەم ماڵە بنێیتە دەرەوە "

هەستم بەماندووبوونێکی زۆردەکرد، بەرچاوەکانم تاریك بوو بوو،ناوچەوانم گەرم بووبوو،هەستم بەگەرمایەکی زۆردەکرد،هەرزوو پورەسەلمە جێگەیەکی لەسەروی ژوورەکەوە بۆئامادەکردم حەمەدیان منی بەوشێوەیەبینی ئارامی لێهەڵگیرابوو، بەخاولییەکی تەڕ خێراخێرا ناوچەوانی بۆفێنك دەکردمەوەو دەیگووت:" ئاخرتۆ بۆ وات لەخۆت کرد، نەتدەزانی بەوجۆرە نەخۆش دەکەویت ؟؟ خۆزگەم کاربەم جۆرەنەدەبوو، هێندەکەللەڕەق نەدەبوویت،دەتەوێت هەواڵ بەگوڵیاربدەم؟"

بەسەرجووڵاندنێك نیشانەی نا بووسەرم ڕاوەشاند،بۆماوەیەك ئەوبێ ئەوەی شتێك بڵێت بەدیارمەوە دانیشت، جارجارەیەکیش چەند دڵۆپێك فرمێسك وەك دەنکەمرواری بەڕوخساریدا دەهاتەخوارەوە، بەهێمنی دەیسڕی ، شەو زۆری بەسەرچووبوو نازانم چۆن و کەی خەوم لێکەوتبوو،کاتێك چاوەکانم کردەوە ئەولەژوورسەرمەوەدانیشتبوو، دەستێکی لەسەرناوچەوانم دانابوودەستەکەی تریشی لەسەردەستی ڕاستم ،بەئەسپایی گوتی: باش بوویت؟

گوتم: باشترم بۆچی تائێستانەنوستوویت؟

بەزەردەخەنەوە گوتی:مەگەرئەکرێت تۆنەخۆش بیت ومنیش بەئارامی بێ خەیاڵ بنووم ،ئەوەتادایکم لەویاخەوتووە،من هەرچەندەم کرد خەونەچووەچاوەکانمەوە.

گوتم: زۆردەترسام زویربوویبێتی لێم ،لەڕاستیدامن واهەست ئەکەم مەودای نێوان من ومرۆڤەکانی تربەئەندازەی مەودای نێوان زەوی و ئاسمان بێت ، هەرچەندە تۆلەهەموو بوونەوەرەکانی تر جیاوازتریت بۆمن ،تۆئەوکەسەیت ناتوانم لەیادت کەم.

گوتی: هەرزووزانیم..... زووزانیم ...بزانە منیش ئۆقرەم نەبوو، نەمدەزانی بەچ زمانێك باسی ئەوهەستەت بۆبکەم سەراپای ژیانی داگیرکردووم، ڕاستی ئێرە

ئەومەملەکەتەیە کە پڕیەتی لەگومان ...گومان کردن لەڕوخسارە جیاوازەکان ....گومان کردن لەومرۆڤانەی بێئەوەی چاوەڕوانی هیچ پاداشتێکبن کارەکانمان بۆڕایی دەکەن ، عاشق بوونیش ئەو چرکەساتە یە لەدوای تێ پەڕینی ئەبێت بەڕابردوو،کۆی هەمووڕابردوەکانیش ئەبێت بەچیرۆك ،ئای ......چەندجوانە ئەوچیرۆکەی پڕیەتی لەیادەوەری شیرین ،پڕن لەزەردەخەنە.....پڕن لەپەرجوی چاوەڕوان نەکراو،گوڵخانم بزانە هەرچەندە یادەوەرییەکان شیرین بن و پربن لەزەردەخەنە ،سەرئەنجام کەبوونەڕابردوو لەگەڵ گێرانەوەی هەریادگارییەکدا قولپی گریان گەروت دەگرێت ".گووتم" ئەوەی هیچکات ناتوانین قەرەبووی بکەینەوە ڕابردووە، هیچکات ناتوانین کاتژمێربوەستێنین وزەمەن بەرەودواوە ڕاوبنێین ،من دەزانم عاشقی بەکاری ئێمە ناخوات ...من دەزانم کەتۆفریشتەی مەملەکەتێکیت ومنیش پەروانەی پەڕوباڵ کراوی مەملەکەتێکی دیکە .من بۆخۆم ئەژیم، بۆتۆئەژیم ، نەك بۆ خەڵکێکی دیکە، ئەزانم خەڵکەنەفامەکان گوێ بۆئەوخورشیدوخاوەرانەناگرن ،ئەوان دەڵێن گوڵخانمێکی لەپەڕەی گووڵ ناسك تر ومامۆستاچۆن مێرد بە کوڕێکی شوانی نەخوێندەوار دەکات .ئای ....چەند نەفامن !!ئەوان دەزانن سەریاس بەگ کەیەکێك بوولەهاوپۆلییەکانی خۆم چەند جارناردی خوازبێنیم بەڵام من بەشایستەی وەڵامدانەوەشم نەدەزانی ، ئای....... قایمقامەکە کەشێت وشەیدام بووبوو،هاهاها ...بەپێکەنینێکی بەگاڵتەجاڕانەوە دەمگووت کێ...قایمقام.......هەمیشەخەیاڵە هەندێك جاربەیانیان کەدەڕوات بۆسەرکار بۆگەنی دەمی ڕۆژەڕێیەك دەڕوات ،جاری واش هەیە ئەوەندە عەتروگولاو لەخۆی دەدات تابۆنی دەمی بشارێتەوە ،بەشەرگێژوکاس دەکات".

گوڵ خانم لەم خەیاڵا تانەدابووخۆی دەیزانی ئەوخەڵکە نەفامە چۆن بیردەکەنەوە،خۆهەموویان هەربەشوێن پول وپارەوەن ،هەرگیزبیرلەوەناکەنەوە

ئاخۆئەومرۆڤانەی کەلەوکۆشکوتەلارە بەرزانەدان تائەوپەڕی دڵ خۆشی خۆشحاڵن!
نا........هەرگیزنا....بەوجۆرە نییەکەئەوان تێیگەیشتوون .

بێئەوەی ورتەم لێوە بێت چاوم لەچاوە خەیالاَویەکانی حەمەدیان بڕی بوو بۆئێستێك ئەویش بێدەنگ بوو پاشان گووتی: گوڵخانمەکەم ئەزانم ئەمشەوماندووم کردیت بەلاَم بم بوورە.

گووتم: نا...ئەوەی کەمن دەمەویت بیلێم ئەوەیە بریاهەموومرۆڤەکان وەکوتۆبێگەرد بوونایە....خۆزگە تۆی بێگەرد بەگەردووتۆزی نامەردەکانی سەرزەوی پیس نەبوویتایە ..........."

دەمێك بووگوێم بۆ یادەوەرییەکانی گوڵخانم ڕادێرابوو بەبزەیەکی پڕلەماناوەگووتم : کەواتەتۆش عاشقی حەمەدیان بوویت؟

گوول خانم بۆماوەیەك بێدەنگ بووجگەرەیەکی داگیرسان گووتی:هەروەکو ئێستای تۆ کە عاشقی مەردۆخیت. هەرلەسەرەتاوە خۆشم لەوەدەترسام عاشقی ببم ،هەر ڕێك وەك ئەوەی لەوە دەترسام تۆش عاشقی مەردۆخی بیت، هەربۆیە وازم لە وانەوتنەوەهێنا، پاش هەفتەیەك ،ئێوارەیەك وەك هەمووئێوارەکانی ترهات ،چ هاتنێك بوو!!! شەوقی پێلاَوەنوێکانی وسەراپاجلە ڕەشەسادەکانی گرنگییەکی تایبەتیان بەکەسایەتی ئەوبەخشی بوو،ملپێچە سپییەکەی بەشێکی بەسنگ وبەرۆکی دا شۆڕکردبۆوە بەشەکەی تریشی بۆدواوە هەڵدابۆوە ،شەوقی بەڕوخساری بەخشی بوو،بریسکەیەك لەقولاَیی چاوەکانیدابەدی دەکراکەنیشانەی خۆشحاڵی بوو، لەبەردەمی دەرگاکەداوەك پەیکەرێك ڕاوەستابوو،کاتێك دەرگاکەم لێکردەوە چەپکێك گوڵی گەورەی سروشتی دایەدەستم ، دواترزانیم ئەوجلانە سەرمەند بۆی هەڵبژاردبوو، هەردووکمان بەبێدەنگی چاومان لەچاوی یەکتری بڕی بوو،چاوەکانمان بۆیەکتری ئەدوان

،ئەوبەچاو دەیگوت :ئێستامن بەم جل وبەرگانەوە لەشارستانیە خاوەن پلەو پایەکان دەچم؟ دەتوانیت ئێستالەنێوان ئێمەدا جیاوازییەك بکەیت لەڕوخساردا؟

من دەمگوت: بەهەرجۆرە جل وبەرگێکەوە بێت خۆشمدەوێ ، تۆئەوکەسەیت بەردەوام بۆنی ماندوو بوون و ڕەنج وئارەقی نێوچەوانت لێدێت ، تۆوباران هیچکات لەنێوانتاندا جەنگ دروست نابێت،شارستانییەکان ،بەچەترەکانیان بەگژ باراندا دەچن،بەڵام تۆ بەگژتەڕبون وباراندا ناچیت، سڵ گەرماو باو سەرماو کڕێوەی بەفر ناکەیتەوە.

گفتوگۆی چاوەکانمان کۆتایی نەدەهات ،ئەوبێدەنگییەکەی شکاند وگوتی: ناتەوێت بێمە ژورەوە؟

بەو ووتانەی بەخۆدا شکامەوەوگوتم: ببورە فەرموو.

بەدەم هاتنە ژورەوەوە گوتی: تازەناتوانم بەوئاسانییەدەست بەردارت ببم، دەمەوێت سبەی شەو لەگەڵ دایکم دابێین ئەگەر ڕێگەبدەیت ؟

لەحاڵێکدا باش نەمدەتوانی بڕیاربدەم، بەڵام نەشم دەتوانی داخوازییەکەی ڕەت بکەمەوە ،گوتم : نازانم ..خۆت باش ئەوەدەزانیت، گەرتۆهەڵبژێرم دەبێت بکەومە ژێرباری تانەیەکی زۆرەوە "

،پاش بێدەنگییەك وەك لەوماوەیەدا بیری لەوڕاوێژەی من کردبێتەوە گوتی" ئەی دڵی خۆت دەڵێت چی؟ تۆژیانی خۆت لەلاگرنك ترە یان تانەی خەڵکی؟"

بەجۆرێك ئەووتانەی لەدەم هاتنەدەرەوەووەك ئەو وەڵامەی من زۆر توڕەوقەڵسی کردبێت و پەشیمان بێت لەهاتنەکەی .

گوتم :" ئەوەدیارە جگەلەتۆ کەسێکی ترهەڵنابژێرم ،بەڵام دەترسم،حەمەدیان زۆردەترسم،ترسم هەیە لە لەدەست دانی تۆ ."

هاتەوە سەرخۆو لەجێگەکەی خۆی هەستاو هاتەلامەوەو دەستێکی بەقژمدا هێناو گوتی:" کەواتە دێین، دڵنیابە تاکۆتایی تەمەن دەست لەتۆ هەڵناگرم ،مەگەرمردن ......."

خێرا قسەکەم لەدەم وەرگرتەوەو گوتم: "ئەمە یان نا ......هەردووکمان بەیەکەوە دەژین .....ژیانێکی خۆش و شاهانە"

کاتێك ڕۆیشت وەك با لەخۆشی دا لەماڵ چوە دەرەوە.

هەمووئێوارەیەك لەسەرتارمەکەچاوەڕوانم دەکرد تادەگەیشتە ماڵەوە ، هەردوکمان لەخۆرئاوابوونمان دەڕوانی ،ئەوشمشاڵەکەی دەردەهێناو تاخۆرئاوادەبوو،شمشاڵی دەژەنی."

ڕۆبێرت بەنەرمی چەپڵەیەکی لێدا وماچێکی ڕومەتە سور هەڵگەڕاوەکانی کردم و گووتی" چ ئاوابوونێکی جوانە، ڕێك لەم ساتەی من و تۆ دەچێت."توووند دەستی منی گرت،لەدوای مەردۆخی شەیدا ئەوە یەکەمین جاربوو هەست بە بوونی پیاوێك بکەم ئارامیم پێببەخشێ، ڕێك هەست بەو ساتی پێکەوە بوون وڕوانینەی گوڵخانم و حەمەدیان دەکەم .

"عەشق دووبارەبوونەوەی چیرۆکەکانە، لەزەمەنی جیاواز و کەسایەتی جیاوازدا لەسەر هەمان زەمین " ئەم ڕستەیە حەمەدیان گووتی " نانا ببورن ڕۆبێرتۆگووتی" .

# بەشی دووەم

# (لێرەوە چیرۆکی من دەست پێدەکات)

٢٠١٧-٧-١

ئەمڕۆ یەك شەممەیە، بەتەنها لەقاوەخانەکە دانیشتووم، وەك هەموو هەفتەکانی پێشوو کوپێك قاوەی تاڵم لەبەردەمدایەو ڕۆمانێکم گرتووە بەدەستمەوەو دەمەوێت بیخوێنمەوە بەڵام هەرچەند ئەکەم خەیاڵی پەرتبووم لەسەر دێڕەکان بۆ کۆنابێتەوە، ئەمەوێت بەخۆمی بسەلمێنم کە عاشق نیم، ئەمەوێت بەخۆم بڵێم،قسەکانی گوڵخانم هەمووی ڕاست بوو،هەرگیز جارێکی تر مرۆڤ ناتوانێت عاشق ببێتەوە، ئەوەی لەدوای یەکەم خۆشەویستەوەیەت تەنها ئەکرێ مرۆڤێکی جوان بێت و دواتر بە ئاسانی لەبیر بکرێ،بەڵام نا،هیچ کامیان لەبیر ناکرێن، خۆزگەم دەخواست ڕۆبێرتم لەتەنیشتەوە بوایە، بەڵام ڕووبەڕووی دڵم دەبمەوەو نامەوێت پەیوەندی پێوەبکەم، کات خەریکە دڕەنگ دەبێت، قاوەکەم سارد بۆتەوەو،تەنها یەك دێڕیشم لەکتێبەکە نەخوێندۆتەوە، بەخۆمم دەڵێم گەر ئەو بیویستایە دەهات، خۆدەزانێت ڕۆژانی یەك شەممە دێم بۆ ئێرە.

ئەمە هەستی دووبارە بوونەوەی هەمان چاوەڕوانی درێژی منە بۆ مەردۆخی شەیدا،دەفتەری یاداشتەکانم لە گیرفانی جانتکەم دەرهێنم، وەك ئەوەی بمەوێت ئەم چاوەڕوانیانە بەراورد بکەم ، بەخۆمم دەڵێم " پێویستەهەندێك جار غروری خۆمان بشکێنین، لەپێناو گرنگیدان بە خۆشەویستانمان، ئەبێت هەندێك جارعەقڵ چۆك بۆ دڵ دابدات"، بەڵام من ئەوەم تەنها بەدەورو بەر ڕەوادەبینی پێم وابوو دڵی من و ئەقڵی

من لەهی هەمووان جیاوازترە، و دەبیّ هەردەم دلّ ئەو پارچە بەردەبیّت کە هەمیشەدەشکیّ و ئەقلّ پیّی لیّدەنیّت، بەلاّم ئەمە لەشکۆی بەرد بوونی کەم ناکاتەوە،هەندیّك جار بیرم دەکردەوە، ئەشیّ هۆکار هەرئەوەبیّ کە هەمووان واتیّدەگەن بیّهەست ترین مرۆڤم، بیّئاگا لەوەی ئەو بەردە بچکۆلەیەی ناومندایە بەدلّ ناو دەبریّت،گەوهەریّکە لە هەست و سۆز، تا کە کەسیّك لەدوای مەردۆخی شەیدا ویستم ئەو هەموو هەستە زۆرەی پیّببەخشم، ڕۆبیّرتە،کۆتاجاربڕیاددەدەم ، مۆبایلکەم هەلّبگرم و زەنگی بۆ لیّبدەم.

زەنگی بۆ لیّدەدەم ، بەلاّم لەباتی ئەو ژنیّك وەلاّمی دەداتەوە، لەجیّگەی خۆم وشك دەبم،تەنها لەوەلاّمی ئەلوی خانمەکەدا بە قوڕگیّکی پڕ لەگریانەوە دەلّیم، " کیّت جەنابت"

دەلّیّت " هاوسەری پیّشووی ڕۆبیّرتم ..ئیّوە؟"

ئەوەندە توانم بلّیّم" ببورە بە هەلّە ژمارەکەم وەرگرتووە" گریان قوڕگی گرتووم، بەلاّم نامەویّت بگریم ، ئەوەی دیّتە بەرچاوم تەنها ئەوەیە، کە ئەوان لە جەویّکی ڕۆمانسیدان، و خەریکی کات بەسەر بردنن، بەخۆمم دەلّیم "ئاخر بۆیە ناتوانم باوەڕ بەهیچ پیاویّك بکەم"

بۆئەوەی گریانەکەم بشارمەوە ڕادەکەمە بەر دەست شۆرەکەو ئاوەکە بەردەدەمەوەو ، چەند جاریّك چنگەکانم پڕ دەکەم لە ئاوو دەیکەم بەدەم و چاومدا سەرم هەلّدەبڕم لە ئاویّنەکەوە خۆم دەبینم،وەك هەمیشە من دەگریم و هەست دەکەم کچی ناو ئاویّنەکە فرمیّسکەکانم بۆ دەسڕیّت ،و بە هیّمنی پیّیم دەلّیّت" تۆ گومان لەهەمووشت دەکەی ، بۆ هەولّت نەدا بزانیت ئەو ژنە کیّ بوو"

"ئەو دانی بەوەدا نا هاوسەری پیّشووی ڕۆبیّرتە لەوە زیاتر چی"

"تۆ ئەبیّت بەرگەی ڕاستییەکان بگریت"

"ناتوانم باوەڕ بەوە بهێنم، ڕۆبێرت کابرایەکی نوسەر بەو جۆرە منێکی سادە و بێچارە هەڵبخەڵەتێنێت"

"دووبارە دەموو چاوت بشۆو، هەولبدە پەیوەندی پێوە بکەرەوە"

" نا...نا هەگیز ئەمەیان نا..."

کۆتاجار ئاودەکەم بەدەموچاومدا و دەچمە دەرەوە، چەند جار پەیوەندیم لە ژمارەکەی ڕۆبێرتەوە بۆ هاتووە، بەڵام وەڵامم نادەمەوە.

دواجار لە ژمارەیەکی نە ناسەوە پەیوەندیم پێوە دەکرێت، وەڵامی ئەویش نادەمەوە، جانتاو کتێب و دەفتەری یاداشتەکانم هەڵدەگرم و قاوە خانەکە بەجێدەهێڵم ،بەڵام ئەوەی بەرچاوم چۆڵناکات تاڵترین بیرەوەری ژیانمە، درێژترین چاوەڕوانی بووکێك بۆ زاوایەکە .

"ئەوجلەسپییانەم لەبەرکردبوو،کەگوڵخانم وەك بەنرخ ترین دیاری ئاهەنگەکەمان پێشکەشی کرد بووم ،هەمیشەدەیگوت "ئەمە تاکەیادگارییە کەلەحەمەدیانەوە بۆم ماوەتەوە ،دەمەوێت تۆش ڕۆژی ئاهەنگەکەت لەبەری بکەیت ".

" زیاترلەدووکاتژمێربوو لەئارایشتگاکە دانیشت بووم،چاوەڕوانی هاتنی زاوام دەکرد،هەرچەند لەئاوێنەکەم دەڕوانی و وێنەی خۆم تیادا بەدی دەکرد ،لەوێنەی کچێك ئەچوو کە چاوەڕوانی مەرگ بکات نەك زاوا، کاتێك سەیری کاتژمێرەکەی دەستم دەکرد ئەو هەموو کاتە تێپەڕی کردبوو، هەزار بیری خراپ بەمێشکمدا دەهات"

لەولاشەوە حەوشەو باخ وباخاتەکەهەمووی بەکورسی و مێز ڕازێنرابوونەوە،سەرمێزەکان هەمووقووماشی سیرای سپییان بەسەردا درابوو، لەسەرهەرمێزێك قاپێك میوەو گوڵدانێکی پڕلەگوڵی لەسەردانرابوو،پۆل پۆل میوانەکان دەهاتن ،هەموان لەچاوەڕوانی چوونی ئێمەدا بوون، دنیاتەواو تاریکی

کردبوو،کزە بایەکی ساردیش هەڵی کردبوو،لەبەرچاوومە چۆن گوڵخانم ،ئارامی لەبەر هەڵ گیراوەو هەر هات و چوونیەتی و میوانەکان بەئاشکرا هەستیان بەشڵەژانەکەی کردووە ،لەنێوان خۆیاندا هەر ورتە ورتیانە.

سەرئەنجام یەکێك لەهاوڕێکانی مەردۆخی شەیدا هات بەشوێنمدا،کاتێك ، ترومبیلەکەلەبەردەمی ئارایشتگاکە ڕاوەستا لەخۆشیدا خێراهاتمەدەرەوە،کاتێك چاوم بەهاوڕێکەی مەردۆخی کەوت لەجێگەی خۆم ووشك بووم.

لەترومبیلەکە دابەزی وگوتی: تائێستا کەس هەواڵی نازانێت ،گوتم : "میوانەکان لەچاوەڕوانی دا دیقیان کرد،لانی کەم بچم بەشوێن یاسەمین خانم دا"، تف لەزارم ووشك بووبوو،نەمدەتوانی لەجێگەی خۆم ببزوم، سەرئەنجام منیان گەیاندە ناو ترومبیلەکەو،بەدڵێکی پڕلەئاه وحەسرەتەوە گەیشتینە ماڵەوە، کاتێك ئێمە گەیشتن دەنگی شیوەن وڕۆڕۆ لەهەموولایەکەوە بەرزبۆوە،بەرەولای گوڵخانم ڕامکردوگوتم: چیبووە؟ بۆشتێك ناڵێن ؟

گوڵخانم دەستی بەتاراسپییەکەی مندا دەهێناو لێکدا لێکدا دەیگوت: کوڕی جوانم ڕۆ......زاواجوانەکەم ڕۆ.....هەرخۆم دەمزانی بەدەردێك دەڕوات.... " عەزیزجوانکار گوتی: "سوارترومبیلەکەبووەکەبێت بەشوێن تۆدا چەند پیاوێك دایان بەزاندوەو لەگەڵ خۆیان بردوویانە ".

وەك بارانی بەهار فرمێسك بەچاوما دادەهاتەخوارەوە.

هەمووان وەك باوك مردە بەسەر مندا دەگریان ، منیش وەك شێتم لێ هاتبوو،دڕم بەحەشمەتەکەدەداو ، هاوارم دەرکردو دەگریام،تادەهات زیاتربێهێز دەبووم،خۆم بەپێوە بۆڕانەدەگیرا،لەنێوان ئاپۆڕاکەدا کەوتمە سەرزەوی.

شەودرەنگی کردبوو، وردەوردەهەرکەسەو دەگەڕایەوە بۆماڵی خۆی وهێشتادنیاڕوناك نەبوو بۆوەکەئەوێ کەسێکی لێنەما،ئەوگوڵدانانەی مامەعەزیز بەدەستی خۆی

دروستی کردبوون هەریەکەو  لەلایەکەوەشکابووهەرمێزەی بەلایەکداکەوتبوو،میوەکان لەسەرئەوزەویە بووبوون بەتۆو ،لەگۆڕەپانی دواى جەنگ دەچوو. بەرچاووم ڕەش بوو، دووبارە لەهۆش خۆم چووم،کاتێك چاوەکانم کردەوە بینم گوڵخانم لەژوورسەرمەوە دانیشتوەودەگری.

تکەی فرمێسکەکانی دەکەوتنەسەرگۆناکانم ، توند دەستی گوڵخانم گرت وگووتم: هەواڵێك لەمەردۆخی شەیدانەبوو؟

ئەوەندە گریا بوو قوڕگی نوسابوو بەهەزارحاڵ توانی بڵێت :"نا....نەبەخودا دەنگی نەبوو.....هەرلەیەکەمین ڕۆژەوە من لەم ڕوداوانە دەترسام،دەترسام بەلاّیەکی بەسەردابێت،خۆمن دەمگوت :ئەو لە حەمەدیان دەچێت ،دەمگوت هەڵسوکەوتی ڕاوێژکردنەکەی پێکەنینەکەی ،خۆم دەمزانی ڕۆژێك بەجێت دەهێڵێت ".

لەسەرسیسەمەکەم ڕاکشابووم،یەك بینە دەگریام ،لێکدا لێکدابەڕاوێژێکی خەمبارانەوەدەمگوت: "مەردۆخی من نەگەڕایەوە،؟دەنگی نەبوو؟هەواڵێکی نەبوو؟ "

هیچ کەس هۆکاری دیارنەمانی ئەوی نەدەزانی ،هەریەکەو چیرۆکێکی دروست دەکرد.

دووهەفتەی ڕۆژی ڕەبەق بەسەر ون بوونی مەردۆخی شەیدادا تێپەڕی کردبوو، گوڵخانم لە ژوورەکەی خۆی خەوتبوو،منیش لەخەوێکی قوڵدابووم،لەدەرگا درا .

هەردوکمان بە پرتاو بەرەو لای دەرگاکە ڕامانکرد بەو هیوایەی مەردۆخی بێت ،بەلاّم دوو پۆلیس بوون هەواڵی کوژرانی مەردۆخی شەیدایان پیێ بوو زۆر بەبێهەستی گووتیان" تەرمەکەی دورلە شار دۆزراوەتەوەو ئەتوانن تەرمەکەی وەربگرنەوە ..."

سیێ شەو تێپەڕی کردبوو بەسەر ناشتنی تەرمەکەی مەردۆخی شەیدادا، لەبەر پەنجەرەکەدا وەستابووم، لەگژفکران ڕاچووبووم،دەنگی لورەلوری ڕەشەبا کەترسی دەخستە دڵی بنیادەمەوە ، دنیا کش و مات بوو،شەوزۆری تێپەڕی بوو، جگەلە

دەنگ و سەدای ڕەشەبایەکی تۆقێنەر دەنگی هیچ شتێکیتر نەدەبیسترا، دەنگی دەرگاکە ڕایچڵەکاندم ، بەپلیکانەکاندا هاتمەخوارەوەو لەپەنجەرەی هۆڵەکەوە سەیری دەرەوەم کرد ،کەسم بەدی نەکرد،جارێکی تردەنگی دەرگاکە کەوتەوە بەرگوێم ،گڵۆپی سەردەرگاکەم داگیرساند ،لەژێردەرگاکەوە قاچی کەسێکم بەدی کرد، دەرگای سەرتارمەکەم کردەوەو بەدەنگێکی کەمێك خۆشحالانە و تێکەلاّو بەترسەوە گوتم"کێیە؟ مەردۆخی تۆیت گەڕایتەوە؟"

دەنگی کەسێکی نامۆم بەرگوێ کەوت گوتی:"یاسەمین خانم دەرگاکەبکەرەوە من...."

- هێشتا هەرترسابووم چووم لەپشتی دەرگاکەوە وەستام،دودڵ بووم لەکردنەوەی دەرگاکە،دووبارەدەنگی کوڕەکەم کەوتەوەبەرگوێ گوتی:"بیکەرەوە خانم من کەسێکی خراپ نیم ،هەواڵی مەردۆخی شەیدام پێیە."

بێ سێ ودوو دەرگاکەم کردەوەویەخەی کوڕەکەم گرت گوتم: "بڵێ بزانم چیتا بەسەر ئەوبەد بەختە هێناوە؟"

کوڕە هەروابەهێمنی بەرام بەرم ڕاوەستاوگوتی:گەردەتەوێت بیبینیت، ئەوادەبێت ئێستا بێیت لەگەڵم .

لەحالێکی وادانەم دەتوانی بڕیاربدم ،بڕۆم لەگەڵیا؟کێ بەڵێنی ئەوەدەدات کەئەمە کوڕێکی متمانە پێکراوە گەرنەش ڕۆم ئەواڕەنگەئیتر جارێکی ترمەردۆخی نەبینمەوە بۆماوەیەك بێدەنگ بووم.

کوڕە وەك ئەوەی بیری منی خوێندبێتەوە،نامەیەکی لەگیرفانی دەرهێناودایەدەستم.

نامەکەم کردەوە وەك بی دەلەرزیم ،باوەڕیم بەچاوەکانی خۆم نەدەکرد، نەمدەزانی کەئەوە خەونە یاخود ڕاستی ،لەدڵی خۆمدا دەمگوت :ئاخرچۆن دەکرێت ،کوڕەکەگوتی:"ئەگەردێن لەگەڵم ئەوادەبێت پەلەبکەن خانم."

بێئەوەی بیرلەشتێکی دیکەبکەمەوە گوتم : تەنها بوەستە تاچاکەتێك لەبەربکەم ،لەماوەیەکی کورت دا خۆم ئامادەکرد،بەئەسپایی دەرگاکەم داخست وشوێن کوڕەنەناسەکەکەوتم.

دونیا دەتگوت خۆڵی مردوانی کراوەبەسەردا

کەسێك بەدەرەوەنەبوو،هەموان لەشیرینەی خەودابوون،دەرزیت هەڵبدایە گوێت لەدەنگی دەبوو،تاك تاك گلۆپی ماڵان دەسوتا،بۆماوەیەکی درێژکەسمان متەقمان لێوە نەهات جگەلەوەی کوڕەکەلەنیوەی ڕێگەدا گوتی: "من ناوم قاسیدە"،ئیتربێدەنگ بوو،وەخت بوولەسەرماو لەترسازراوم دەتۆقی، ئاخرگەیشتبووینە ڕێگەیەك تا کەماڵێکیشی لێنەبوو،گۆڕستانێکی سامناك بوو، لەسەرهەرگۆڕێك چرایەك هەڵکرابوو، لەترسادەمم کرایەوەو گوتم: ئێرەکوێیە؟ زۆرمان ماوە ؟

قاسید بێئەوەی ئاوڕ بداتەوە گوتی: هێندەمان نەماوە ئارام بگرە.

لەجێگەکەی خۆم وەستام ولەدڵی خۆمدا گوتم: من هیچ متمانە بەم کابرایە ناکەم ئاخربۆچی شوێنی کەوتم ،ڕاستە ڕێگەیەکی دورم بڕیووە بەلاّم دەگەڕێمەوە ،دەگەڕێمەوە ئیترچی دەبێت بابێت .

کوڕەکەئاوڕێکی دایەوەوگوتی :هەنگاو هەڵهێنە خانم ئەوەندەمان نەماوە ،ئەورۆشناییەدەبینی ئەوەلەوێ چاوەڕێتە.

گوتم: نا ...ئیتر فریوی تۆناخۆم دەگەڕێمەوە .

گوتی:بۆکوێ دەگەڕێیتەوە؟ ئارخۆتۆ ئەوهەمووڕێگایەت بڕیووە؟

-: زۆردەترسم .

-:لەچی دەترسیت؟

-: لەتۆ؟

-:لەمن بۆچی؟ ئەم چەند هەنگاوەش تاقی بکەرەوە .

-: ناتوانم .....بۆتێناگەیت ؟قاچەکانم لەدوام نایەن ،دڵەکوتەم پێکەوتووە.

-: دەی کەواتە متمانەم پێ بکە بۆئەم چەند هەنگاوەش .

لەوکاتەدا دەنگی مەردۆخی بیسترا گوتی :وەرە....وەرەلای خۆم مەترسە مەردۆخییەکەی تۆم .تادەهات دەنگەکە نزیکتردەبۆوە.

لەخۆشیدا کەوتمە سەرزەوی ،مەردۆخی ، کاتێك چاوەکان کردەوە دەستی دەهێنا بەدەموچاومداو دەمگوت: باوەڕبەچاوی خۆم ناکەم کەچۆن توانیم جارێکی تر بت بینمەوە.

مەردۆخی هەردوودەستی منی گرت وگوتی: ئێمەزۆرکاتمان نییەکەبەیەکەوە بین ، ئەوەندە دەتوانم پێت بڵێم ئەرکی تۆ لەمەودواقورس تردەبیت ،من هیچ کاتێك ناتوانم بگەڕێمەوە،ئەوەتۆیت کەدەبێت بێیت بۆلای من .

گوتم: کەواتە ناڕۆمەوە منیش لەلات دەبم .

گوتی: نا.....ئێشتا تۆکاتت نەهاتووە کاتی تۆش دەگات ، ئێمە دەتوانین تا بەرلەخۆرهەڵهاتن بەیەکەوە بین .

گوتم: ناڕۆم بەجێت ناهێڵم،مەردۆخی ئەمەئەوجلانەنییە کەبڕیاربوو بۆئاهەنگەکە لەبەری بکەیت؟ ئەی بۆواخوێناوین ،قسەبکە بزانم چیت بەسەرهاتووە؟

-تۆڕاست دەکەیت من دەبوایەبەم جلانەوە ئامادەی ئاهەنگەکەبوومایە،نازانم چۆنت بۆڕون بکەمەوە، ئێستامن مافی دوبارە گەڕانەوەم نییە.

-ئەی ئەوەنییەکەهەیت ؟

-بزانە هیچ کەسێك نابێت بەنهێنی ئەم چاوپێ کەوتنانە بزانێت تەنانەت گوڵ خانمیش؟

-گوڵخانمیش ...بۆچی؟

-ئێستامن ناتوانم تێتبگەیەنم .سبەی شەو لەهەمان کاتی ئەم شەودا ئامادەبە قاسید دەتگەیەنێت ،من کاتم خەریکەکۆتایی دێت کەواتە زووبڕۆ سبەیشەو هەمووشتێکت بۆباس دەکەم .

بەدڵێکی شکاوەوە بەرەوماڵەوە هەنگاوم دەنا تادەهات دنیاخەریك بوو ڕوناکتردەبۆوە.

تا ئێستاش ناتوانم باوەڕ بەخۆم بهێنم که شەوانە دەچومە دەرەوە لەماڵەوە بۆ دیداری مەردۆخی شەیدا،خەوبوبێت، هەرکاتێك کەبەئاگادەبوومەوە ونامەیەکم لەژورسەرینەکەمەوە دەبینی . ئەوانەم هەمووی لەدەفتەری تێبینییەکەمدا دەنوسی، هەموزانیارییەکان ، هەمووڕێگاکانی کەپیایداگوزەرم دەکرد، ئەوگۆڕەی هەموشەوێك بەجلەخوێناوییەکانەوە مەردۆخم لێدەبینی ....هەمووشتێك .
بەڵام کاتێك بەڕۆژ دەمویست بگەمە ئەوگۆڕستانە ، نەهیچ یەکێك لەو ڕێگایانەم دەدۆزییەوە ،نەگۆڕستانێکی بەوشێوەیەشی دەکەوتە بەرچاوم."

# گەڕانەوەی گوڵیار

## ٢٠١٧-٧-٢

ئێستا شەو لەنیوە لایداوە، بیرم لەهیچ  شتێك بۆ ناکرێتەوە،گوێم لەدەنگی گوڵیارەو هەر هاوار بۆ گوڵخانم دەکات، سەرمەند دەرگای ژوورەکەی من دەکاتەوەو دەڵێت " یاسەمین، وەرە گوڵیار هەربانگت دەکات"

بەبێزارییەکەوە دەڵێم " ئەو بانگی گوڵخانم دەکات نەك من"

سەرمەند بەتۆنێکەوە کە  هەستت بە پاڕانەوە دەکرد تیایدا دەڵێت" چ جیاوازییەکی هەیە"

بەتوڕەبوون و بێزارییەکەوە دەڵێم " هەربۆیە هەمیشە دڵنیابووم لەوەی ئەو هەرگیز منی لەبیرنەبووەو منی بەخەیاڵدا نەهاتووە"

سەرمەند"بەلاّم دواجار تۆ گەڕایتەوە باوەشی ئێمە "

"گەڕامەوە بەلاّم چ کاتێك؟؟؟ لەدوای ئەوەی گوڵخانم مرد، لەدوای ئەوەی بیست ساڵ وەك پەیکەرێکی بێدەنگ بە ناو چوار دیواردا  دەهاتم و دەچووم"

"یاسەمین، هەرگیز لەم قسانەم لەتۆوە پێشتر نەبیستووە"

بەدەم هەنیسك هەڵهێنانەوە دەڵێم" ئاخر چونکە پیشەی من بێدەنگی بووە،ئەوانەی هەمیشە بە بێدەنگی خەم دەخۆن و دواجار دەکەونە قسەکردن دەورو بەر هەست بە نامۆ بوونیان دەکات ،ئەم بووکەڵە تەمەن بیست ساڵە ئێستا کەتۆتە قسە کردن و

پێتان دەڵێت، ئێوە هەرگیز بیرتان لە من نە کردۆتەوە، تا بیرتان لای ئازارەکانی دڵی من بێت ، پێت سەیرە بوکەڵەیەك قسەبکات؟؟؟"

"ئەمەوێت بزانم ئێستا چی بووە؟"

"هیچ تەنها مێشکم هاتۆتەوەسەرخۆی، ئەوەتا ئێستا هەریەك لە غەزەل و،پەری و پابلۆ،کە خوشك و برای ڕاستەقینەی منن، پەروەردەی دەستی ئێوەن ،ئێوەیان بەجێهێشت ، هەریەکەیان لەولاتێکی جیا دەخوێنن، من چی؟ هەتا گوڵخانم باش بوو بێدەنگ بوو، کەنەخۆشیش کەوت وەك پەروانە ڕۆژی سەد جار لەدەوری سەری دەگەڕام، ئێستاش ئەبێت خۆم بخەمە بەرگی گوڵخانمەوە تاببمە جێگەی ئارامی بۆ گوڵیار"

"هەرچی بێت ئەو دایکتە"

چەند جارێك وشەی دایك بوون لەبەر دەمی خۆمەوە دەڵێمەوەو بێدەنگ دەبم.

سەرمەند فرمێسکەکانم دەسڕێت و دەڵێت " ئەتەوێت پێکەوە پیاسەیەك بکەین؟"

دەڵێم "ئەی گوڵیار ؟"

" میهرەبانی تۆ سنوری نییە، ئەوەتا هەردڵت لایەتی ،بێخەمبە پەیوەندیم بە بیتاوە کردووە تا ئێمە دەگەڕێینەوە ئەو ئاگاداری ئەبێت"

سەرمەند لەسەیارەکەدا چاوەڕوانی منە، سەردەکەوم دەڵێت"سەیرکە چەند باوك و کچێکی جوانین، ئادەی سەیرم کە"

چاوێك هەڵدەبڕم ئەو دەڵێت" ئەزانی لەمنداڵەکاندا بەس چاوەکانی تۆ لەمن ئەچێ؟"

سەرێك دەلەقێنم ئەو بەردەوامی دەدات بە قسەکانی"ئەو ماوە درێژەی تۆ لەگەڵ گوڵخانم ژیاوی هەرگیز تۆم بۆ چرکەیەکیش لەبەر چاو لانە چووە،ئێستا ئەتبەم بۆ جێگەیەك کە کەس نازانێت جگە لە خۆم "

لەدوای ماوەیەك ڕۆیشتن بە كۆلاّنە باریك و ڕووناكەكانی شاردا،لەبەردەم مالّێكدا دەوەستێ، كلیلەكانی لەگیرفانی دەردەهێنێت و دەرگای مالّەكە دەكاتەوە، مالّێكی تاریك و سامناكە،گلۆپێك دادەگیرسێنێت ، ئەوێ ڕووناك ئەبێتەوە، دالاّنێك ودوو ژوور بەرامبەر بەیەكە، دەرگای یەكێك لە ژوورەكان دەكاتەوەو دەلّێت" نوسەرەكان تەنها دەفتەرێكیان بەسە تا چیرۆكە نهێنییەكانی خۆیانی تیابپارێزن، بەلاّم وێنەكێشەكان یەك مالّ"

لەگەلّ یەكەم هەنگاو نانم بۆ ئەو ژوورە هەست بە سەر سوڕمان ئەكەم بەهەر چواردەوری ژوورەكەدا وێنەی منە هەرلەمندالّیمەوە هەتا گەورەییم، لەسەیركردنی هەروێنەیەك تێرنابم، تەنانەت چەند وێنەیەكی من و مەردۆخیشی كێشاوە .ئەو هەموو ساتەكانی بە زیندویەتی هێشتۆتەوە بەجۆرێك هەست بەجولّەی لێوەكان وورتەی نێوان خۆم و مەردۆخ دەكەم.

سەرمەند بە ئارامییەوە دەلّێت" هەموو مانگێك جارێك داوام لە گولّخانم دەكرد وێنەیەكی تۆم بۆ بنێرێت،تا هەمیشە گەورەییت ببینم،چەند جارێك هەولّماندا گولّخانم ڕازی بكەین كە هەردووكتان بێن بۆ ئێرە ،یان ئەوەتا تەنها تۆ بگەڕێیتەوەلامان، بەلاّم ئەو بەهیچ مەرجێك قایل نەبوو تۆ بگەڕێنینەوە بۆلای خۆمان، هەمیشە دەیگووت" لەو ڕۆژە دەترسم كە یاسەمین بەڕاستییەكان دەزانێت"

من بە ئارامییەكەوە دەلّێم" ئاخ گولّخانم ، نەت دەزانی ڕۆژێك هەر ڕاستییەكان ئاشكرا دەبن !!!"

من كاتێك گوومانم لە ترسەكەی كرد كە گولّیار بڕیاری گەڕانەوەی دابوو. بەیانییەك چەند جارێك تەلە فۆ نەكە زەنگی لێدا ،گولّ خانم لەژووری وێنە كێشانە كەی بوو ، من وەلاّمم دایەوەو گوتم: بەلّی .

-ژنێك كە دەنگی تەواو هاو شێوەی دەنگی گوڵخانم بوو لەپشتی هێڵەوە قسەی دەكرد گوتی:یاسەمین ....
-گوتم: بەڵێ ... ؟
-گوتی" گوڵیارم ...چەند ڕۆژێكی تر دەگەڕێمەوە .
-چاوەڕێبكە تەلەفۆنەكە بەرم بۆ گوڵخانم ؟
-نا تە نها هەواڵی گەڕانەوەی منی پێڕا بگە یەنە.
-زۆر باشە كەوایە من دەچم پێی ڕادەگە یەنم .
ئەوە دووەم جاری بوو لەگەڵ گوڵیار بە تەلە فۆن قسە بكەم . دواتر لەوە گەیشتم كە ئەوان بۆچی كاتێك پێكەوە پەیوەندییان دەكردكەمن ئاگا دار نەبوومایە ...ئەمەش یەكێكی تر بوو لەو گومانانەی كەلای من دروست بوو بوو .
وامدەزانی گوڵخانم بەدیداری خوشكەكەی خۆشحاڵ دەبێت بۆ یە وەك هەواڵێكی خۆش گەڕانەوەی گوڵیارم بە گوڵ خانم ڕاگەیاند .

بەلاّم بە پێچەوانەی بیركردنەوەی منەوە ،تەمی ترس و بێتاقەتی لەئاسمانی ڕووی گوڵخانم نیشت،گوڵخانم لەدواتردا دانی بەهەموو ئەوڕاسیانەدانا، كە چ بیركردنەوەیەكی هەبووە،كاتێك من هەواڵیگەڕانەوەی گوڵیارم پێڕاگەیاندووە"
دەفتەری یاداشتەكەی گوڵخانم لە جانتاكەم دەردەهێنم و دەیخەمە سەر ئەو بەشەی بە ناونیشانی (گەڕانەوەی گوڵیار)تۆماری كردووە، دەیدەمە دەست سەرمەندی ئەفسونی باوكم ، لە ژوورەكەدا جگە لەكەرەستەی وێنەكێشانەكەی و وێنەكانی من كەلەسەر ستاند داینابوون و هەندێكی هەڵواسی بوو، لەبەردەمی وێنە هەڵواسراوەكاندا دوو كورسی دانا بوو، مێزێكیشی لێبوو، لامپێكی بچكۆلەی لەسەر بوو، ئیشارەتێكی من دەكات بۆ دانیشتن و خۆشی گلۆپێكی

ترو لامپەکە دادەگیرسێنێت وعەینەکە کەمێك ئەستوورەکەی ڕێك دەخات و دەست دەکات بە خوێندنەوەی یاداشتەکانی گوڵخانم.

" ئەو هەموو شتێکی لەم دەفتەرەدا یاداشت کردووە"من ئەو ڕستەیە دەڵێم ،بێئەوەی گوێ بگرم دەزانم چی تیادا نوسیووە، بەڵام دەنگی خوێندنەوەی سەرمەند سەرنج ڕاکێشانە وەك ئەوەی چیرۆکێك بگێڕێتەوە، لەبەردەم وشەو تەنانەت گوزارشت و پیتەکانیشدا دەموەستێنێت و ناچار بە گوێگرتنم دەکات.

"چەند ڕۆژە ئارامم لەبەر هەڵگیراوە ...لە لەدەست دانی یاسەمین دەترسم ، ئاخر من زیاتر لەبیست ساڵە وەك کچی خۆم گەورەی ئەکەم، هەرچەندەنەمتوانی ڕۆڵی دایکێکی ڕووخۆشی بۆ ببینم، بێزاری من لەدوای لەدەست دانی حەمەدیانەوە بەکۆتا نەگەیشت ،نەمدەتوانی درۆ لەگەڵ خۆمدا بکەم. وەك چۆن نەمدەتوانی ڕاستییەکان بۆیاسەمین ئاشکرا بکەم ...لە ناسنامەدا خاوەنی کچێکم بەڵام لە ڕاستیدا تەنیا خۆم ....

چەند جار گوێم لە ورتە ورتی یاسەمین بووە، کە بۆخاڵی کردنەوەی خەمەکانی خۆی لەبەر ئاوێنەکەدا دانیشتووەو بۆخۆی دواوە، و گووتوویەتی"گەر گوڵ خانم منی خۆش نەدەویست بۆ نەی دەگەڕاندەوە بۆ لای خانە وادەکەی ؟"

من یاسەمینم خۆشدەویست چونکە لەگەڵ حەمەدیان بڕیاری بەخێوکردنی ئەومان لە ئەستۆ گرتبوو ...هەریەکەم ڕۆژ چاوی بە دونیا هەڵ هێنا ئێمە بەر پرسیارێتی یاسەمینمان گرتە ئەستۆ تەنانەت ناسنامەشمان بە ناوی خۆمانەوە بۆ دەر هێنا....

خۆشم دەوێت بەڵام ناتوانم دەریبڕم ...؟

ڕەنگە ئەوەش بەشێك بوو بێت لەو بەڵێنەی بە خۆمدابوو ..کە هۆگری کەس نەبم ...چونکە لە لەدەست دانی هەرخۆشەویستێك ئەترسم ...

ئەمڕۆ بە یاسەمینم گووت" وەرە ئەمەوێت تۆ یاداشتەکانم بۆبنوسیتەوە"

بەلاّم ئەو دەموو چاوی لێکناو گووتی " گوڵخانم، ئیتر کۆتایی پێبهێنە، من بێزار بووم هێدە گوێبگرم لە چیرۆکەکانت ،ئاخر عاشق بوونی گوڵیار و سەرمەندی ئەفسوون بەمن چی؟ هەتا ئێستاش خۆم لەدێڕێکی چیرۆکەکانی تۆدا نەبینیوەتەوە، هەرتۆم هەی نامەوێت تۆش لەدەست بدەم، گەر ناتەوێت هیچ کات باس لە بوونی من بکەی کۆتایی بە گێڕانەوەکانت بهێنە، ئێستا من گەورە بووم، گومان لەبوونی خۆم ئەکەم گومان لەهەموشێك ئەکەم،بەلاّم بێدەنگ ئەبم، چونکە ئەترسم دەستم لەدەستی تۆ بەربێت و لەگەڵ دەنگە دەنگ و ژاوە ژاوی ژیاندا ڕانەیەم، هەتا ئێستاش ترسم لەهیچ شتێك نەشکاوە"

یاسەمین بۆدڵنەواییم ماچێکی کردم و ڕۆشت.ئەو ئەزانێت ڕۆژ بەڕۆژ حاڵم خراپتر ئەبێ، مانگی جارێك بەقەدەر ئازاری ڕۆح کێشانێك ئازار ئەچێژم کاتێك ئەو دەرمانە نەفرەتییەم بۆ هەڵدەواسن،ئەزانم یاسەمین چەندە پەرۆشە بۆ من، ئەو لەدڵەوە ئازاری بێکەسی دەچێژێت و بێدەنگ دەبێت، ئەو هێشتا لە پرسەی مەردۆخیدایە. ئەزانم هەندێك جار حەوسەڵەی گوێگرتنیشی نییە.

یاسەمین زۆر شتی لەبیرکردوە ، شێوەو ڕوخساری دایکی ڕاستە قینەی ، دەنگی دایکی .... زۆر شتی تر

بەلاّم ئیتر خەریکە ئەو گەمەیە کۆتایی پێدێت...سبەینێ گوڵیار دەگاتەوە. ئیتر کەلێنێك نامێنێتەوە بۆ ئاشکرابوونی ئەم نهێنییە،ئیتر ئەو دەزانێت گوڵیار دایکێتی، بەلاّم ئەوەی بەنادیاری دەمێنێتەوە بڕیاری ساسەمین و ژیانی منە لەدوای یاسەمین...."

من کچی بەر ئاوێنەکەم، ئەمەوێت ئەو پرسیارانە بوروژێنم کە خوێنەر ئەیەوێت بیکات و وەلاّمەکەی لەزاری گوڵخانم و یاسەمینەوە ببیستێتەوە؟دڵنیام هەمووتان

لێرەدا پەنجە ئەخەنە نێوان کتێبەکەوەو، لەو جێگەیە دەوەستێنن و دەڵێن "ئەبێت یاسەمین چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا بکات؟
یان یاخی ئەبێت ؟
یان هێشتا پەرۆشی بۆ گوڵ خانم لە ناسنامەی خۆی بەگرنگتر دادەنێت؟
زەنگی دەرگاو چەند میوانێکی دورە وەلآت ئەبێت چ پەیامێکیان پیێ بێت ؟"
من وەلآمی ئەو پرسیارەتان دەدەمەوە ، کتێبەکە بکەنەوەو دووبارە دەست بکەنەوە بەخوێندنەوە.

گوڵخانم هەرچەندە حاڵی باش نەبوو، ئەو نەخۆشییە نەفرەتییە، هەموو تواناو تاقەتێکی لێوەرگرتبۆوە، تەنانەت یەك تاڵ موو بەهیچ شوێنێکییەوە نەمابوو، لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی تایبەت بەشێرپەنجە،سێ مانگ پێشتر یەکەم دەرزی کیمیایی بۆکرا، مووەکانی هەموو هەڵدەوەرین، بۆئەوەی یاسەمین بەو حاڵەی دڵتەنگ نەبێت بەدزی یاسەمینەوە، چووە سەرتاشخانەکەی سەر سوچی کۆڵانەکەو، داوای لە سەرتاشەکەکرد، کە سەری بۆ سفر بکات،ئەوە کاتێك بوو کەیاسەمین لە بازاڕ بوو، کاتێك بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە، لەپەنجەرەکەوە گوڵخانمی بینی کە لەبەردەم سەرتاشەکەدا دانیشتووەو،یەك تاڵ قژ بەسەریەوە نەماوە، خۆی بۆنەگیراو خۆی کرد بەدووکانەکەدا، تێر بەسەر هەردوو پرچەکەی گوڵخانمدا گریا، هەربەدەست هەموو قژەکەی گوڵخانمی لەسەر زەوییەکە کۆکردەوەو. ڕەفتەکەی ملی خۆی کردەوەو قژەکانی گوڵخانمی تێکرد،وتێر بەسەر قژە تاشراوەکەی گوڵخانمدا گریا .
بەلآم ئەو بەیانییە ،بزە ی خۆشی بەسەر لێوەکانیی گوڵخانمەوە بوو ، نان و چای بە یانی ئامادە کردبوو،زەنگی دەرگاکە یاسەمینی بێدار کردەوە و گوڵ خانمیش خورپەیەك بەدڵیدا هات .

یاسەمین پەردەی پەنجەرەکەی لاداو گوڵ خانم و گوڵیاری بینی کەوەك تەرزی مێو دەستیان لە ملی یەکتری ئالأند بوو، کچ و کوڕێکیش لەدەوریان وەستا بوون .تەواو ڕوخسارەکانی نەبینی ، خێرا بە پلیکانەکاندا هاتە خوارەوە گەیشتە لایان ئەوان چاوەتەڕە فرێسکاویەکانیان دەسڕی و زەردەخەنە لەسەر لێوەکانیان بوو .

یاسەمین توشی شۆك بوو کاتێك لەو کچەهاوتەمەنەی خۆی ڕاما وەك ئەوەی لەبەردەمی ئاوێنەیەکدا وەستابێت و لە ڕوخساری خۆی ڕابمێنێت ...غەزەل هەر لە سەرەتاوە خۆی هەموو شتێکی دەزانی بەلاّم ئەوە بۆ یاسەمین قورس بوو باوەڕی بە چاوەکانی خۆی نە دەکرد .هەرچەندە گوڵ یارو گوڵ خانمیش لە سەرە تاوە هێندە لێك دەچوون بەلاّم دیار نە مانی حەمە دیان تەواو گوڵخانمیان پیر کردبوو بەجۆرێك وەك ئەوەی گوڵ خانم دەساڵ لە گوڵیار پیر تر بێت.

هەمووان خۆشحاڵ دیار بوون جگە لە یاسەمین ،کە هێشتا باوەڕی بە چاوەکانی خۆی نە دەکرد ، گوڵ یار لە ئامێزی گرت و گەرەکی بوو هەرچی سۆزی دایکایەتییە لەو ساتەدا پێی ببە خشێ بەلاّم تا دەهات ئەو زیاتر خۆی لێ بەدور دەگرت .

گوڵ خانم سەیرێکی یاسەمینی کرد و گوتی :نەت هیشت ئەم شەو هەموشتت بۆ باس بکەم ،ڕێگەت نەدا ئەم بابەتەت بۆ ڕون کەمەوە .

یاسەمین زمانی لاڵ ببوو شتێکی بۆ نەدەگوترا ،هەر وا بە حەپەساوییەوە لە غەزەل ڕامابوو .

غەزەل چووەلای یاسەمینەوەو گوتی :

"خوشکەکەم من لەسەرەتاوە هەموو شتێکم ئەزانی ،بەلاّم نازانم بۆ چی ئەو هەموو ساڵە ئەم بابەتەیان لە تۆ شاردۆتەوە ؟".

گوڵ خانم گوتی: ئەترسام ....لەم ڕۆژە ئەترسام ....لەوەی یاسەمینیش جێم بهێڵێت ئێوە لەمانای ئەوترسەناگەن ، ترسی دایکێك بوو بۆ لەدەست دانی کچەتاقانەکەی."

ڕوی کردە یاسەمین و گوتی: ئێوە دوانەن هەروەك و چۆن من و گوڵیار دوانەبووین ،من و حەمەدیان منالّمان نە دەبوو شوێن نەما نە گەڕێین ،دەوانەما بەکاری نەهێنین .........."

سەری یاسەمینی نابەسنگی خۆیەوەو دەستی بە قژە خاوە زەردەکەیدا دەهێناو لە ڕاوێژەکەی بەردەوام بوو ،"کچە جوانەکەم تۆ هەموو ژیانی منیت ،هەرلە سەرەتاوە دەبوو من ئەمانەت پێبلێم ،من نەم دەهێشت هیچ کات تۆ لەگەڵ هیچ یەکیك قسە بکەیت نەوەك ڕۆژێك ئەم ڕاستییەت پێ بڵێن ،نەوەك ڕۆژێك تۆ لەمن جیاکەنەوە ،ڕەنگەئێستا تۆ تێنە گەیت "

یاسەمین بەقورگی گیراوەوە و بەدەنگێکی نزم وگوتی" گوڵخانم ئاخر بۆ؟"

گوڵ خانم گوتی:" گیانەکەم باکەمێك ئارام بیتەوە ئەو کات هەموشتت بۆ باس دەکەم ،وەك بڕیارمان دابوو پێکەوە چیرۆکەکە کۆتایی پێدە هێنین ..."

لێرەوە دەگەڕێینەوەلای سەرمەندی ئەفسون و یاسەمین و منیش وەك ئێوە تامەزرۆم بزانم باوکو کچ ئایا لە ئازارەکانی یەکتری دەگەن؟"

سەرمەند یاداشت نامەکە دادەخاتەوەو دەیداتەوە دەستم، بەلاّم من لەبەر قوڵپی گریان وشەیەکم پێناوترێ، سەرمەند دەڵێت "ئەوان منداڵیان نە دەبوو، کاتێك خودا ئێوەی بەئێمە بەخشی و حەمەدیان و گوڵخانم ئەو شەوە لەسەفەر گەڕابوونەوە لەدەرەوەی ولاّتەوە.پزیشکەکانی ئەوێ ئەوانیان بێئومێد کردبوو لە بوونی منداڵ، گوڵیاریش نەیدەتوانی دوو منداڵ بەتەنیا پەروەردەبکات، هەربۆیە بڕیارماندا تۆبدەین بە گوڵ خانم،لات سەیرنەبێ کەوادەڵێم، بەلاّم تۆ لای ئەو نەبووایە لاکەس ژیر نەدەبوویت، ئامێزی ئەو وەك باشترین لانکە وابوو بۆتۆ، بەلاّم لەدوای کوژرانی حەمەدیان لەجەنگی ئێران و عێراقدا ئەوکات تەمەنت تەنها سێ سالاّن بوو گوڵخانم

،تۆی دایەوە بە ئێمەگووتی "نامەوێت منداڵێك گەورەکەم بێ حەمەدیان ". بەڵام کاتێك کە تۆ تەمەنت بووبوو بەشەش ساڵان، ئێمە بڕیاری سەفەر کرنماندا،گوڵخانمیش کەمێك کەوتبۆوە سەر خۆی ،دەوڵەت ڕێگەی نەدا تۆ بەرین، چونکە ناسنامەکەت بەناوی حەمەدیان و گوڵخانمەوە بوو"

مۆبایلەکەم چەندین جارە زەنگ لێدەدات و من نامەوێت وەڵام بدەمەوە، سەرمەند سەیرێکم دەکات و دەڵێت" ڕۆبێرتی نوسەرە؟"

" نازانم، ئێوارە پەیوەندیم پێوەکرد، ژنێك وەڵامیدامەوەو گووتی "من هاوسەری پێشووی ئەوم"

"ئەی تۆ چیت کرد؟"

"هیچ تەنها نامەوێت وەڵامی پەیوەندییەکە بدەمەوە"

"کەوایە ڕێگە بدە من لە جیاتی تۆ وەڵام بدەمەوە؟"

دووبارە مۆبایلەکە زەگ لێدەداتەوەسەرمەند وەڵام دەداتەوە

"بەڵێ"

"چۆن؟"

" ئەی ئێستا لەکوێیە؟"

"هەر ئێستا دێن "

من و سەرمەند هەردووکمان بەرێدەکەوین بۆنەخۆشخانەی فریا گووزاری، و بەپەلە دەچمە بەردەمی ژووری چاودێری ورد.لەپەنجەرەکەوە سەیری ناوەوە دەکەم و ڕۆبێرت چەندین ئامێری پێوەیە، تەنها بەجوڵەی ئامێری هەناسەدانەکەدا هەست بە لێدانەکانی دڵی ئەکەم،پەرستارەکە بەرەو ڕووم دێت ، ژنێکی کەمێك لەمن بەتەمەن تری خوێن شیرینە، و بەزمانێکی شیرین دەڵێت " من ڕیتام هاوسەری پێشووی ڕۆبێت، تاکە هۆکاری مانەوەم بەدیار ڕۆبێرتەوە بەجێهێنانی ئەرکی سەر شانمە ،

کاتێك ئەویان هێنا حاڵی باش نەبوو تەنها ناوی تۆی دەهێنا، ئەوەندەنابێت لە ژووری نەشتەرگەری هێناومانەتە دەرەوە چاوەڕوانی کاردانەوەی ئەکەین"

سەرمەند دەپرسێت "بەچی وای لێهاتووە؟"

"لە ڕووداوی هاتووچۆدا،بەهۆی خێرایی لێخوڕینەوە"

"حاڵی چۆنە ؟"

" هیوای زوو باش بوونی بۆ دەخوازین،زەبر بەر سەری کەوتووە، نەشتەرگەیمان بۆ کردووە، وەك دەبینن" دەست و قاچێکیشی شکاوە"

سەرمەند لەبەر گوڵیار گەڕایەوە ماڵەوە چونکە ئەویش زۆر حاڵی باش نەبوو، منیش بەدیار سیسەمەکەی ڕۆبێرتەوە لەسەر کورسییەکە خەو دەمباتەوە.

# من و ڕۆبێرت

## ٢٠١٧-٧-٢٢

دوو هەفتەی ڕەبەقە، هەموو ڕۆژێك لەدوای گەڕانەوەم لەسەر کار دێم بۆماڵی ڕۆبێرت، ماڵەکەی بۆ پاك دەکەمەوەو، خواردنی بۆ دروست دەکەم و پێکەوە تا درەنگانی شەو دادەنیشین، هەندێك شەو هەر لەلای ئەویش ئەمێنمەوە، ڕۆبێرت نایەوێت چاك بێتەوە، دەسم دەگرێت و پێم دەڵێت " بریا زووتر توشی ئەو ڕوداوە ببومایە"

ڕۆبێرت یاداشتەکانی گوڵخانم دەکات بە بیانوو، هەندێك جار هەر لەسەر سیسەمەکە لەتەنیشتییەوە پاڵدەکەوم و ئەو دەستە ساغەکەی دەخاتە ناو قژمەوەو یاری پێدەکات وەك منداڵێك و هەندێك جاریش بەماچێك هەموو خەمەکانم بیردەباتەوە ، سەرە ڕای ئەو هەموو خۆشەویستییە،من بیرم لە گرنگ ترین شت نەکردبۆوە، هەتا ئەمڕۆ کە دەرگای ژووره نوستنەکەم کردەوە، ئەو وەك فریشتەیەك خەوی لێکەوتبوو،کراسەکەی داکەند بوو،چاوم کەوتە سەر ئەو مەدالیایەی بە زنجیرە ئەستوورەکەی ملیدا شۆڕببۆوە، هێمای خاچێك بوو،تاوێك لێی ڕامام، دەستێکم هێنا بەسەرو قژە کەمێك درێژە ماش و برنجییە ئاڵۆسکاوەکەیدا، هەر لەسەر سیسەمەکەی جێگەیەکی خۆمم کردەوە بۆ جۆرێك ئازاری قاچە شکاوەکەی نەدەم، و دانیشتم و پاڵم بە پشتی سیسەمەکەوە داو چاوم لە سەقفەکە بڕی، وەك ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامی خودابم،خودا

خۆی ڕستەیەك شتێکم پێبڵێ،لانیکەم بە وشەیەك دڵنەواییم بکات، بەڵام بیرو هزرم لەهەموو شتێك خاڵی خاڵی ببووەوە.
چاوەکانی هەڵهێناو ڕووی تێکردم و گووتی"دەمێکە هاتووی؟"
بە دەنگێکی کزی پڕ لە بێزارییەوە گوتم"نا زۆر نییە"
دەستی گرتم ویستی ماچی بکات دەستم هێنایە دواوەو بە خێرایی، هەستام و گووتم، تا تۆ دەموو چاوت ئەشۆی منیش نانی بەیانی ئامادە دەکەم.
ئەو بێدەنگ بوو هیچی نەووت، سفرەکەم ئامادەکرد و تەنها نانم بۆ ئەو تێکرد، خۆم لە نان و چاکەم نەخوارد.
چاوێکی تێبڕیم و گووتی "یاسی من ، شتێك بووە؟"
گووتم" نا هیچ نییە تەنها بێتاقەتی گوڵیارم، حاڵی باش نییە، تا دێت تەندروستی بەرەو خراپی ئەڕوات "
ڕۆبێرت سەرێکی لەقاند وەك ئەوەی وەڵامەکەی من قایلی نەکردبێت.
دواقوومی لەچاکەدا و گووتی" پزیشکەکە نەیووت کەی ئەم گەچەنەفرەتیە لێدەکەمەوە"
"با ، گووتی بیستی مانگ "
"ئەمڕۆ چەنی مانگە" سەیرێکی ڕۆژ ژمێری مۆبایلەکەم کردوو گووتم" دووڕۆژی تر، ئەگەر بەتەواوی ئێسکەکان یەکیان گرتبێتەوە"
گووتی"بەڕاست بیلێ، بێزاربوویت لێم"
گووتم" ئەوە چ قسەیەکە؟ تەنها تۆ باشبە "
نەمدەتوانی لەوەزیاتر بە درۆوە خۆم باش پیشان بدەم، بۆیە هەر زووهەموو شتەکانم کۆ کردەوەەو گووتم" من ئەبێت بڕۆم"

به سەر سوڕماویەوە گووتی "بۆ کویٚ؟ پیٚدەچیٚت بیرت چووبیٚتەوە. ئەمڕۆ شەممەیە، بڕیاربوو لام بمیٚنیتەوە"

گووتم" منیش حالّم باش نییە، پیٚویستم بە پشووە"

بەنابەدلّییەوە سەیریٚکی کردم و زەردەخەنەیەکی تالّی تیٚکەلّ بە گالّتە کەوتە سەر لیٚوەکانی و گووتی" ناکریٚ پیٚکەوە پشوو بدەین و ئارام بین؟"

سەیریٚکم کردوو گووتم" ئەتەویٚ بتبەمەوە سەر جیٚگەکەت؟"

بەدلّشکاوییەوە گووتی " نا تۆ بڕۆ،من خۆم دەڕۆم"

# ژوانێکی نوێ

٢٠١٧-١٠-٢

یاسەمین ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر خۆی لێدور دەخستەوە،لەو ڕۆژەوە کە لەگەڵی ڕۆیشتبوو، بۆ لای پزیشك و گەچەکەی لە قاچ و دەستی کردبۆوە ، یەکجاریتر سەردانی کردبوو، ئەویش ڕۆبێرت خۆی پەیوەندی پێوە کردبوو، پێی وتبووکە ئەگەر کاتت هەیە دەمەوێت پێکەوە بچینە دەرەوەو پیاسەیەك بکەین، یاسەمین لەو جارەدا بە جل و بەرگێکی زۆر ئاسایی و بە بێ هیچ ئارایشتێك ڕۆیشتبوو، هەرچەندە ئەوە لە جوانی و خوێنشیرینییەکەی یاسەمینی کەم نەکردبۆوە، یاسەمین وەك جاران نە چوو بووە ژوورەوە تەنها بە سەیارەکەوە لە دەرەوە وەستابوو، دوو هۆڕینی بۆ لێدابوو، ئەویش بەشەلە شەل، و بە زەبری داردەستێك توانی تابەردەمی دەرگاکە بێت،یاسەمین کە بەو حاڵەوە بینی خۆی بۆ ڕانەگیراو خێرا لە سەیارەکەی دابەزی و بە دڵێکی پڕو شکاوەوە، دەستی گرتوو، دەرگای پێشەوەی سەیارەکەی بۆ کردەوە،ڕۆبێرت، بەهەناسە توندی و ئازارەوە لەپێشی سەیارەکەدا دانیشت، یاسەمینیش چووەوە جێگەکەی خۆی و دەستی کرد بە شۆفێری، هەردووکیان قوڵپی گریان گەرووی گرتبوون، کەسیان ورتەیان لێوە نەدەهات، هەتا لەبەردەمی قاوە خانەکەدا یاسەمین وەستا،لەسەیارەکە دابەزی و دەرگاکەی لای ڕۆبێرتی کردەوە، وەك ئەوەی دەمێك بێت چاوەڕوانی ئەوە

بێت، باوەشی کرد بەملیاو هەردووکیان دایانە قوڵپەی گریان،لەدوای خاڵی بوونەوەی ناخیان،ڕۆبێرت گووتی" چاوت لێیە،ئاگات لەحاڵم نییە"
یاسەمین نەیدەتوانی ئەو لەو حاڵەدابیینێت و سەرەڕای ئەوەش ڕازی گڕی دڵی پێبلێت.
ڕۆبێرت "چاوەڕوانی چیت لەمن دەکرد؟ هەرخۆم زوو زانیم بێزاربوویت لێم"
یاسەمین" کاتی ئەو قسانە نییە، پێکەوە قاوەیەك دەخۆینەوەو پیاسەیەکی ناوشار ئەکەین"
ڕۆبێرت"ئەزانم زۆر بووم بەمایەی زەحمەت بۆت،بەلاّم لانیکەم تەلە فۆنێك سەردانییەك هەواڵ پرسییەکت بکردایە"
یاسەمین" ناتوانم هیچ بەڵێنێکت پێبدەم، چونکە هێشتا لەگەڵ خۆمدا لە شەڕدام، نامەوێت ئێستا دڵت تەنگ بکەم لە کاتی خۆیدا قسە لەسەر هەموو شتێك ئەکەین، تۆ تەنها دڵخۆشبە!"
"بمگەڕێنەرەوە بۆ ماڵەوە ، من ئاوا دڵخۆشنابم"
"دڵت بۆ هێندە ناسك بۆتەوە؟"
"کاتێك هەست ئەکەم بێزاربوویت لەمن، منیش نامەوێت ببمە هۆکاری ئازاردانی کەسێك، کە لەخۆمم خۆشتر ویستووە"
"ئێستا کێ وتوویەتی من بێزارم؟"
" کەس ...بەلاّم خۆزگە بتوتایەو خۆت و منیشت لەم ئازارە دەربهێنایە"
"من بێزارنابم لێت هەرگیز، بەلاّم باتەنها هاوڕێ بین"
"کەوایە ناتەوێت لەگەڵ من بژیت "پاش بێدەنگییەك"تکایە بمبەرەوە"

یاسەمین هەست بە خراپی باری دەروونی ڕۆبێرت کرد و بە ئارامییەوە گووتی" باشە، تەواو هەمووشتێك کۆتایی هات ، ئێستا ئەتبەمەوە بۆماڵەوە.تەنها ئارامببەرەوە"

ئەوشەوەدڵی نەهات بەجێی بهێڵێت، بەدیاریەوە دانیشت تا خەوی لێکەوت، لەسەر مۆبیلی هۆڵەکە یاسەمین خەوی لێکەوت، لەدەنگی تەقەتەق بە ئاگاهاتەوە، ڕۆبێرت وەك شێت، بە چەکمەجەی مەتبەخەکەدا دەگەڕا ، یاسەمین سەیری سەرمێزەکەی کرد، ڕۆبێرت یەك بوتل شەرابی خواردبۆوە،و چەقۆکەی خستبووە سەر دڵی خۆی، ئەیویست خۆی بکوژێت.

یاسەمین گلۆپەکانی داگیرساند،ڕۆبێرت بەحەپەساوییەوە گووتی" بۆ نەڕۆشتیتەوە؟" بەگریانەوە درێژەی پێدا"ئەمەوێت بمرم، لێمگەڕێ، چونکە گەر من بمرم و تۆلێرەبیت تۆ تاوان بار ئەبی"

"ئەزانم تۆ کاری واناکەی، ڕۆبێرت،ئێمە بڕیارە پێکەوە ڕۆمانێك بنوسین"

ڕۆبێرت وەك منداڵێکی تورەو گرۆز بیانوی سەیری دەگرتوو دەگریا،دەیگووت"من بەتەنیا دەترسم، تۆش بەجێمدەهێڵیت، بەڵێن ئەدەی ئەمشەو لەلام بمێنیتەوە"

یاسەمین وردە وردە لێی نزیك بۆوەو چەقۆکەی لێسەند و گووتی"هەرچی تۆ بیڵێت وائەکەم، تەنیا ئارامبە"

ڕۆبێرت وەك منداڵێك لە باوەشی دایکیدا نەبێت ئارام نەبێتەوە. یاسەمینی لە ئامێز گرتبوو، یاسەمینیش خێرا خێرا فرمیسکەکانی بۆ دەسڕی و ئارامی دەکردەوە، دەستی گرت تا سەر سیسەمەکە برد، ئەم جارە نەیەوێرا چاوەکانی داخات، دەترسا خەوی لێبکەوێت و ڕۆبێرت بەلایەك بەسەر خۆی بهێنێت"

یاسەمین نازانێت کەی و چۆن خەوی لێکەوتووە، بەلام کە بە ئاگا بۆوە، کاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆبوو، هەستی کرد ڕۆبێرت لەوێ نەماوە،خێرا لە جێگەکەی خۆی

هەستا، گوێی لەدەنگی ئاو بوو،خێرا بەرەو لای گەرماوەکە ڕۆشت، ڕۆبێرت لەگەرماوەکەوە دەنگی بانگ کردنی یاسەمینی بیست ،بۆیە وەلاّمی دایەوەو گووتی" یاسی من مەڕۆ ئێستا دێمە دەرەوە"

یاسەمین بەدروست کردنی خواردنێکەوە سەرقاڵ بوو، ڕۆبێرت بەدارشەقێکەوە هاتە ژوورەوەو گووتی" ئەبێت بمبووری بۆ هەر حاڵەتێك کەڕوویدا، هەرگیز ناهێڵم دووبارە بێتەوە، نازانم هۆکاری گۆڕانی تۆ چییە، بەلاّم ئەوەندە دەزانم تۆش خاوەن بڕیاری"

یاسەمین بەو ئارام بوونەوەیەی ڕۆبێرت خۆشحال بوو، بەلاّم قورس بوو ئەو باسە لای ڕۆبێرت بکاتەوە.تەنها ئەوەندەی وت"هەموو شتەکان تێپەڕین لەکاتێکی تردا، قسەلەسەر ئەو بابەتە دەکەین "

ڕۆبێت" هەرکات تۆ ویستت "

یاسەمین لەدوای پاککردنەوەی ماڵەکەو، ئارام بوونەوەی ڕۆبێرت جانتاکەی هەڵگرت ویستی بڕوات ڕۆبێرت لەمەتبەخەکە هاتە دەرەوەو گووتی"تەنها ئەم قاوەیەم لەگەڵ بخۆ"

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

٢٠١٧-١٠-١

ڕۆبێرتۆ لەبەردەم ڕیکۆردەرەکەدا وەستابوو.دەیان سی دی لەدەوری خۆی دانابوو، یەك یەك تاقی ئەکردنەوە، تۆزێك گوێیلێدەگرتن و پاشان ئەوەشی دەگۆڕی. کۆتاجار ، میوزیکی لۆڤ ستۆری خستە سەر و دەستی کرد بە ئامادەکردنی مێزەکە، چەپکێك گوڵی سوری لەگوڵدانێکی باریکدا لەناوەڕاستی مێزەکەدا دانا.بوتڵێك شەرابی سوروو دوو پەرداخی بنکداری لەمسەو لەو سەری مێزەکەوە دانا، دوومۆمی بچووکی لای پەرداخەکانەوە دانا، چاوێکی بۆ کاتژمێرەکە بەرز کردەوە حەوت وپەنجا خولەك بوو، چووە چێشت خانەکەو سەرقاڵی ئامادەکردنی خواردن بوو، کات تادەهات درەنگ تر دەبوو, چەند جارێك دەستی دایە مۆبایلەکەی و ویستی زەنگی بۆ لێبدات، بەڵاّم پەشیمان دەبۆوەو مۆبایلەکەی دادەنایەوە، سەری بوتڵە شەرابەکەی هەڵبچڕی و پێکێکی تێکرد و بەیەك قووم هەڵی قوڕاند، ماسییەکە ساردوو سڕ بوو بۆوە. دەستی برد هەتا سەر مێزەکە تێك بدات، مۆبایلەکەی زەنگی لێدا"بەڵێ" ڕۆبێرت دەنگی یاسەمین بوو. بەگریانەوە گووتی " گوڵیار مرد"

ڕۆبێرت بەدەنگێکی ئارامەوە گووتی"مەگری خۆشەویستم ، ئێستا دێم"تەلە فۆنەکەی داخستەوەو بەرەو لای یاسەمین ڕۆیشت. "

یاسەمین هەرگیز نەیدەتوانی دەستبەرداری ڕۆبێرت ببێت، بەتایبەت لەو ڕۆژەوەی باسی حاڵەتە نائاساییەکانی بۆ هاوڕێ توێژەرەکەی کردبوو،هاوڕێ توێژەرەکەی بەم جۆرە وەڵامی دابۆوە "ئەو ئێستا وەك منالێك هەڵسوکەوت دەکات،بەهۆی ئەو زەبرە زۆرەی بەر سەری کەوتووە. پێویستە هەفتانە سەردانی پزیشکی دەروونی بکات،چونکە باری دەرونی ئالۆز و ناجێگیرە،بەپێی تێپەڕبوونی کات باشدەبێت ، بەڵام ئەو پێویستی بەبوونی کەسێکە کە بەردەوام لەگەڵی بێت وەك خۆت دەڵێ ناونیشانەکانی بیردەچێتەوە،توانای هیچ جۆرە مامەڵەیەکی نەماوە"یاسەمین لەوەڵامدا گووتبووی" من ئەتوانم ببم بەبەشێکی تر لەو،بەڵام کێشەی من کێشەی جیاوازی دینە"

توێژەرەکە " بۆ هەموو شتێك ئەوە تۆی کە بڕیار دەدەی کە ئایا چۆن دەتوانن پێکەوە کێشەکە چارەسەر بکەن ؟"

لەدوای گفتو گۆکردنێکی دووکاتژمێری یاسەمین بڕیار دەدات جارێکی تر پەیوەندی بە ڕۆبێرتەوە بکات تا باسی جیاوازی دینیان بۆ ڕۆبێرت ڕوون بکاتەوە .ئەم چاو پێکەوتنە ڕۆژێك بەر لەوەبوو کە یاسەمین پەیوەندی بە

ڕۆبێرتەوە بکات و پێی بڵێ ئەمەوێت قسە بکەین .واتە ڕێک ڕۆژێک بەرلەمردنی گوڵیار.

# گەڕانەوە بۆ نیشتمان

١-١١-٢٠١٧

ئێستا لەنێوان گۆڕی گوڵخانم و گوڵیاردا یاسەمین وەستاوە، ڕۆبێرت. چووە لای یاسەمینەوەو دەستی گرت و گووتی"بابڕۆین":یاسەمین گووتی" کەمێك جێمبهێڵە، تۆلەگەڵ سەرمەند بڕۆ، منیش کەمێکی تر دێم"

ئەوان هەنگاوی هێواشیان دەناو، یاسەمینیش دڵی وەك باڵی چۆلەکە خێرا لێیدەداو خەریك بوو لەسینەیدا دەفڕی و دەهاتە دەرەوە، یەك مانگی ڕەبەق بوو هەموو ڕۆژێك دەهات بۆ گۆڕستان و هەرتاوەو لای یەکێك لە گۆڕەکانی گوڵخانم و مەردۆخی شەیداو گوڵیارەوە دادەنیشت و خەیاڵێکی دوور دەیبردەوە. تاوێك چووە سەر گۆڕەکەی مەردۆخی شەیدا و، بەهیوای ئەوەی جارێکی تر خەون بەمەردۆخەوە ببینێ، بەڵام نەچاوەکانی چوونە خەو. نە خەونی بەمەڕدۆخەوە بینی،ڕۆبێرت، کاتژمێرێك زیاتر بوو. لە گۆڕستانەکەدا وەستا بوو، چاوەڕوانی یاسەمینی دەکرد، بەناچاری گەڕایەوە تالەباشی یاسەمین دڵنیابێت ،بینی، یاسەمین لەسەر گۆڕەکەی مەردۆخی شەیدایە، ڕۆبێرت لەتەنیشتییەوە دانیشت و، دەستی دەگرت و. ناوچەوانی ماچ کرد، و فرمێسکەکانی بۆ سڕی و گووتی" بیری ئەکەی؟"

یاسەمین: زۆر ...زۆر

ڕۆبێرت"من ناتوانم جێگەی ئەو بگرمەوە"

هەرکەسەو بەئەندازەی خۆی جێگەی لە ژیانی مندا هەیە، تۆش بەئەندازەی هەمووان"

ڕۆبێرت" لەدوای ئەوەی تەرمەکەی مەرۆختان دۆزییەوە، ڕاستی مردنەکەی ئاشکرا نەبوو؟"

"ئەو نەمردبوو، بەڵکو کوشتبوویان "

"ئەی تاوان بارەکان؟"

"ئەم ڕاستییە تەنها من دەمزانی، چوونکە پیاوانی دەوڵەت ئاگاداری کوشتنەکەی بوون بەلاّم نەیان دەویست ئاشکرای بکەن، خۆیان دۆسێکەیان دیزەبەدەرخۆنە کرد، بۆ ماوەیەك کوڕێکی منداڵ کاریان ناچار کردبوو کەدان بەو کوشتنەدا بنێت، بەلاّم هەرکە ڕاستی ڕووداوەکەم لەیەکێك لەشەوەکاندا لەزاری مەدۆخی شەیداوە بیست ئیتر ڕەزایەتم دا و کوڕەکەم ئازاد کرد،هەر یەکەو بەجۆرێك تۆمەتباری دەکردم ،کەوتمە سەرزاری خەڵکی،بەلاّم ویژدانم ئازاری ئەدام هەرزەکارێك هەموو تەمەنی گەنجێتی بە بێتاوانی لە بەندینخانەدا بەسەر بەرێت، نەشمدەتوانی هیچ ڕونکردنەوەیەك بۆ هیچ کەسێك بدەم، ئەورۆژەی کوڕەکە ئازاد بوو هەموو ڕۆژنامە نوسەکان لەبەردەمی دادگادا وەستابوون، چاوەڕوان بوون من لێدوان بدەم،بەلاّم چاوم لەچاوی کامێراکان بڕی و تەنها ئەوەندەم بۆ وترا " ئەمە دات پەروەری نییە، گەنجێك لەبەر تاوانێك کە نەی کردووە بەند بکرێ، تاوانبارە ڕاستەقینەکان ئەوە دەزانن "

لەگەڵ ئەوەی تۆمەتی ئەوەیان بۆ دروست کردم کە گوایە من پەیوەندیم لەگەڵ ئەو گەنجە هەبووە،بەلاّم خۆم ڕادەستی ئەو قەدەرەنەکرد، ڕووبەڕووی هەموو تۆمەتەکان بوومەوە، ئاخر من لەگەڵ ئاوابوونی خۆرو دەرکەوتنی یەکەمین ئەستێرەی ئاسماندا

خۆم دەخزاندە ناوجێگە کەمەوە، ئیتر بەوکارەوە عاتم گرتبوو، بەڕۆژ کەمترین کات دەکەوتمە ماڵەوەو بەشەویش هەرلەدوای خواردنی نانی ئێوارە شەوشادم لە گوڵخانم دەکردو دەمگوت":زۆرماندووم،دەمەوێت پشوبدەم "هەرکاتێك چاوەکانم دەنانە سەریەکتری هەمان خەون هەمان ڕێگانی شەوانی پێشووم دەدی،چونکە لەوخەونانەدابەڕۆژ چیم کردباوچیم بینیبا بۆمەردۆخی شەیدام دەگێڕایەوە ،لەیەکێك لەو شەوانەدا کەلەخەوندا لەگەڵ مەردۆخی شەیدادا بووم بەم جۆرە ئەو باسی کوژرانەکەی خۆی بۆکردم .

"ماوەیەك بوو هەستم دەکرد مامە عەزیزم لەگەڵ لەگەڵ کۆمەڵێکدا خەریکی دامەزراندنی پارتێکی نوێن، ئاخر لەو ڕۆژگارەدا هەرپارت بوو وەکو قارچك هەڵدەتۆقی، هەمووشی خۆی بەڕاست دادەنا، هەریەك لە پارتە ئیسلامییەکان ئەوی تری بەکافر دادەناو، هەریەك لە پارتە عیلمانییەکان بۆڕازی کردنی دڵی خەڵکی خۆیان بەرزگارکەری جیهان دەزانی، جگە لەوەی ئەو شۆڕشەی کە کرابوو هەموویان دەیانکرد بەدەستکەتی خۆیان، تەنانەت شەهیدەکانیش ئیتر هی میللەت نەبوون، ئەوانیش وەك زیندوەکان حسابیان بۆ دەکرا، هەر پارتەو کۆمەڵێك کێلی ڕەنگ دەکرد و مۆرکی پارتەکەی خۆی لێدەدا، نیشتمانیش لەکێك ئەچوو، هەریەکەو پارچەیەکی بۆخۆی بەدەست هێنابوو،تۆ ئەوە نازانیت، ئەوەی سەیر بوو، یەك دوو جار مامە عەزیز سەرەباسێکی لە باشی سەر هەڵدانی ئەو پارتە نوێیە باس کرد،ئاخر لەدڵی خۆمدا دەمگووت" مامەگیان واگریمان هەموو وەزارەتەکانیش بۆ پارتەکەی تۆ دەرچوو،مەگەر لەسەر قاسەیەکی بەتاڵ تەنها هەلی هەڵپەڕینت هەبێ" بەڵام دڵم نەدەهات ئەو ڕستانەی ڕاستەوخۆ پێ بڵێم، تەنها پێمدەگووت"ئەو شۆڕشەی تۆ سەردەمی خۆی کردووتە ئێستە پاروویەك نان ناهێنێت "

لەپڕ ڕۆژێك کۆمەڵێك کەس دەوریان گرتم" ئەوان سێ کەس بوون، هەرسێکیان لەیەك کەس دەچوون،سێقاتی ڕەشی سادەیان لەبەردابوو، یەکی عەینەکێکی ڕەشیان لە چاودابوو، لەگەڵ وەستانی سەیارەیەکی ڕەشیان پێبوو، لەماوەی چاو ترووکانێکدا دابەزین،دانەیەکیان کەپێدەچوو هەم بەتەمەن و هەم بە پلەش لەدوانەکەی تر گەورەتربێت بەدەنگێکی باصی کاریگەرەوە دواو گووتی" ئێمە لەنزیکەوە ئاگاداری هەموو شتێکین،ئەزانین تۆ لەگەڵ مامت بەتەمای چیت و چیتان لەژوور سەردایە، بەلاّم ئێمە پێشنیارێکت بۆدەکەین، هەرچۆنێکیت وەها بمێنەرەوە، بەو مەرجەی ئێمە ئاگاداری وردەکاری زیاتر بکەیتەوە"

ویستم دەم بکەمەوەو بڵێم "من هیچ پەیوەندییەکم بەو کارانەوە نییە کەمامم ئەیکات" بەلاّم ئەو هەر نەیهێشت دەم بکەمەوەو گووتی " چەند ڕۆژێکی تر سەردانت ئەکەینەوە " سوار سەیارەکە بوونەوەو ڕۆیشتن.

نازانم چەند ڕۆژ بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕی بوو بەلاّم ڕێك ئەو ساتەی ئەمویست سوار سەیارەکە ببم و بیّم بۆ ئارایشتگا بەشوێن تۆدا ، سەیارەیەك لەوەی جاری پێشووتر جوانتر بوو، سەیارەیەکی ڕەشی بەرز بوو هێشتا ناوەکەیم نەبیستبوو، لەبەردەممدا وەستا، ئەمجارە بێئەوەی ڕێگە بدەن وشەیەك بڵێم پارچە دەسرێکیان خستە سەر دەمم، هێندەم ئاگا لێبوو،کاتێك چاوەکانم کردەوە لە ژوورێکی تاریك دابووم، لەسەر زەوییەکی ڕەق و تەق، دەستەکانم بەسترا بوونەوە، دەنگی گۆرانی وتنی کەسێکم بیست، کە خەریکی کردنەوەی دەرگاکە بوو،هاتە ژوورەوەو گووتی" بەخوا هەرباشە نەمردووی ببورە بیرم چووبۆوە کە لێرەی "

گووتم" بۆچی منتان هێناوە بۆ ئێرە؟ ئێوە کێن؟"

گووتی" وەلاّنازانم بۆچی تۆیان هێناوە بۆ ئێرە، منیش بەهۆی تۆوە گیرودەبووم، ئەزانم برسیتە. ئێستا شتێکت بۆ ئەهێنم بیخۆ"

نازانم چەند ڕۆژ بوو لەو کولانە بچکۆلەیەدابووم، بەلاّم ڕۆژی جارێك یان دووجار ئەو کوڕە پاسەوانە خواردنێکی ناخۆش و بۆگەنی بۆدەهێنام، جاریواهەبوو، شەوان ئەوەندەی دەخواردەوە بیری منی دەچۆوە کە پارچەیەك نانم بداتێ بیخۆم، دوو ڕۆژ بوو نەهاتبوو بەلامدا، گوێم لیبوولەگەڵ کەسێك قسەی دەکرد، دەرگاکەیان کردەوەو هاتنە ژوورەوە، ئەو چەند عەللاگەیەك خواردنی بەدەستەوەبوو، بە پاسەوانەکەی گووت" بۆ ئەو داماوە هێزی بەپێوە وەستانی هەیە تا دەست و قاچیشیت بەستۆتەوە؟ پاسەوانە تەنها پێکەنی"

کابرا گووتی " خواردنی زۆرم بۆ هێناون شتێك بە بەوداماوەش بابیخوات، ئەم شەو یان سبەی شەو ئیشمان پێی ئەبێت"

ئەو ڕۆیشت و پاسەوانەکە هاتە ژوورەوەو گووتی"ئەلێن تۆ قیمەتی زۆر ئەکەی حەیفە لێرەبیت" دەست و قاچی کردمەوەو گووتی، "سبەی شەو ئەتبەن پێموایە لەگەڵ جەماعەتی ئەولادا مامەڵەت پێوە ئەکەن."

من هیچم نەوت دەمێك بوو خواردنێکی وەها خۆشم نە خواردبوو، دەستم کرد بە کەباب خواردن.

دوونیا تاریکی کردبوو، وردە وردە ڕۆیشتم تاگەیشتمەلای دەرگاکە، هەر لە ئێوارەوە هەستم کردبوو،کە دەرگاکەی بەکراوەیی بەجێهێشتووە، بەلاّم پێمباش بوو کەمێك چاوەڕوانی بکەم،دوای ئەوەی بەهێمنی دەرگاکەم ترازاند، ڕوناکاییەکم، لەچەند مەتر ئەولاترەوە بەدی کرد، پاسەوانەکە،دەنگی تیڤییەکەی دەنگی دەدایەوە.بەهێمنی لێی نزیك بوومەوە، سەر خستبووە سەر مێزەکەی بەردەمی کە ڕازاندبوویەوەو تفەنگە کەشی لەتەنیشتەوە بوو، بەدەنگی پشیلەیەك کە خۆی هەڵدایە سەر سەربانە لەوحە بچووکەکە داچڵەکی، دەرگای ژوورەکەی بەکراوەیی بینی، تفەنگەکەی هەڵگرتوو،شوێنم کەوت،چەند جارێك" هاواری کرد بگەڕێرەوە، نەگەڕێیتەوە لێت

دەدەم ، بگەڕێرەوە نامەوێت بتکوژم،من پیاوکوژ نیم، ناچار بەتەقەکردنم مەکە" مەودایەکی زۆر من ڕامدەکرد و ئەو بەشوێنمەوە، ئیتر من هێزی ڕاکردنم نەمابوو،لەجێگەی خۆم وەستام،ئەو نزیك و نزیکتر دەبۆوە ،دواجار بڕیاری دووبارە ڕاکردنم دا،هەر ڕامدەکرد و ئاوڕم بۆ دواوە دەدایەوە،هێندەم چاوم لێبوو هاواری کرد، ئیتر خۆت بەرپرسی، پەنجەی لەسەر دووگمەی تفەنگەکە داگرت، بەلاّم ئەو قەسدی کوشتنی منی نەبوو، گوولەکە دای لە قاچی ڕاستم، هاواری کرد مەڕۆ بۆستە، بەقسەم نەکرد، بەو تاریکە شەوە چاو چاوی نەدەبینی، دەنگی وەڕەی سەگ و لورەی گورك و دەنگی زیکەزیکی مێرووەکانی تر دەنگی دەدایەوە. خۆ منیش لەو دوورە شارە شارەزای ئەو کێوو شیوو هەردە نەبووم، لەگەڵ دواهاواری ئەودا کەوتمە خوارەوە"هێشتا تروسکاییەك لەچاومدا مابوو،لایتی بەرزی چەند سەیارەیەك ئەو ناوەی کردبوو بەڕۆژی ڕوون.ئیتر ئاگام لە هیچ شتێکی دیکە نەما ئەوەی بەلای منەوە سەیر بوو ئەوە بوو، هەرگیز نەمزانی من لەلایەن کام پارتەوە دەسگیر کراوم بڕیارە بە کاملام بفرۆشن !!!."

ڕۆبێت دەستی منی گرتوو، گووتی" ئەڕۆینە ماڵەوە پشووبدە"

ناچار هەستام و ڕۆبێرت وەك ئەوەی دەستی منداڵێکی گرتبێت بەدوای خۆیدا پەلکێشی دەکردم.

٢٠١٧-١١-٧

یاسەمین، لەژوورەکەی خۆی پاڵکەوتووەو دەستیً لەژێر سەریدایەو. لەبیرکردنەوەیەکی قوڵدایە، ڕۆبێرت،چەند جارێك بەپشتی دەستی کێشای بەدەرگاکەدا، یاسەمین خۆی ڕێك کردەوەو فرمێسکەکانی چاوی سڕی" فەرموو"
ڕۆبێرت دەرگاکەی کردەوەو هاتە ژوورەوەو لەسەر لایەکی سیسەمەکە دانیشت، لای سەری یاسەمینەوە، دەستی بە قژە ڕەش و درێژەکەی یاسەمیندا دەهێنا، یاسەمین زیاتر خۆی ڕێك کردەوەو ڕۆبێرتیش زیاتر جێگەی خۆی لەسەر سیسەمەکە خۆش کرد، هەردووکیان پاڵیاندابۆوە. یاسەمین سەری خستبووە. سەرشانەکانی ڕۆبێرت.جار جار

ڕۆبێرت دەستی دەبردوو فرمێسکەکانی یاسەمینی دەسڕی، جار جاریش خۆی بەپشتی دەستی فرمێسکەکانی دەسڕی و هەنیسکی قوڵی دەدا.

"دەمەوێت گوێم لەشتێك بێت لە یاداشتەکانی گوڵخانم"ئەمە ڕۆبێرت گووتی : یاسەمینیش بە دڵشکاوییەوە گووتی"ئێمە لەپارچەی زیادەی ناو بوون دەچووین، هیچ کاممان ناسنامەی ڕاستە قینەی خۆمان پێنەدرا، نە ئەو بوو بەدایکێکی خاوەن کچ و نەمن کچێکی خاوەن دایك،ئێمە جگە لە ئازاری ژن بوون ئازاری ونبوونیشمان چێشت، تۆنازانی ئەو بێدەنگییەی نێوانمان چەندە پڕ بوو لەتراژیدیای چیرۆکە باسنەکراوەکان، هەرخولەکێکی بێدەنگی نێوانمان دەیان لاپەڕە قسە هەڵدەگرێ، دواجار کەکەوتینە قسەکردن. شتێکمان نەمابوو بەیەکی بڵێین،هێندە بە بێدەنگی شەڕمان کردبوو. یاسەمین دەستی ڕۆبێرت دەگرێت و دەیباتە بەردەمی پەنجەرە ژەنگ گرتووەکە، بەزۆر دەیکاتەوە. هەردووکیان دەست دەخەنە بەر بارانەکە، ئاسمان چەخماخە لێدەدات،وبۆ ساتێك ژوورەکە ڕووناك دەکاتەوە. یاسەمین بەردەوام دەبێت"دەیان جار لێرەوە دەستم بردووەو پرتەقاڵم لێکردۆتەوە، دەیانجارکوکختییە کەسیرەبووەکانی ئەدیو پەنجەرەکەم. هێناوەتە ژوورەوەو گەرمم کردوونەتەوە. تۆ نازانی هەستی گوێگرتن لەو چۆلەکانەی لەناو دارسنەوبەرەکەوە کەپێتوایە گۆرانی دەڵێن چەند ئارام کەرەوەیە. لەکاتێکدا ڕەنگە لەتاو ئازار یان لەدەست دانی ئازیزێکیان بناڵێنن، یان ڕەنگە ئاوازی شەڕکردنیی دووچۆلەکەی عاشق بێت و گەرەکیان بێت جیاببنەوە"

یاسەمین پاش بێدەنگییەك بەردەوام بوو" ڕۆبێرت، تۆسەیری ئەو هەموو ڕەنگە جوانە بکە،بەلاّم گوڵخانم تەها ڕەشی بەکاردەهێنا. ڕەش لەسەر لاپەڕە سپییەکان"

ڕۆبێرت" ئەوەندە عاشقی گوڵخانم خۆزگە بەگەڕانەوەی کات دەخوازم بۆزەمەنی لاوێتی ئەو، تا لەهەموو پرسیارە کەڵەکە بووەکانی ناخم خاڵی دەبوومەوە"

"شەوێك هەمووان لەدەوری گوڵخانم دانیشتبووین لەژووری وێنە کێشانەکە ، ئەو خەریکی وێنە کیشان بوو و ئێمەش هەریکەو بەجۆرێك وینەی حەمەدیانمان لە بەر چاوی خۆمان دەکێشا، من چیتر وەك ئاوێنەی لە غەزەلم نەدەڕوانی بەڵکو وەك بەشێکی تر لەخۆم هەستم پێدەکرد ، غەزەل بۆ من تاکە مە حرەمی نهێنییەکان بوو ئەو شەوەش لەتەنیشتییەکەوە دانیشتبووین و گوێمان لەبیرەوەرییەکانی گوڵ خانم گرتبوو .

گوڵخانم چاوێکی بە هەمواندا گێڕاو لەدوای داگیرساندنی جگەرەیەك مژێکی قوڵی لێدا و گوتی:" من لەدوای حەمەدیان مردم ،هەتا ئێستاش ئەمەوێت باوەڕ بە خۆم بهێنم کە حەمەدیان لە ژیاندانە ماوە بۆیە نا توانم گشت ئێوارەیەك چاوەڕوانی گەڕانەوەی نەکەم ...بەردەوام تارمایی ئەو بەناو ماڵەکەدا هەست پێ دەکەم ،شەوانە هەتا بەر لە خۆر هەڵهاتن هەست ئەکەم لەژورسەرمەوە دانیشتوەو چیرۆکم بۆ دەگێڕێتەوە ،هەمورۆژێك وێنەیەکی دروست ئەکەم .......

چەندە خۆشبەخت بووم کەلەگەڵ کەسێکی وەك ئەودا ژیانم دەکرد ،هەنێك جار قەلەمەکەی لە گیر فانی دەردەهێنا و لەسەر پشتی پاکەتەکەی دەی نوسی...
ئای ئەو ڕۆژانە چەند زوو تێپەڕئەبن ...

یاسەمین  تۆ سەراپای ژیانی من و حەمەدیانت گۆڕی ...هەردوکمان ئەوەندەی بایەخمان بە تۆ دەدا بیری یەکتریمان نە مابوو ...شەوان کە دەگریای حەمە دیان خۆی ژیری دەکردیتەوە هەتا تۆی نە خەواندایە خەو لە چاوەکانی نە دەکەوت .
بۆ یەکەم جار کەتۆ بەمنت گوت دایە حەمە دیان کە گوێی لێبوو دەی گوت ئێرەییت پێدەبەم تۆی خۆشتر دەوێت لەمن هههههههههه........ئێوارەی دواتر شیرینی بە هەموو گەڕەکدا بە خشییەوە .......

پێگرتنی تۆو وردەوردە گەورە بوونت نازانی ئێمەی چەنێك خۆشحاڵ کردبوو ، ڕۆژ بەڕۆژ گەورە بوونی تۆمان دەژمارد .سێ ساڵی تەواو بوو ئێمە نازمان هەڵدەگرتی سێ ساڵ شەوان تابە بەیانی دەیان جار دامان دەپۆشیت و ماچمان دەکردی...کاتێك پێدەکەنیت ئێمەش لەگەڵت پێدەکەنین .........سێ ساڵ بەم دەستانەی خۆم ڕامدەژەنی لەکۆڵم دەکردی ........تۆ هیچ کات نازانیت ئێمە چۆن بووین .......

بەڵام لەپڕهەمووشت شێوا ، هەموخۆشیەکان ئاوەژوو بوونەوە حەمە دیانیش وەك دەیان و بگرە سەدان ڕۆڵەی ئەم میللەتە ڕەوانەی سنورەکان کرا...ئاخر دەبوایە بکوژێ؟؟ئاخر کێ بکوژێت ؟بۆ بیکوژێت؟لە پێناوی چیا؟؟هیچ کام لەوان نە یان دەزانی شەڕ لەپێناوی چیدا دەکەن ؟؟؟

جەنگێك جگە لە دۆڕاندن جگە لە ماڵ وێران کردن جگە لە ڕشتنی خوێن مانایەکی تری نە بوو ؟؟کێ ئەیزانی چی بەسەر دێت ؟کێ ئەیزانی کێ دەکوژێت ؟؟؟ هیچ کەس بیری لە هیچ شتێك بۆ نە دەکرایەوە چونکە هەمووان بە بۆ نی باروت کاس ببون هەمووان ئیتر بەدەنگی گوللە و تانگ و تۆپ ڕاهاتبوون ........ئەوان حەمەدیانیان وەك ترسنۆکترین سەرباز کوشت، لەبەر ئەوەی نەیدەویست ببێت بە بکوژی کەسێك کەنەیدەناسی، نەیدەزانی دەبێت بۆ بیکوژێت، بیری لەوە دەکردەوە ئەو کەسەی

حەمەدیان دەیکوژێت ڕەنگە گوڵخانمێك وچاوەڕێی بێت، یاسەمینێك بێنازی باوكی گەورەبێت، هەربۆیە چەكی داناو ڕوو بە ئەفسەرەكەی گووتبووی" من نامەوێت دوژمنێك بگوژم كەنای ناسم، ئەو دەیزانی یاسای جەنگە "گەرنەكوژیت دەكوژرێیت" هەرببۆیە ئەفسەرەكە فەرمانی كوشتنی دەردەكات و نازناوی ترسنۆكترین سەربازی جەنگ بە بالآی دەبڕدرێت ، یاسەمین ببورە ئەوددەمەی هەواڵی مەرگی حەمەدیانم پێگەیشت هەرچی بۆنی ئەوو یادگارییەكی ئەوی لێدەهات فڕێمدان شكاندمن ، نازانم بۆ چی وام دەكرد دەمویست ئیتر بیری نەكەم ،دەمویست بۆی نە سوتێم بەلآم هەموو شتێك بێ سود بوو تۆم گەڕاندەوە بۆ لای دایك و باوكت ...پڕبەخۆم هاوارم ئەكرد ئەمووت ئەگەر منالێك لەگەل حەمەدیان بەخێونەكەم ئیتر نامەوێت ...لێم گەرێن باتەنهابم ...گریانی تۆ جەرگی هەموانی داخ دەكرد هاوارو نالەو شین و ڕۆڕۆی من حەوت تەبەقەی ئاسمانی دەبڕی ........

هەتا سالێكیش شەوان هەستم بە بونی حەمەدیان دەكرد كەلەو دیوی پەنجەرەكانەوە تا بەیانی بەدیارمە وە دادەنیشت تانە ترسم ...هەنێك كات كە چاوەكانم دادەخست دەهاتە خەونم ..پێی دەگوتم : خۆت ماندومەكە من لێرە ئازار ئەكێشم كەتۆ وادە بینم...هێندە مەگری بامن لێرە ئاسودەبێت ڕۆحم ...... دەستی دەگرتم و دەی گووت : گوڵخانمەكەی خۆم تەنها خەمی من ئەوەیە كەناتوانم بگەڕێمەوە نیشتمان تا ڕۆحمان لای یەكەوە بێت ......

گوڵخانم تەواو حاڵی پەشێو بوو لەو كاتەدا كە باسی حەمەدیانی دەكرد .هێندە گریا هەتا لە هۆش خۆی چوو ..

# ژیانەوە

ماڵ بە جارێك زەردەخەنەو هیوایەکی بۆ گەڕا بۆوە ، ئەوە ئەو خەونەبوو هاتبوەدی کە هەمووشەوێك گوڵخانم دەیبینی ،گوڵیار بڕیاری دابوو ماوەیەکی درێژ نەگەڕێتەوە غەریبی مناڵەکان هەر زوو لە بارو دۆخەکە ڕاهاتن گەڕان و هات و چونەکانیان ...پیاسەی ئێواران و قریووەی پێکەنینیان دونیایەکی خنجیلانەی بۆ خولقاند بوون .غەزەل و یاسە مین هەر زوو بەیەکتری ڕا هاتن بە جۆرێك کە وەك زۆر بەی دوانەکان هەمان ستایل قژیان ڕێك دەخست و بەهەمان جۆر جل و بەرگیان دەپۆشی ...بەتایبەت کاتێك بڕیاری گەڕانەوەیاندا بوو غەزەل هەرچی بۆ خۆی کڕی بوو بۆ خوشکەکەشی کڕی بوو ........

ئەوان زۆر بە زووی توانیان ببنە هاو ڕازی یەکتری ئەو نهێنییەی ماوەیەك بوو یاسەمین لەهەمووانی حەشاردابوو نەی توانی لە خوشکەکەی بشارێتەوە ئەمەش کاتێك ڕوی داغەزەل لەژوورەکەی یاسەمین دەخەوت چەند شەوێك لەدەنگی یاسەمین بە ئاگا دەهاتەوە کەلە بەر خۆیەوە قسەی دەکرد ...سەرەتا واتێگەیشتبوو ئەم هەڵیت و پەڵیتانە تە نها وڕێنەن ،بەڵام دواتر بەئاشکرا ئەوەی هەست پێکرد کەدەکرێت ئەمە بە تایبەت لەگەل کەسێك بدوێت ،چەندین شەو خۆی لێ بێدەنگ کرد ،بەڵام دواجار هەستی بەوەکرد کە شەوان بەر لە خەوتن دەفتەری تیبینییەکان لە ژوور سەرییەوە دەردەهێنێت و هەرکات بە ئاگادەبێتەوە دەست دەکات بە نوسین ...

شەوێك هەمووان خەوتن سەیری دەفتەری تیبینییەکەی کرد لە چەند ناونیشانێك زیاتر شتێکی تری بەدی نەکرد.،بۆیە کەوتبووە گومانەوە بەلاّم هێشتا نەیدەزانی چی لێبپرسێت وچۆن دەربارەی ورێنەکانی شەوانی قسەی لە گەڵ بکات ..

بەیانیەك لە کاتێکا تازە خۆر هەڵهاتبوو یاسەمین خەریکی نوسینەوەی تێبینییەکانی بوو ......

غە زەلیش هەستاو چووە لایەوەو گوتی :ناتوانم چیتر خۆم ڕاگرم و پرسیات لیّ نەکەم، ئەزانم هەستم بە بونی نهێنییەك کردوە بەلاّم تێناگەم؟؟؟

یاسەمین بزەیەك گرتی و گوتی : چ نهێنییەك؟

غەزەل گوتی:شەوان تۆ قسەلەگەڵ کیّ دەکەیت ؟

یاسەمین بەشڵە ژاوییەوە گوتی : دیارە هیچ کەس .

غەزەل گوتی::تۆ ناتوانی بەو چەند وشەیە من ڕازی بکەیت و وەلاّمم بدەیتەوە من ئاگاداری هەنێك شتم بەلاّم سەری لێدەرناکەم ؟

ئەو ناونیشانانە هی کێن ؟ئەو کەسانە کێن ؟

یاسەمین : واز بێنە هیچم لێمەپرسە .چونکە هیچ وەلاّمێکم نییە بۆت ؟

غەزەل : بۆ نا هەتە ،بە لاّم لەوە دەترسی من پێت بڵێم تۆ شێت بوویت عەقڵت لەدەست داوە ؟ نانا بەس من وات پێناڵێم چونکە گەر هیچ کەس لێت تێنەگات من لێت تێدەگەم ....

ناچار بووم بەشێك لەنهێنی ئەو شەوانەی بۆ بگێڕمەوە کە شەوانە لەگەڵ داخستنی چاومدا لە خەونەکانمدا دەڕۆم بۆلای مەردۆخی شەیدا و تاهەڵهاتنی خۆر پێکەوە گفتوگۆدەین، باسی ئەوەی بۆ بکەم کە هەرشەوەو کەسێکی نوێم پێدەناسێنێت،مرۆڤەکانی ئەویّ بەردەوام لە چاوەڕوانی ئازیزانیاندان، هەمیشە وەك با دێن و دەڕۆن،ئەوان چیرۆکی سەیریان هەیە،پەیامی سەیریان هەیە. هەیانە

بەتاوانێکەوە دەتلێتە کە کردوویەتی هەیانە بەتاوانێکەوە دەتلێتەوە کەلێیکراوە.هەریەکەیان دەیان ئاه و حەسرەتی بەدی نەهاتوویان هەیە،باسی یەکەمین جار کاتێك خەریکی گفت وگۆبووین گوێم لەدەنگی گیتارێك بوو، زۆربەلامەوە نامۆنەبوو، بەڵام بیرم نەدەکەوتەوە کەبۆ یەکەمین جار لەکوێ گوێم لەو پارچە میوزیکە بووە .پاش بێدەنگییەکی کورت لەنێوانماندا مەردۆخی شەیدا گوتی: لەبیرتە بۆیەکەمین جارکەگوێمان لەم ئاوازەگرت کەی بوو؟

-نا....بیرم ناکەوێتەوە ..........

-ڕۆژێك لەڕیستۆرانتی (باخ) بووین هەردووکمان ، ڕۆژی جەژنی لەدایك بوونت بوو.

-لەبیرەمە ملپێچە سورەکەت بەو بۆنەیەوە کردەملم .

-ڕۆژێکی پڕلە بیرە وەری بوو هەرگیز لە یادی ناکەم .

- لەوگفتوگۆیەدابووین ، ژەنیارەکە بە خۆی و گیتارەکەیەوە لەبەردەمماندا وەك نەمام چەقی

گوتی :"من لێرەئاسودەم ،باوەڕبکەن بەڵام تەنها شتێك نیگەرانی کردووم ئەوهۆنراوانەن کەنەم توانی بیانکەم بەگۆرانی ،هەموویان ئاوازم بۆداناون دەمەوێت گشتیان باڵ بگرن و بگەنەوەسنوری حەقیقەت.

# یەکەمین دیداری من و حەمەدیان.

وەك هەرشەوێکی دیکە هەرزوو خۆم خزاندە ژێر جێگەکەمەوەو،چاوەکانم توند نوقاند،تا زووتر بگەمە بەمەردۆخ،چیتر پێویستم بەقاسید نەبوو بەڵکو هەنگاو بە هەنگاو شارەزای ئەو ڕێگەیە بووم،بەناسینی کەسە نامۆکان ڕاهاتبووم،هەرشەوەو چیرۆکێکی نوێم دەبیست،سەرم دەخستە سەرسینەی مەردۆخ کەهەمیشە خوێنی پیادا دەهاتە خوار و گوێم شل دەکرد،مرۆڤەکانی ئەوێ هێندەیان قسە پێبوو بۆ گووتن هەرگیز کۆتایی نەدەهات،لەگەڵ ئەو هەموو خوێنەی بەردەوام لە سینەی مەردۆخ دەهاتە خوارەوە بەردەوام دەیگووت،یاسەمین من هەست بە ئازار ناکەم،بەتەنها تۆی کەلە بیرت نەکردووم، ئەوان دەڵێن ئێمەش لەسەرەتادا ئازیزانمان هاتوون بۆلامان بەڵام هەرزوو لەیادیان کردووین، بەڵام هەرگیز لەو باوەڕادنیم تۆ بە ئاسانی لەبیرم بکەی،ئێمە لەگەرمەی ئەو گفتوو گۆیانەدابووین  لەدوورەوە کەسێکم بەدی کرد ڕوەولای ئێمە دەهات، ڕێبوارێکی شەکەت و ماندوو بوو ،ئەو کەسێك بوو کەپێمخۆش بوو تەواوی شەوەکە لەلای نەڕۆم، پیاوێك بەجلێکی دڕاوی ڕەنگ خاکیی سەربازییەوە،ڕەنگ و ڕووی زۆر لە مەڕدۆخ دەچوو،نزیکەیی هاوتەمەنی ئەو بوو،یان یەك دووساڵێك لەو گەورەتر،لە نێوان من و مەردۆخدا دانیشت و گووتی"بیری دەکەم...زۆر بیری دەکەم)

چاوم لە چاوەکانی بڕی و گووتم" گوڵخانم"

-دەزانم ناوی منت بیستووە،دەزانم ئاشنای عەشقی من و گوڵخانمیت،هەمیشە لەدوورەوە ئاگاداری بووم، تکادەکەم پێی بڵی زۆر دەمێکە چاوەڕوانم، یاسەمینەکەم!!!

تکایە وەك منداڵێت یەك جار بۆم پێبکەنە، وەرە ئامێزم، زۆر تامەزرۆی گەورەییت بووم، شیرینەکەم، خۆشەویستەکەم."

- گوڵخانم تا ئێستاش ناوی تۆی لەسەر لێوە.

-گوڵخانم زۆر دەمێکە بەشوێن ئەو شمشاڵەدا دەگەڕێ کە کاتی خۆی بەدیاری بۆم بردبوو، وادەزانێت وەك هەموو شتەکانی تر لەناوی بردووە، بەلاّم هیچ کات ئەوەی بیرنییە کەلە پارچە پەڕۆیەکی سەوزەوە پێچراوە ،لە باوڵێکی شینی کاڵدایە، لەژێر هەموو باوڵەکانەوە.تکایە پێی بڵێ ئیتر توانای چاوەڕوانی کردنم نەماوە."

کاتێك بە ئاگا هاتمەوە گوڵخانم خەریکی ئامادە کردنی نانی بەیانی بوو،وەك پشیلەیەك چوومە ژوورەکەی گوڵخانم و بەدوای ڕەنگی باوڵەکەدا دەگەڕام، باوڵەکان پڕبوون لەو وێنانەی لەکاتی خۆیدا پێشانگاکەیان پێکردبۆوە،لەسوچێکی تەریکی ژوورەکەدا لە ژێر دەیان شتی ترەوە باوڵەکەم دۆزییەوە،شمشاڵەکەم تیا دەرهێنا، لەتەنیشت ئەو وێنەیەوە دامنا کەوێنەی حەمەدیان بوو،گوڵخانم دروستی کردبوو،لەکاتی دەمەو خۆر ئاوابووندا شمشاڵ لێدەدات،گوڵخانم، دەبوایە بمانبردایەو بۆ وەرگرتنی دوایین جەلسەی کیمیاییەکە، لەدوای نانخواردن گوڵخانم سەرێکی لە ژووری وێنە کێشانەکەدا، کە شمشاڵەکەی بینی، لە خۆشیدا خەریك بوو باڵ بگرێ،بانگی کردین کاتێك چووم شمشاڵەکەی بەدەستەوە گرتبوو، نەیدەتوانی هیچ بڵێ، دەستەکانیم ماچ کرد وو گووتم "قوربانی ئەو دەستانەتبم دایکە ئازیزەکەم "

بەو وشەیەی من کەوتم "دایکە ئازیزەکەم" ئەوەنەی تر زمانی لاڵ بوو گوڵخانم لەدوای کەمێك لێڕامان گووتی" کچەکەم یاسەمین ...بایەك جاری تر گوێم لەو بانگ کردنەت بێت"

گوڵخانم لە ئامێز گرتوو گووتم" ئەزانم تەمەنێکە چاوەڕوانی ئەو وشەیەیت ،منیش دەمەوێت هەست بە بوونی دایکێك بکەم، کە بتوانم بەئازادی لە ئامێزی ئەودا بگریم و دڵخۆشبم و هەست بە ئارامی بکەم لە هەر کاتێکدا"

گوڵخانم دەستی گرتم وبردمی بۆ سەر مێزی نانخواردنەکە، بەدەستە چرچە لاوازەکانی یەك لەسەر یەك پارووی بۆدەکردم و منیش بە ئیشتیاوە دەمگلاند.

ئەو بەیانییە.لەبینینی یەکتری تێرنەدەبووین.ئەو گووتی" کچەم.تەنها ئەمڕۆ ڕێگەم بدە دەرمان وەرناگرم، دڵنیابە بەیانی پێکەوە دەچین. ئەمڕۆ ئەبێت زۆرشت بکەم."

"دەستە چرچ بووەکانیم ماچ کرد، ئەڵقەکەی حەمەدیانی لەپەنجەدا شل بووبوو. لەدەستی کەوتە خوارەوە. ئەڵقەکەم بۆ هەڵ گرتەوە. ویستم بیکەمەوە پەنجەی. لەدەستی مندا توندی کرد و گووتی" ئەمە بالای تۆبێت"

کاتێك لەزانکۆ گەڕامەوە ماڵەوە دەمەو خۆر ئاوابوون بوو، خەڵکی لەماڵی ئێمە ئاپۆڕەیان بەستبوو،وەك شێت بەناویاندا چوومە ژوورەوە، لەوێوە دەنگی گریانی گوڵیارم بیست،گووتی"وەرە بۆلای گوڵخانمەکەت ، وەرەو ماڵئاوایی لێبکە"

گوڵخانم وێنەیەکی من و مەردۆخی شەیدا و حەمەدیان و خۆی دروست کردبوو،لەجێگەی تەرمی گوڵخانم لەوێنەکە ڕاما بووم، دەستی گوڵخانم وەك تارمایی لەدەستی حەمەدیاندا بینی،زۆر بەدڵخۆشی دەڕۆیشت، وەك ئەوەی بەناو تابلۆکەدا بڕۆن، سەیرم کرد لێیان ورد بوومەوە تالەچاو ون بوون،گوڵخانم لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا ئاورێکی لەمن دەدایەوە.ئەوەی بەلای هەمووانەوە سەیر بووئەوەبوو کەمن لە جیاتی ئەوەی بۆ مەرگی گوڵخانم بگریم ، دەستەکانم بەئاڕاستەی ناو وێنەکە بەرز کردەوەو بەزەردەخەنەوە ماڵئاواییم لێدەکرد، بەڵام ئەوەی سەیر بوو ئەوە بوو. جار بەجار گوڵخانم گەنج تر دربۆوە لەبەر چاوم لە وێنەکەدا .

# کۆتایی گەشت

٢٠١٧-١١-١١

ئێستا چل ڕۆژ تێپەڕیووە بەسەر مردنی گوڵیاردا،بەتیشکی ڕۆژەکە چاو دەکەمەوەو ڕۆبێرتیش لەبەر دەمی پەنجەرەکەدا وەستاوە،باران نەرم نەرم دەبارێت، زەوی بۆنی ئەو بارانە خۆشەی لێ بەرز دەبێتەوە، لەجێگە خەوەکەم هەڵدەستم و بەرەو دەست شۆرەکە دەڕۆم،دووڕۆژ پێش ئێستا سەرمەند ،هەموو وێنەکانی پۆست کرد بۆ دەرەوەی وڵات، بەنیازە لەوێ پێشاگایەکیان پێبکاتەوە ،ئێستاش دەنگی تەقەتەقی دێت، کە دەرگای مەتبەخەکە ئەکەمەوە دەبینم نانی بەیانی ئامادەکردووەو مێزی ڕازاندۆتەوە،ڕۆبێرت لەشتێك بێتاقەتەنازانم چییە، بانگی دەکەم و هەموومان پێکەوە نانێك دەخۆین و هەریەکەو سەرقاڵە بە کۆکردنەوەی کەل و پەلەکانی خۆیەوە.منیش ژوور بەژووری ماڵەکە دەگەڕێم،لەتاکی کەنتۆرەکەمدا جانتایەکی بچوك دەردەهێنم کە(شمشاڵەکەی حەمەدیانی تیایە هەرلەناو پەڕۆ سەوزەکەدا، پرچە بڕدراوەکەی گوڵخانم لەناو ڕەفتەکەدا و، کۆتا وێنەی کە گوڵخانم دروستی کردووە،ملپێچەسورەکەی مەردۆخی و دووگۆزەکەی مەردۆخی لەسەر تاقی ژوورەکە دادەگرم کە وێنەی دایك و باوکی لەسەرە) دەیانخەمە ناو جانتای سەفەرەکەمەوە، یەك بەیەك دەرگاکان کلیل دەدەم، ئەوان لەسەیارەکەدان، پەنجەرەی ژوورەکەی گوڵخانم دادەخەم و دووبارە پەردەکە دائەدەمەوەو،لەتارمەکەوە هەست بەگوڵخانم ئەکەم کە پەنجە باریك و بێهێزەکانیم بۆ بەرز دەکاتەوە. وەك ئەو سەردەمەی دوامالئاواییم لەتەرمەکەی کرد وردە وردە

هەست بە گەنج بوونەوەی دەکەم .بەجۆرێك وەك ئەوەی گوڵخانم من بم، یان من خودی گوڵخانم بم.دەنگی دووهۆڕینی شۆفێرەکە من بە ئاگا دەهێنێتەوە . لەدەنگی تەقەی پێلاۆوەکانم دەنگی یەك شتی تر نابیستریّ، دووبارە کۆتا دەرگا کلیل دەدەم و کلیلەکان لەهەمان ئەو جێگەیەدا حەشار دەدەم کەتەنها من و گوڵخانم دەمانزانی، ئەویش کونێکی بچکۆلانەبوو،لە سوچێکی تەریکی حەوشەکەدا، ئەوە دووەم جاربوو ئەو ماڵە پڕلە بیرەوەرییە بەجێبهێڵم .

من و ڕۆبێرت و سەرمەند لە سەیارەیەکداین ،بەناو شاردا دەگەڕاێین ، سەرمەند یەك بەیەك شارەزای کوچەو کۆلاّنەکانی شارە، سەرەتا بەرەوکارگەی گۆزەگەرییەکەی عەزیزی جوانکارو مەردۆخی شەیدا،دەڕۆین  مام عەزیز زۆر پیربووە، بەرکۆشێکی سپی بەستبوو بەلاّم ڕەنگەکەی بوو بە قاوەیی لە قوڕدا، چاویلکەیەکی ئەستوری لەچاودایەبە بینینی ئێمە ئەویش برینی تاقە برازاکەی کولایەوە، بەلاّم بەناچارییەوە ئەوبەجیّ دەهێڵین  و بەرەو فڕۆکەخانە بەڕیّ دەکەوین ، هەرچەندە دڵخۆش بوو بەبینینەوەی من و سەرمەند.

# لێرەوە ئێوە دەست پێبکەن ...

هەندێك جارپێویستمان بە ڕاوێژ کردنە لەگەڵ کچی ناو ئاوێنەکە ،تا لەگەڵ ئەو بوونەی ئێمە بدوێ کەپێویستی بەوەیە ڕازەکانی بۆ کەسێك دەربڕێ و کەسێك بێت هەم لەو بەهێز تربێت هەم لەو بڕیاردەرتربێت،کەسێك بێت کە هاوسەنگی دڵ و عەقڵمان ڕابگرێت،کاتێك دەستم دایە نوسینی ئەم ڕۆمانە ،تەنها گوڵخانم یاسەمینم دەناسی، دوراودورێکیش حەمەدیان، بەلاّم لەڕێگەی ئەوانەوە ئاشنای سەرمەندی ئەفسون و وێنەکانی بووم، ئاشنای گوڵیارو غەزەلبووم، سەرەنجام ڕۆبێرتیش وەك عاشیقەیەکی ڕۆژئاوایی دڵی بەکچێکی نیشتمانەکەی من سپارد، ئەو دەیزانی کچەکانی ولاّتی من میهرەبانیەکەیان لە فریشتە دەچێت، ئاخر ئەمە هەر قسە نییە بەڵکو یاسەمین بەوکۆڵە ئازارەوە لەکۆڵی نابوو،نازی ڕۆبێرتیشی هەڵدەگرت ،کەلەدوای ڕووداوەکەوە کە زەبرێکی گەورە بەر سەری کەوتبوو،باری دەروونی جێگیر نەبوو،عاشقی یاسەمین بوو،بەلاّم هەندێك جار وەك منداڵ بیانووی دەگرت و وەك شێت یاخی دەبوو،بەلاّم یاسەمینەکەی من هەگیز زویر نەدەبوو،هەمیشە بەخۆی دەگووت "ڕۆژێك وەك کچی ناو جیرۆکەکە بەردێکی سێبووری دەکڕم و دووبارە ئەم چیرۆکەی بۆ دەگێڕمەووە".

دەمەوێت هەرخوێنەرێك لەدوای خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە،شەوێك لەسەر جێگەخەوەکەی پاڵ بکەوێت و دەست بخاتە ژێر سەریەوەوە چاو لە بنمیچی ژوورەکەی ببڕێت، و لەسەرەتای بوونی خۆیەوە دەست پێبکات تابزانێت دەکەوێتە کوێی ئەم

ژیانەوە. لەکوێوە چیرۆکی ئەو دەست پێدەکات،دواتر بەرگی یاسەمین لەبەر بکات وبەجێپێی هەنگاوەکانی ئەودا بڕوات و بزانێت ئایا دەکرێ ژیان بەویستی خۆمان بنوسینەوە؟ دواتر ئەو چیرۆکەی بڕیارە لەجێگەی یاسەمین بیگێڕێتەوە بۆ بەردی سێ بووری ،بینووسێتەوە ...............

"هەمووومان پێویستیمان بە بەردێکی سێبوورییە، تا چیرۆکی خۆمانی بۆ بگێڕینەوە، بەردێك تەنیا گوێگربێت"

چاوەڕوانی نوسینەوەی چیرۆکی یاسەمینم لە قەڵەمی ئێوەوە.... سارای پایز

**بەهیوام لەکاتی خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەدا ئارام و دڵشاد بن**

**وە توانیبێتم خاڵێك بخەمە سەر ئەدەبیاتی گەلەکەم و شیاوی خوێندنەوەی ئێوەی بەڕێز بێت.**

**لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیم بۆ هەمووتان**

**سارای پایز**

**"لەودیو هەمووديڕێکی منەوە**

**خۆت بدۆزەرەوە**

**ئەی یار ..."**

**سارای پایز**